
# کوردبوون و چەند باسێکی دی




نووسینی : شێرکۆ هەژار

٢٠٢٣

# ناوەرۆک


" کوردبوون "ی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، پتر لە کتێبێک ........ ١٤-٥

لە میحرابی دنیای کتێبی" کوردبوون"ی کاپیتان حەمەدی مەولوودی ٢٣-١٥

بۆچی رەحیمی قازی ویستوویە " کوردبوون"ی کاپیتان حەمەدی

مەولوودی لەناوبەرێت ؟ ......................... ٣٢-٢٤

نێوانی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان و هەژار .......................... ٣٥-٣٣

خێوی گوڵ و فرمێسک ــ هەژار .......................... ٣٩-٣٦

فرمێسکی هەتیو ــ لە " پروین اعتصامی"یەوە .......................... ٤١-٤٠

لە مەعەررییەوە .......................... ٤٢

عومەر چاوشین رەوانت شاد ... هەر ئەگەر کورد نەبوویتایە ٤٣

" یەکسانی، ئازادی و قانوون"ی ماریانای شەهیدی گراناذا ........ ٤٥-٤٤

رەوانت شاد لومومبا .......................... ٤٧-٤٦

سووتاندنی کتێبی پیرۆز و ناپیرۆز .......................... ٤٩-٤٨

کوورباخ .......................... ٥١-٥٠

٢٥ی٢ لەدایکبوونی رۆمانتیکی فەرەنسی بە شەق ؟ ........ ٥٤-٥٢

لە جادووی " تاییس "ی " ئاناتۆل فرانس"ی جادووگەر ........ ٥٦-٥٥

بەراوردێکی وەرگێران .......................... ٥٨-٥٧

گۆترەکاری لە هیچ باسێکدا، بە باسی ئیسلامیشەوە، باش نیە ........ ٦٨-٥٩

پێویستە ئەو هەڵەیەی مامۆستا هەژار راستبکرێتەوە ........ ٧٠-٦٩

شیعری جاهیلی لە روانگەی تاها حوسێنەوە ......................... ٧٥-٧١


قەت شتێک هەبووە پێیبگوترێت حوکمی ئیسلام ؟ ....... ٨١-٧٦

کورد لە نێوان رەوشتی عەلی و زیاد و مێرکل ....... ٨٧-٨٢

کانکو مووسای مسوڵمان دەوڵەمەندترین مرۆڤ لە مێژوودا ؟ ....... ٨٨

سایینتۆلۆجی یانی چی ؟ .......................... ٨٩-٩٠
ناسیۆنالیزمی من .......................... ٩١-١٠٣
ناسیۆنالیزمی کورد حەقیقەتێکی ماددییە، نەک عەقیدە ....... ١٠٤-١٠٦
کاتێک زمانیش بە بێ دەوڵەت وجوودی نابێت! ....... ١٠٧-١٠٨
لە یەک دەوڵەتی نەتەوەیەکدا پتر لە سالْنامەیەکیش کێشە نیە! ....... ١٠٩-١١١
چەند شتی کە لە هیندی زۆر سەرنجیان راکێشاوم ....... ١١٢-١١٣
لێنۆڕینی ئێتیمۆلۆجیی چەند وشەیەکی هیندی .......................... ١١٤-١١٦
دیڤالی، جێژنی ڕووناکی .......................... ١١٧-١١٩
هۆلی، جێژنی ڕەنگەکان .......................... ١٢٠

## " کوردبوون "ی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، پتر لە کتێبێک -٥-




١

دۆنکیخۆتێ (دۆنکیشۆت) و" سانچا پانثا " رێگەیان دەکەوێتە هوتێلێک، رەسمی تێدا دەبینن : " هێلین "ی هۆمیروس و " دیدۆ "ی ڤرجیل و، بەوە دەکەونە سەر باسی رەسم .

سانچۆ دەڵێت : من گرەو لەسەر ئەوە دەکەم کە رۆژێکیش دێت، خانێک، هوتێلێک، سەرتاشـ-خانەیەک شتێک نامێنێتەوە کە رەسمی ئێمەی تێدا نەبێت . ثێرڤانتێس سەرەتاکانی سەدەیحەڤدە ئەوەی نووسی و قسەکەی چەندە راست دەرچوو .

منیش لام وایە " کوردبوون "ی کاپیتان حەمەدی مەولودی سەدە بە سەدە پتر دەناسرێت، پتر رێزی لێدەگیرێت، وەردەگێردرێتە سەر زمانانی پتر و ئیلهامی بەرهەمی پتر دەدات بە کەسا-نی پتر .

" مام فەرەج"ی تـوونخانەی سابڵاغ، زۆر لە " زیطة "ی " زقاق المدق"ی " نجیب محفوظ " زینـدووتـرە . دیارە هێندێک جیاوازی هەن، مام فەرەج دەست و لاقی منداڵانی بۆ سـواڵکردن نـەبڕیوەتەوە، هەر منداڵە لە پـارەی گیرفانبـڕین و دزیی رۆژانەی خـۆی چـوار قـڕان بۆ هەر

شەوە بدات بەو، ئیتر هەقی نابێت بەسەریانەوە، با خۆیان بە قانوونی وەحشیگەریی تەبیعەت نەزمی نێوانیان دابڕێژن . بەڵام لە لایەکی ترەوە شەقی حەمەدی مەولوودی لە گونی ڕەحیمە-لاڵ و زمانکرانەوەی بەو شەقە، یا زۆرانێی حەمەدی مەولوودی لەگەڵ" مامی خۆی "دا - بە قانوونی تەبیعەت، کە مرۆڤ گیاندارێکی وەحشییە - بۆ مانەوەی خۆی لە وەحشیخانەکەدا( کە نموونەی بچووککراوەی ژیانی مرۆڤەکانی سەر هەسارەی زەوییە)، ئەوە زۆر زیندووتری لێ دەکات .

" ئۆلیڤەر تویست "ی " چارلز دیکنز "یش هەر شتێکی لەو بابەتەیە، کە ئەو هەمووە فیلم و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی و تەنانەت ئۆپێراشی لێ دروستکراوە، بە سەدان ڕەسم و تابلۆ، کە "حەمەدی مەولوودی" لەوێدا ناوی"ئۆلیڤەر تویست"ـە و مام فەرەج ناوی" فێیگن Fagin"ـە. دە من لام وایە، ئەوەی"کوردبوون" لە هەرتکیان، ئەوەی" زقاق المدق" و" ئۆلیڤەر تویست"-یش بەهێزترە و، نەشدەکرا مەگەر هەر وا بوایە، چونکە ئەمە لە گێڕانەوەی یەکێک لەو منداڵانە خۆیانەوەیە، نەک لە ڕێگەی" بیستن"ـەوە کە بە" نجیب محفوظ " و"چارلز دیکنز"ی گەیاندووە .

هەر ئەوە خۆی کتێبێکە .



لە فیلمی" زقاق المدق "، ڕاست : زيطة ( توفيق الدقن)، چەپ : محسن حسنين بە دەوری یەکێک لە قوربانییەکانی



ئۆلیڤەر تویست ( بارنی کلارک) و فێیگن (بێن کینگزلی) لە یەکێک لە فیلمە زۆرەکانی " ئۆلیڤەر تویست "دا

.

هێشتا کورد فیلم و شانۆی توونخانەکەی سابڵاغ و وێنەی " مام فەرەج "ی خۆی نیە، هێشتا


کاری لەسەر سامانی خۆی نەکردووە، هەر ئەوەی " نجیب محفوظ " و " چارلز دیکنز " و خەڵکی دی دەخوێنێتەوە و دەبینێت .

## ٢

ئەوجا، ئەو هەمووە هەوڵەی کە حەمەدی مەولوودی داوییە تاکو لە دنیای تاوانی منداڵان دوور بکەوێتەوە، بەڵام کۆمەڵگە لێی قەبووڵ نەکردووە . هەر وا کەسێک ٤٥ تمەنی لێ دزراوە، بە بێ ئەوە حەمەدی مەولوودی هیچ ئاگایەکی لێهەبێت، بە زۆری زۆردارەکی بەسەر ئەویدا دەسەپێنن و سزای دەدەن .

ئاخر منداڵێک کە شاگردییچایخانەیەکی پێ پادشایی بێت و نەیەوێت بە پارەی زۆرتری دزی-کردنی بگۆڕێتەوە، بیەوێت پاک بژیت، کۆمەڵگە لە جیاتی ئافەرین لێکردنی، بە شەق و زللە لەو ڕێبازەی دەردەکات و بە زۆر دەیباتەوە سەر ڕێگەیەکی خراپ کە مانەوە لە ژیاندا ئالتەر-ناتیڤی جگە لەوەی بۆ نەهێشتووەتەوە . من ئەو وێنانەی " کوردبوون "م لێرەدا پێ لەوانەی " بێچارەکان"ی " ڤیکتۆر هوگۆ" بەهێزترن، زۆر بەهێزترن .

هەر ئەوە خۆی کتێبێکە .




نموونەیەک لە سەرقاڵیی پتر لە سەدە ونیوێکی دنیا بە " بێچارەکان "ی " ڤیکتۆر هوگۆ"وە : کتێب و فیلم و شانۆ و مووسیقا و ڕەسم و ...



کۆزێت ( کێشانی بە قەڵەمی ئێمیل بایارÉmile Bayard )

# ٣

ئـەوجا، ئـەو هـەمـووە وەحشـیگەری و کـۆیلەیـیـەی میللەتێکی تـەپیو و تێکشکاو، بە چـەندین چیرۆک لێرەدا دەبینین، کە هەر کامیان لە هەر چیرۆکێکی هیندستانی" کیپلینگ" زیندووتـر و بەهێزتـرە . تـەنانەت بـاشترین روونـکـردنەوەی کتێبی" سـەعـاتی بیستـوپێنجەم "ی " ڤـرجیل گۆرگیو" لێرەدا دەبینین کە مـرۆڤ نـاتوانێت هیچ لە گـورگ و سـەگی هـار فێـر ببێت : یـەک مـرۆڤ بخوات تا زگی تێر ببێت وئیدی بخەوێت و کێشەی ببڕێتەوە، نەخێر، دەبێت گەڵوگونی ببڕێت و بیخاتە دەمییەوە چونکە مەسـیحییە، ئەوجا سەربازی مەسیحی بێن و لە تـۆڵەی ئەوەدا هـەرچی کـوردێکی بێتـە پێشـیان بیکوژن ... شـەق شـەقێن بە کەللـەسـەری مـرۆڤ، مـرۆڤ بـەستنەوە بە زگی وڵاخ ... ئـەو هـەمووە وەحشیگەرییەی ئـەو حەیوانە دڕنـدەیەی کە بە خۆی دەڵێت " مرۆڤ " ... هەمووی یەک لە یەک وەحشیتر . یەک سەدەی تەواو لەو کتێبەدا دەبینین کە میلی سەعاتی مرۆڤایەتی تێدا لەسەر سەعات ٢٥ وەستاوە .

هەر ئەوە خۆی پتر لە کتێبێکە .



رەسمێکی کەللـەی سەری" پیاوی کە ویستی ببێت بە پادشا"ی کافرستانی‌هیندستان لە کیپلینگ(ی‌ئینگلیس، لەدایکبووی هیندسـتان)، وەک ئەو کەللـەسـەرەی کە جەماوەری کوردی سابڵاغ بەر شەقیان دا و حەمەدی مەولوودی‌یش تێدا لە جەماوەری‌میللەتەکەی دوانەکەوت.



ئەفسەرێکی ناوەندی‌سەدەی‌بیستەمی ئەڵمان، کەپۆ و چەنە و ناوچەوان و کەللـەی‌سەری مرۆڤێکی‌تر (ئانتۆنی کوین) دەپێوێت تا بزانێت ئایا لە نـەژادی بـەرزی ئارییە یا جووە و دەبێت لەناوی‌ببات .

ــ لە فیلمی" سەعاتی بیستوپێنجەم " .

٤

ئـەوجا، حـەمەدی مـەولوودی لە بـەشێکی ژیـانیدا، دوای منداڵیی، کە گـەورە بـووە، وێنەیەکی " رۆبن هوود "ی ئـەفسانەیی بووە . رۆبن هوودی ئـەفسانەیی لە چـەندین سـەدەوە بە چـەندین شێوە لە ئـەدەبیاتی ئینگلیسدا هەیە، ئەو هەمووە فیلم و چیرۆکانە لە بارەیەوە، کە چ چـەتەیەکی نـەجیب بووە، چۆن دەوڵەمەندە چـەوسێنەر و گەندەڵەکانی تـاڵان کردوون و تـاڵانەکەی بەسەر هەژاراندا بەشیوەتەوە . حەمەدی مەولوودی لە چەندین شوێنیکتێبەکەی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتە-وە . جگە لەوە کە بە قانوونی دەوڵەت- کە دەوڵەتیش دەستگای دزی و تاڵانکردن و چەوساند-نەوەی مرۆڤ بووە - کاری تاوانی کردووە، لە رووی ئـەخلاقییەوە قـەت هیچ سیفەتێکی دز و جـەردەی ئـاسایی لای ئەو " رۆبن هوود "ە کـوردە و هـەڤاڵەکانی نـابینین . تاقە یـەک جاریش کێشـەیان لەسەر بەشکردنی سـامان نـەبووە و، دڵیان لای یەکتر و لای هەژارانی تر بووە . لە جـەوهـەردا، کـارەکەیان زۆر شـۆڕشـگێڕانە بـووە، سـامانیان لە رژیمی دەوڵـەتی تـاڵاندا، لـە تاڵانکەران سەندووەتەوە و داویانەتەوە بە تاڵانکراوان .


هەر ئەوە خۆی پتر لە کتێبێکە .

حەمەدی مەولوودی!

هـەزار خـۆزگەم بە ئێوە، هـەزار خۆزگە منیش یەکێک دەبووم لە لەشکرەکەت بۆ ئەو کارەی کە من لە جـەوهەردا بە خـەباتێکی سۆسیالستیی پیرۆزی دەبینم . من و کەسانێکی تری وەک من لەگەڵت بووینایە و، تۆ بووبایت بە " ثاپاتا Zapata "یەکی خۆمان لەو چیایانە .



ثاپاتا (مارلۆن براندۆ)




رەسمێک لە ئەفسانەی رۆبن هوود

٥

ئـەوجا، پێوەندیی نێوان نـەتەوایەتی و چێنایەتی . من هیچ کتێبێکی تـری دنیام نـەدیتووە وەکو ئـەم کتێبی" کوردبوون"ـە تابلۆی کۆمەڵایەتیی ئەو پێوەندییە ئەوەندە روون و جوان بکێشێت : ئـەو دێهاتییە هەژارانەی کە هێشتا هیچیان لە حکومەتی نـەتـەوەی خۆیان پێ نەبڕاوە، چۆن بە فرمێسکەوە ئـاڵای کـوردستان ماچ دەکەن، لە کاتێکدا کە چینی دەسـەڵاتداری ئـەو حکـومەتە دارکاریی حـەمەدی مـەولوودی دەکات چونکە دڵی کاربەدەستێکی بێگانەی چەوسێنەری ئێشا- نـدووە، ئەوجا هەمان ئەو دەسەڵاتە پێیدەڵێت دەنگی بۆ بوونە ئەندامی مەجلیسی تاران بۆ کۆ- بکاتەوە!

میللەتێکی دواکەوتوو، دەسەڵاتی سەرڕووتان قـەبووڵ نـاکات بەڵام پێشەوا قازی محەمەدی بە دەسـەڵات قـەبـووڵە، ئیتر کە ئـالتەرناتیڤێک بۆ ئـەو میللەتە دواکـەوتووە نـەبێت، بە شێوەیەکی ئـۆتـۆماتیکی دەبینین پێشەوا دەبێتە میری کورد و رژیمیش بریتییە لە بنەماڵەکەی، ئەوانەی لە دەرەوەی ئەوە پێوەندییەکیان بە رژیمەوە هەیە دیکۆرن، نە پتر .

هەژار و زەبیحی نـەیانتوانیوە پێش بە پەڕینەوەی چەکی لەشکری ئێران بگرن، چونکە بڕیار بە دەست سەدری قازی بووە ( بڕوانە لاپەڕە ٨١ی چێشتی مجێور) .

پێشەوا نـەتـەوەکەی خـۆی نـاسیوە، دیتوویە ئەوە هی ئـاستی نـەتـەوەسازی و دەوڵەت نـیـە و، عـەشیرەتەکانی خـۆی دەیانەوێت شـارستانەکەی تـاڵان بکەن، هەلومەرجێک لە دەرەوەوە ئەو وەزعـەی راگرتووە کە دەکرا لە هەر لەحزەیەکدا قڵب بووبایەتەوە و، ئـەو خەڵکە بەدبەختە بە دەستی عـەشیرەتانی خـۆیان تـاڵان بـکرانایە . رژیم ئـاسۆی نـاڕوونە، پـردەکان نـاڕووخێنێت، دامەزراوەی سیاسی و فکریی چینیناوەند وجوودی نیە، پرۆلیتاری وەک حەمەدی مەولوودی مەستی دنیای ئیدیئالیستی خۆیانن کە زۆر لە واقیعی رژیم دوورە، تێنـاگەن وەزیر و سەرەک- وەزیران و برای پێشەوا ( کە هەر تـەنیا پـەرلەمانتاری تـارانە و وەزیفەیەکی تـری نیە، بـەڵام دەسەڵاتدارە چونکە برای میرە)، تێناگەن ئەوانە بۆچی ئەفسەر و چەک بۆ داگیرکەری کورد- ستان دەپەڕێننەوە .

ئـەوەی من بـەم شـێوەیـە لە هیچ خـوێنـدەوارێک و تـۆژەرێـکی کـوردی ٧٧ سـاڵی رابـردووم

نەخوێندووەتەوە، وا تەنیا لە ئەم کتێبەی حەمەدی مەولوودیدا دەبینم کە دەڵێت :
" قازیش دوو شووتی بە دەستێک هەڵدەگرت، لە لایەک دەیهەویست کوردوستان ئازاد ببێت و لە لایەکیش لە دوارۆژ دەترسا، نەیدەویست دڵی حکومەتی ئێران بڕەنجێنێ " (ل ١٥٩) .

٦

لێنین، لەسەر رێبازی مارکس، ئەوەندە لە دنیای" رۆما "ی کۆن و پرۆلیتارەکانیدا دەژیا و، پەیکەری بۆ قارەمانانی شەڕی چینایەتیی ئەو سەردەمە دروستدەکرد ( تیبێریوس گراککوس و براکەی، سپارتاکۆس...)، منیش لێرەدا کە "کوردبوون" دەخوێنمەوە، بە تەواوی دەچمە ئەو دنیایەوە و، بیر لەوە دەکەمەوە چ پەیکەرێک لە کوێی پایتەختی کوردستان بۆ " حەمەدی مەولوودی " دابنرێت .
کەسێک جارێک " ئۆلیڤەر تویست "ێکی نووسی، چەند فیلم و چەند سەد رەسم و چەند شانۆ و ئۆپێرای لێ پەیدابوو، توونخانەکەی مام فەرەج و یەک بە یەکی ئەو کەسانەی کە ئەم کتێبەی یەکێکیان بە ئێمەیان گەیاندوون، تێمای چەند رەسم و تابلۆ و شانۆ و فیلم و ئۆپێران کە چاوەڕ-ێی مێژوو دەکەن، زەوی رۆژێک بەرەو بینای شکۆی نەتەوەیەکی نوێش بگەڕێت... کە ئێستا هەر ناوی هەیە و دنیا نابینێت چیی تێدا حەشار دراوە .
هەر ئێستا ئەگەر "بەدیع باباجان"ی هونەرمەند زیندوو بوایە، من بۆ ئەوە قسەم لەگەڵ دەکرد و تکام لێ دەکرد بەتایبەتی یەک رەسمی لەبیر نەچێت کە : مستەفا خۆشناو لە خواردنی کۆترە ئەمریکاییەکە دەبێتەوە و قامکەکانی دەلێسێتەوە و، حەمەدی مەولوودی بە ئێسکی یەکێک لەو کۆترانە چۆڵەمەشکێنە دەکات و، تکام لێ دەکرد کە ناوی رەسمەکە بۆ من لێ بگەڕێت، من ناوم دەنا : " خودا شایەدە کۆترەکان بیلئەخەرە ئاوا خوران "* .

---

*... ئەویش(حوسێنی زێڕینگەران) وەکو دەوڵەمەندەکانی لێهاتووە کە سوێند دەخوات دەڵێ " خودا شایەدە "! ، چونکە ئەو ئەعیانانە ئاوا سوێندێ دەخۆن، ئەوەی نەشیناسن خودایە . دەنا، شتێکی تریش دەڵێن : " بیلئەخەرە "! پەککوو کە لێیان ناحەزە . ( ل ١٦٠)

٧


نووسەری ئینگلیسی لەدایكبووی شانگهای" جێمز بالارد"، ساڵی ٢٠٠٩ لە تەمەنێ ٧٩ ساڵیدا كۆچیدوایی كرد . ئەگەر ئێستا بمابایە، حەتمەن پێوەندیم پێوە دەكرد و باسی" كوردبوون "م بۆ دەكرد و چاوەڕێم دەكرد بمدیتایە ئیلهامی نووسینی چ رۆمانێكی دەدایێ . بالارد، كتێبی " ئیمپراتۆریی هەتاو"ی، بیست ساڵێک دوای ژیانی مێردمنداڵیی خۆی لە شانگهای نووسیوە، كە كراوە بە فیلمیش و زۆر سەركەوتوو بووە .

بالارد ژیانێكی دەوڵەمەندانە و خۆش و پڕ لە خۆشەویستیی دایكو باوكی لە شانگهایهەبووە و، شەڕی بەسەردا هاتووە و ژاپۆنی شارەكە و گەڕەک و ماڵی بالاردیشیان داگیركردوون . بالارد و كەسوكاری بەوجۆرە دوا دوو ساڵی شەڕ ژیاون تا دوای ئەوە گەڕاونەتەوە وڵاتی خۆیان . بالارد، وەكو حەمەدی مەولوودی بە تەواوی ئەو شتانە نەژیاوە كە لە رۆمان و فیلمەكەیدا هەن، بەڵام دیتوویە كە ئەوانە روویانداوە : كەسێک پێڵاوێكی باشی لەپێدا بوو بێت، بۆ لێ سەندنی پێڵاوەكەی كوژراوە، سەعاتێكی لە دەستدا بووبێت دەستیان بۆ ئەو سەعاتە بڕیوە ... ئەو لە رۆمانەكەدا شتانێكی لەوانە بەسەر خۆی هێناوە، كە تەنانەت ویستوویانە بیفرۆشن و كەس نەیكڕیوە و لەدواییدا خۆی لە كتێبەكەدا خستووەتە كامپێكی زیندانیشەوە .

بالارد دەڵێت : نووسینی باسی ژیانی چینم هەر دەخستە لاوە، تا لە پڕێكدا، دوای بیست ساڵ دیتم ئەگەر ئێستا نەینووسم ئیدی بۆم نانووسرێت . ئەوەی دەینووسم دەبێت هێشتا بە گەرمی لە حەواسمدا مابێت و، لەوە پتر چاوەڕێبكەم وا نامێنێت. دە تەبیعی نووسینەكەی بالارد ناتوانێت ئەو هێزەی گێڕانەوەی حەمەدی مەولوودی هەبێت . هەرچەندە نووسینەكەی " كوردبوون " پتر لە بیست ساڵ دوای رووداوەكان بووە، بەڵام چونكە ئەزموونی راستەوخۆ بووە و، رووحییەتی نووسەری دوای ئەو هەمووە ساڵانە هەمان گەرمیی سەردەمی رووداوەكانی هەبووە، من كە باسی خواردنی كۆترەكانی تێدا دەخوێنمەوە، وا دەزانم ئێستا ئەو كۆترانە لە پێش چاوی خۆم دەخورێن . حەمەدی مەولوودی هەر بە گێڕانەوەیەک ئەو بەرهەمەی دەبێت كە بالارد توانایەكی زۆری خەیاڵی رۆمانی پێویستە تا بۆی پێكبێت .

بالارد،" كریسچن بێڵ" لە فیلمەكەدا دەوری منداڵیی دەبینێت، سەری لە رووداوان سووڕ ماوە،

ئەو خەڵکە بۆچی وا دەکەن ؟ ئەوە چی بوو وا دنیای سـەرەوبن کرد ؟ وەک بڵێیت لە تـەواوی ڕۆمانەکەدا دەمی کـردووەتەوە و حـەپەساوە و دەڵێت : چ باسە ؟ کەس تێدا باش نیە و کەسیش خراپ نیە، شێتخانەیەکە کەس بە کەس نیە، ئەوەی ئەمڕۆ پێڵاوەکەی لێ سەندووە و ویستوویە بیفرۆشـێت، سبەی باشترین هەڤاڵییەتی و دەبێت بە فڕۆکەوانی خۆکوژی ژاپۆنییەکان . بـالارد خۆی عاشقی فڕۆکە و فڕۆکەوانانی ژاپۆنییە : ئەوانە لە هەموو شتێکدا بلیمەتن .






جیم (کریسچن بێڵ)

من ونبوونێکی سەیری مرۆڤ لە" ئیمپراتۆریی‌هەتاو"دا دەبینم . چیرۆکی حەمەدی‌مەولوودی جیاوازە، نموونەی مـرۆڤێکی هـەسـارەیەکی تـرە، کە هـاتووەتە سـەر زەوی، هـەم ئـازادێکی موتڵـەقـە کە وەحشیگەریی فـەرهەنگی مرۆڤ ( کە مرۆڤی سەر زەوی گیاندارێکی وەحشییە) کاری تێنـاکـات و، مێشـکی ئـازادی خـۆی بە پـاکییەکەی خـۆی دەپـارێزێت، هـەم ئـازاییەکی موتڵەقی هەیە کە بە بێ سێ‌ودوولێکردن ڕووبەڕووی وەحشیگەری دەبێتەوە . هەمیشە لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور دەبێت، بە کارێکی ئـاسایی دەبینێت کە ئیدی ژیان لـەسەر ئـەم هـەسارە توڕەهاتە وەهایە و ئەویش بە ڕەوشتی خۆی دەمێنێتەوە و تەسلیمی نابێت .

بەهێزتریی " کوردبوون " لەوەدایە، کە هەر لە سەرەتاوە لە پرۆسەی " ئـازادی و ئـازایی "دا بووە : ئـازادیی عەقڵ و هەست و دیتنی دنیا بە بێ خـورافات، ئەوجا ئازایی ڕووبەڕووبوونە-وەی چەوسانەوە و، قەبووڵنەکردنی هەر شتێک کە عەقڵی ئازادی خۆی قەبووڵی نەبێت .
حـەمەدی مـەولوودی، تـاقە یـەک لەحزەش لە ژیانیدا - بڵێین - وەک " هەژار "ی هاوشاریی، خۆی بە باسی سیلسیلە و میلسیلەی شێخانەوە خەریک نـەکردووە . قـەت وەک هەژار خوارد-

نەوەی بیرەی پێ حەرام نەبووە، مەگەر بیرە و عارەق ناخۆشن ؟ ئێ دین و مینی سەر ئەم هەسارەیە دەڵێت چی و ناڵیت چی، بە ئەو چی ؟ هیچ، هەر بە گونی . هەژار دوای ئەوەش کە گۆشتی لە مەتبەخی مەرقەدی غەوسی گەیلانی خواردووە، ئەوجا پرسیاری کردووە :

راستە دەڵێن گۆشت لە بەر سێبەری مەرقەدی غەوسی گەیلانی ئاگر کاری لێ ناکا ؟ ئەی دەڵێن ئیمام عەلی کە مردووە، لەو شوێنەی لێی مردووە نەنێژراوە و دوایی کەسێک هاتووە و بە سواری وشترێکی سپیی چاوڕەش بردوویە و ... لەو قسانە .

ئێ ئەگەر هەژار هەر ئەوسا لە سابڵاغ ئەو قسە قۆڕانەی بۆ حەمەدی مەولوودی بکردایە، حەمەدی مەولوودی بە لای کەم تێر گاڵتەی پێدەکرد و ... لەوە پتر ناڵێم( لەوانەبوو پێیبگوتا-یە : ئەدی وشترەکە قوونی شین نەبووە ؟) . ئاخر بەڕاستی سەیرە یەک لەحزە لە ژیانی ئەو منداڵەی سابڵاغدا نەبووبێت کە شێخ و مێخی پێ قسەی قۆڕ نەبووبن! رۆژێک لە ژیانیدا خورافاتێکی قەبووڵ نەبووبێت، قەت هیچ چەوسانەوەیەکی چینایەتی و ئاینیی کەسی بە هیچ بەڵگەیەک قەبووڵ نەبووبێت ... ئاخر مەگەر ئەو منداڵە لەو کۆمەڵگەیە نەبووە ؟

نا، نەبووە . نەوەڵڵا نەبووە .

ئەو کۆمەڵگەیە کۆیلەی خورافات و وەحشیگەری بووە و، حەمەدی مەولوودی کۆیلە نەبووە، ئازاد بووە و ئازایانەش ملی بۆ هیچ لەو وەحشیگەرییانە نەداوە . بالارد لە دەستی چوو، فریای ئەوە نەکەوت من لە " کوردبوون "ی کاپیتان حەمەدی مەولوودیی ئاگادار بکەم .

١

دێڕە شیعرێکی عارەبی لە دەریای شیعری تەڕی سەردەمی عەباسییەکان، لە " هەزار و یەک شەو"دا هەیە، کە دڵدار بە خانمی دڵبەری دەڵێت : چڵی دار بە جوانترین شێوەکەی کە بیبینین ئەوەیە داپۆشرابێت، تۆش بە جوانترین شێوەی کە بتبینین ئەوەیە رووتبووبیتەوە!

( الغصن أحسن ما نلقاه مكتسيا          و أنت أحسن ما نلقاك عريانا ) .

بەڵام ئەفلاتوون لە " ریپوبلیکا "یدا رووتبوونەوەیەکی ژنانێکی لێ بووە بە کێشە، دەڵێت : با ژنیش وەکو پیاوان مەشقی سەربازی بکەن، کە بۆ ئەوەش دەبێت وەکو پیاوان رووتببنەوە و هێندێک ژن لەشولاری رووتی خۆیان پێ جوان نیە، ئەوە کێشە دەنێتەوە!

راستییەکەش ئەوەیە کە پۆشاکی مرۆڤ، هەر بۆ پاراستنی لە سەرما و گەرما و باران و ئەو شتانە نیە، زۆر جار ئەوانە هەر مەوزووع نین، هەوایەکی خۆش و تەبیعەتێکی جوان چ پێویستی بە پۆشاکە ؟ ئەوجا ئەو خەڵکەی جەنگەڵ کە - بە قسەی رووسۆ - گەندەڵیی شارستا-نییەتیان پێنەگەیشتووە و هەر رووت دەسووڕێنەوە، زۆر لەوانیش گەڵی خۆیان دادەپۆشن . ئەوجا ئەوە بە ئەسڵ بۆ راکێشانی سەرنج بووبێت یا سامی هەر وەهمێک( کە " وەهم" وادیارە یەکێکە لەو شتانەی مرۆڤ لە حەیوانەکانی دی جیا دەکاتەوە، مرۆڤ وەهمی هەن)، وەهم ئەوەی بە بیردا هێنابێت، یا هەرچی، ئەوە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە کە" مرۆڤ حەقیقەتێکی خۆی دەشارێتەوە ". " شاردنەوەی حەقیقەت" بە رادەیەک لە فەرهەنگی مرۆڤدا هەیە کە من بە زێدەڕۆییەکی زۆری نابینم بڵێم : " مرۆڤ گیاندارێکی حەقیقەتپۆشە "، فەرهەنگی مرۆڤ زۆر حەقیقەت دەشارێتەوە . فەرهەنگی ئەفغانستان - بە نموونە - زۆرتری لێ دەشارێتەوە، خەڵکی تر کەمتر . فەرهەنگ بە بێ شاردنەوەی حەقیقەتێک لە حەقیقەتەکان ئیتر فەرهەنگ نیە، ژیان بە حەقیقەتی پەتی - لە هێندێک رووەوە - واتە گەڕانەوە بۆ سەردەمی سەرەتایی جەنگەڵ . مرۆڤ بە وەهم و درۆ و داپۆشین و شاردنەوە دەژیت ... بۆچی ؟ چونکە مرۆڤە . لێرەدا دوو وشەی " نیسبییەت" و" کۆنتێکست"( قەرینە، سیاق) گرنگن . چ مرۆڤێک لە کوێ

به چ قۆناغێک گەیشتووه که چۆن تێدا چەنده راستی و چەنده درۆ چۆن دابرێژرێت .
ئەوجا مەگەر ئەوه واته"هەموو مرۆڤەکان"، بەو مرۆڤانەشەوه که ئێمه به پیرۆزترین کەسانی دنیای خۆمانیان دەبینین، ئەوانیش وەهم و درۆ و داپۆشین و شاردنەوەیان هەن ؟
ئەو پرسیاره رێک و سەد له سەد وەکو ئەوەیه که دوای ئەوه کەسێک دەڵێت مرۆڤ به ئەسڵ جۆره مەیموونێک بووه، منیش لێیبپرسم : کەواته کاک هەباسی خزمیشمان بەو سەروسیما جوانەیەوه به ئەسڵ جۆره مەیموونێک بووه ؟ بەڵێ، حەتمەن بەڵێ، ئەگەر مرۆڤ به ئەسڵ جۆره مەیموونێک بووبێت و کاک هەباسی ئێمەش مرۆڤ بێت، نەتیجەکه روونه : چ کاک هەباس و چ کچی کافرۆش و چ عیدی ئەمین، مەگەر هەموویان به ئەسڵ هەر وا بووبن .
ئەو هەمووه رابەرانه، مرۆڤه پیرۆزانەی هەر مەیدانێک له مەیدانەکانی ژیانی مرۆڤ له بەرەبەیانی مێژووەوه و تا ئێستا، هەموویان : شاردنەوه و وەهم و درۆ و ئەو شتانەیان هەبوون ؟ وەڵامی ئەو پرسیاره به پرسیار دەبێت : ئایا ئەوانه مرۆڤ بوون ؟ بەڵێ مرۆڤ بوون؛ مرۆڤ ئەو شتانەی هەن ؟ بەڵێ هەین . ئێ کەواته نەتیجەکه روونه .

٢

بۆ نووسین، رەنگه هیچ بەرپرسیارییەک ئەوەندەی نووسینی" ژیننامه" گران نەبێت . به بیری من،"کتێبی ژیننامه" کتێبی کتێبەکانه، زانستی زانستەکانی رووحی مرۆڤه، دەرسی دەرسەکانه، هەیبەتی دەریایەکی هەیه که مەلەکردن تێدا دەبێت زۆر له کاری فەرهادی بێستوون سەختتر بێت . من زۆر جار بیرم لەوه کردووەتەوه که ئاخر چۆن قەت کەس دەوێرێت بیر له نووسینی ژیننامەی بکاتەوه ؟ بەراستی کێ دەوێرێت به دڵی خۆی و به ویژدانی راحەتەوه به لای مەملەکەتی ژیاندا بچێت و بیخاته سەر کاغەز ؟ ( به بێ ئەوەش که شێت بووبێت) .
خۆشبەختانه، زۆر نووسەر خۆیان له وشەی" ژیننامه "دەبوێرن . دیاره کەس چیرۆکیهەموو ژیانی خۆی پێ نانووسرێتەوه، هەر دەبێت هەڵبژێرێت . ئەوجا چۆن و چی هەڵبژێرێت ؟
مرۆڤ که دەنووسێت، مەگەر هەر مرۆڤانه بنووسێت، راستەوخۆ داپۆشێت یا ناراستەوخۆ بشارێتەوه و بەلایدا نەچێت؛ ئەگەر چمکێکیشی لێ هەڵدایەوه، وەهای هەڵبداتەوه که خوێنەری

نەوێرێت پرسیاری پتر بکات . مرۆڤ دەتـوانێت - وەکو هەژار- لە مار نـەترسێت و مارێک وەک پشیلە لە ماڵ رابگرێت، بە تفەنگەبڕنۆکەی بە گژ تانکیدوژمندا بچێت، بەڵام گێڕانەوەی حەقیقەتی ژیانی خۆی شتێکی ترە . شکاندنی هەر وەهمێک لە وەهمەکانی خۆی لە کتێبی هەر کەسیتـریشدا بخوێنێتەوە، دەکرێت وەهای ببینێت کە قوڕی بەسـەر بووە، شـەرافەتی شکاوە، نامووسی سەرەوبن بە سەر تەپڵیسەریدا قلْپکراوەتەوە، بۆچی ؟ چونکە کتێبەکە حەقیقەتێکی باسکردووە کە ئەو بە تـەورێکی بـڕینەوەی شتێکی گـرنگی ژیانی خۆی هەستپێدەکات .

دوور لە هەیبەتی ناوی" ژیننامە "،- خۆشبەختانە - بە ناوی وەک" یادداشت "(وەک تـۆماری سەردێڕی رووداوانێکی سیاسیی کە رەفیق حیلمی تێدا ژیاوە)، یا هەر نـاوێکی تـری کە خۆی لە وشەی " ژیننامە " ببوێرێت، توانای پترین نیزیکبوونەوەی لە حـەقیقەت لە بەردەم دەبێت .

بەڵام ئەوەی کە بە ناوی " ژیننامە " بێت، یا هەر ناوێک کە هەمان مەبەستی هـەبێت (چێشتی مجێور بە نموونە)، ئـەوا هـەلی نیزیکبوونەوەی لەوە کە ببێت بە سـەرچاوەیەک بۆ حـەقیقەت ئێجگار زۆر زەحمەت دەبێت، ئەگەر هیچی لێ بۆ پێکبێت .

دیسان دەگـەڕێمەوە سەر دوو وشـەی " نیسبییەت " و " کـۆنتێکست " ( قەرینە، سیاق ) و، لە " چێشتی مجێور"ی هـەژار دەنـۆڕم . بە من، ئـەو کتێبە فـڕی بەسەر هەژارەوە نیە، بە هیچ - هیچ جۆرێک باسی هـەژار لای هـەژار، هـەژار خۆی لە خۆیدا نـاکات . هـەژار، لەو کتێبەدا، نـەک هەر لە دەریـای " ژیننامە "دا مـەلـەی نـەکردووە، بگرە لە کـەناری دەریـاشیدا پیاسـەی نەکردووە، نەوەکا شەپۆلێکیدەریا بەسەر کەناردا بێت و پێی تەڕ بکات . زۆری هەڵبژاردووە بـەڵێ، رووداوانێکی گرنگیشی گێڕاونەتەوە بـەڵێ، ئـەوەی نووسیوە کە ویستوویە بینووسـێت بـەڵێ، ئەوەی نووسیوە کە خوێنەر ویستوویە بیخوێنێتەوە بەڵێ . بـەڵام هەژار خۆی" بە هیچ - هیچ جـۆرێک راستـەوخۆ و هـۆشیارانە دە ئـەو کتێبەیدا نیە ". هـەژار خـۆی هـەر لای خـۆی پاراستووە، ئەوە خۆیەتی و کاری بە کتێب و متێب نەداوە .

## ٣

چیرۆکی وەک ئەوەی" بـەرگی نوێی پادشا "ی ئـاندرسن (١٨٣٧)، یا راکردنی حـەیوانەکان

که پێیان‌وایه زەوی" قلێشایەوە"، که چووەته فەرهەنگی سلێمانییەوە ( خەڵک بۆ گیانی خۆی رادەکات و نازانێت چ باسە)، زۆر پڕ مەغزان، بەڵام هەر ئەگەر مامۆستا بتوانێت روونی- بکاتەوە، ئەگەر نەیکات - که رەنگه قەت نەیکات - هەر وەکو مەڕۆکه و بزنۆکه بۆ بێتاقەتی خۆشه، دەنا هیچ کەڵکی نیه . مامۆستا، یا خۆی تێی‌ناگات یا ناوێرێت روونی بکاتەوە، چونکه بەشی هەره زۆری فەرهەنگی مرۆڤایەتی، ئەگەر هەمووی نەبێت، هەر بریتییه له قلێشانەوە و له پێهەڵگوتنی بەرگی نوێی پادشا (ی رووتی که هیچی ده بەردا نیه) .

قەت هیچ دینێک و عەقیدەیەک و فەرهەنگێکی سیاسی له مێژووی مرۆڤدا نەبووه که مرۆڤ بەوە قوڕی بەسەر خۆی نەکردبێت،تەنیا ئەوەیه که دەبێت بۆ هەر پێشکەوتنێک له"نیسبییەت" و " کۆنتێکست"ی خۆ دەربڕینی رەوشتی مرۆڤ له چوارچێوه جیاوازەکانیدا بگەڕێین ...

ببینین چەند و چۆن بەرگێکی نوێی دەبەر قوڕبەسەرییەکەیدا کردووه . چونکه مرۆڤ که هەمووی یەک ملیۆن ساڵه هەیه، رەنگه یەک ملیۆن ساڵی تریشی پێویست بێت تا دەبێت به تەیرێکی‌حیسابی و له قوڕبەسەری دەردەچێت .

ئەوجا بۆ ئەوە که له تیۆریدا نقوم نەبم و زۆر له چەقی رێگەی باسەکەم دوور نەکەومەوە : مرۆڤ که لەدایک‌دەبێت، دایک و باوک و کۆمەڵگه به ساتۆرێک دەکەونه سەری، تا به نەشتەرگەری به ئەو شکڵەی که دەیانەوێت له تەبیعەت و حەقیقەتی دوور بخەنەوە و وەکو خۆیانی دابڕێژن . یا بڵێین له ئوتووی بدەن، گنجێکی تێدا نەمێنێت که له ئوتووی تەواوی کەسوکار و کۆمەڵگەکەی شێواندبێت : حەڵاڵ و حەرام و ئەخلاق و بێ ئەخلاقی و ناموس و تەنانەت جوان و ناشیرینیش( له مۆریتانیا کچ دەبێت ئێجگار زۆر قەڵەو بکەن تاکو مێردی دەست‌بکەوێت، چونکه پیاو لەوێ وا له ئوتوو دراوه که ئەوەی لا جوان و خۆش بێت؛ کچ ئەگەر ناوقەد باریک و شووش بێت کەس نایەوێت، مەگەر سواڵکەرێکی بەدبەخت بڵێت ئەو کچه نان کەم دەخوات و مەسرەفی کەمه بۆ من باشه) .

یەکەم نوختەی هێزی کتێبی " کوردبوون " ئەوەیه که به چاوی منداڵەکەی ئەو چیرۆکەی ئاندرسن ئەوە دەڵێت که دەیبینێت ... که ئەوە هێزێکی ئێجگار زۆری دەوێت .

لێرەدا، دیسان هیوادارم له باسەکەم دەرنەچم، که لەوبەینەدا قسەیەکی خۆشم وەبیردێتەوە، به

منداڵی زۆری پێ پێکەنیوم و ئێستاش وەبیرم دێتەوە پێی پێدەکەنم :
مامۆستا حەسەن قزڵجی، دەموڕاوێژێکی ئێجگار زۆر خۆشی هەبوو و - بە پێچەوانەی دەست و لاق ڕاوەشاندن و قەرەباڵغیی هەژار- زۆریش ئارام بوو . ئەگەر بە سەعات قسەی بکردایە، مرۆڤ لێی ماندوو نەدەبوو . یەکێک لەو شتانەی کە پتر لە جارێک گێڕاویەتەوە باسی دەمەتەقێی فەلسەفیی دوو کەس بوو، کە یەکێکیان پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە مرۆڤەکان جیاواز نین، هەموو وەکو یەکن؛ ئەوەکەی دی گوتوویە نەخێر وا نیە و مرۆڤەکان جیاوازن . هەر کام بەڵگەی بۆ قسەی خۆی هێناوەتەوە (هەموو بەڵگەکانی دەگوت بەڵام من لە بیرم نەماون)، زۆری لەسەر دەڕۆن تا هەرتک ماندوو دەبن . لە کۆتاییدا یەکێکیان دەڵێت :
ــ جەناب، بە ئەو بەڵگانەی من دەبێت بیسەلمێنیت کە من و تۆ فەرقمان نیە .
ــ نەخێر نەوەڵڵا فەرقمان هەیە .
ــ فەرقمان چیە ؟
ــ فەرقمان ئەوەیە کە تۆ قوونت دیارە و ئەمن قوونم دیار نیە!
تۆمەز کابرا شاڕواڵەکەی هێندێک هاتووەتە خوارەوە و لایەکی قوونی بەدەرکەوتووە!
ئەوە منداڵەکەی ئاندرسن و کاپیتان حەمەدی مەولوودیشم دیسان وەبیر دەخاتەوە، من لام وایە ئەوانیش لەو حاڵەتەدا هەمان شتیان دەگوت ... ئاخر چۆن فەرقمان نیە ؟

٤

لە بزووتنەوەی فەرهەنگی" ژیانی بە ڕەوە"ی مرۆڤدا، وا دەبێت کەسێک لە ریز دەردەچێت و دەبێتە کەسێکی جیاواز . حەمەدی مەولوودی، بە ئەو نووسینەی، پیشانیداوە کە ئەو کەسێکی وەهایە، وەکو منداڵەکەی ئاندرسن دەبینێت و دەڵێت . ئەوجا، چی حەمەدی مەولوودیی وا هەڵخستووەتەوە کە ئەوەی دەیبینێت بیڵێت و، کاتێک فەرهەنگی دوور لە حەقیقەت پێیبڵێت مەکە، زۆر بە حەرفی گونی خۆی بۆ ئەو" مەکە "یە دەربخات؟!
من کە بۆ وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە، مەگەر هەر پەنا ببەمە بەر زانست، کە زانستیش زۆر بەداخەوە هێشتا وەڵامی ئێجگار زۆر پرسیاری وەدەستنەهێناون، ئەوەندەی بیرم بۆ بچێت

دوو نوختەن :

مامۆستا مەسعوود محەمەد پێیوایە جەوهەری مرۆڤ بە هەلومەرجی ژیان ناگۆڕێت، بڵێین ئەویش وەکو ئەفلاتوون بیری بۆ ئەو قسە رەمزییەی شاعیران دەچێت کە مرۆڤەکان لە مەعدەنی جیاواز دابنێت . زانستی جینەکان، کە شۆڕشێکی زۆر گەورەیە لە دنیای مرۆڤدا، لە زۆر تاقیکردنەوەدا " ئید Id "ی فرۆیدی سەلماندووە : ئێمە بە کۆمەڵێک " جین"ـەوە لەدایک- دەبین کە رەوشتمان دیار دەکەن . لەو رووەوە، ئێمە - بە زاراوەکەی ئەفلاتوون و مامۆستا مەسعوود محەمەد – بە " مەعدەن "ی خۆمان لەدایکدەبین . بەڵام ئەوە کە مەعدەنەکەمان ناکرێت بگۆڕێت باسێکی ترە : چەندین دانەوێڵە و میوە و گوڵ و شتیتر هەن کە ئەمڕۆ جینە- کانیان دەستکاری دەکرێن، واتە رەوشتی مەعدەنەکانیان دەگۆڕدرێن . وێدەچێت هێندێك لە مەعدەنەکان (" ئید"ی فرۆید)، یا - وردتر بڵێین - هێندێک لە جینەکان، وەکو چۆنێتیی بوونی پێشەوا قازی محەمەد بە ژێکاف، لە سەر دیوارێکی باریک بڕۆن و لە دواییدا پاڵێک بە لایەکیاندا ساغ بکاتەوە . پێشەوا قازی محەمەد، وەکو ئەندامانی ژێکاف، نەتەوەیی بووە، عاشقی نەتەوە و نیشتمانی خۆی بووە و نەیویستووە هیچ درێغییەک لە خزمەتی ئەو ئەڤینەیدا بکات و، وەک دەرکەوت، بە گیانی خۆی ئەوەی بۆ نەتەوە و نیشتمانی خۆی سەلماند، بەڵام - وەک هەژاریش نووسیویە - سەرەتا ئامادە نەبووە بچێتە ریزی ئەو سەرڕووتانەی ژێکاف . ئەوە کە ژێکاف لە مهاباد دامەزراوە، ئەو شوێنەی کە ئەوسا هەر بە ناو شار بووە، ئەینا لە زۆر رووەوە دێیەکی گەورە بووە و، پێشەوا لە دەستەی دامەزرێنەری ژێکافدا نەبووە، هەر بە لای ئەوەماندا دەهێنێت کە بڕوا بە ئەو قسەیەی " چێشتی مجێور" بکەین ( کە زۆر قسەی ناڕاستیشی تێدان). هێندێک رەوشت هەن، هیچ هەلومەرجێکی دەوروبەر نایانگۆڕێت : مەیلی غەریزەی جنسی بەنموونە، بە دەیان ناوداری وەک چایکۆڤسکی و پرووست و ئاندرێ ژید و ڤێرلین و رامبۆ و ئۆسکار وایلد و ... یەک دنیا هۆمۆ، کە مامۆستا هێمن لە روانگەی فەرهە- نگی خانەقای شێخی بورهانەوە بە " نەخۆشی نەفسی"یان ناو دەبات و" حاجی قادری کۆیی"- یش بە رەوانناسێک دادەنێت کە وەکو هێمن لێیتێگەیشتبێت . بەڵام کێ چ ناوێکی بۆ دەبینێتەوە یا نابینێتەوە، ئەوە ئیتر حەقیقەتی زگماکی ئەوانە بووە، غەریزەیەک بووە و نەگۆڕاوە .

حەمەدی مەولوودی، بە جینی ئـازایەتی لەدایکبووە، ئـەینا هەر زۆر لە منداڵییەوە تـەفروتوونا دەبـوو، یا عـەقڵی تێکـدەچوو و دەشـێوا . ئـەو بـەرگـەگرتنەی ئـەو هـەمووە دڕنـدەییەی کە لە دڕندەی دووپێیەوە دیتووە، بە من، دەبێت پێوەندیی بە " ئید"ەوە، بە جینەکانییەوە هەبووبێت . ئـەوجا " پاڵ"ـەکە دێت کە ساغی بکاتەوە، پاڵ بەڵام پاڵ ... بە هێزی حەوت بەلدۆزەر وەهای قاڵ دەکەن کە چەکی " میلان "یش نەتوانێت بیڕووخێنێت .

٥

لە ئـوتـوودانی کەسێک مـەگـەر هەر بەوە بێت کە بە تـەواوی لە سیستمدا جێیبـکرێتـەوە، لـە باوەشی کۆمەڵگەدا بێت، تاکو ئـەویش بە پێوانەی ئـەخلاقیی فـەرهەنگی دەوروبـەری ببێت بە پـارچەیەک لە هەموو کـرەکە . بـەڵام ئـەی ئەگەر هەر کە لەدایکبوو دەستبە جێ کۆمەڵگەی مـرۆڤ فڕێیبدات و سـەگێک بەزەیی پێدا بێتەوە و لەگەڵ توتکەکانی خـۆیدا محەببەتی بداتێت چی ؟ حەمەدی مەولوودی وای بەسەرهـاتووە، " مرۆڤ " فـرێیداوە، پێیگوتووە : مـن تـۆم نـاوێت، ئـەوجا تـۆ باشیت یا خراپیت، زیرەکیت یان نـا، هـەرچی هـەیت کەیفی خـۆتە، تـۆ لـە کـۆمەڵگەی ئێمەی مـرۆڤدا جێگەت نیە . بە شـێوەیەکی تـر : ئێمە مـرۆڤیـن و تـۆ مـرۆڤ نیت ( ئـەینا چۆن بۆ سەگت فـڕێدەدەین) . منداڵ هێشتا پارچە هەویرێکی گەرمە کە بەشێک نیە لە فەرهەنگی مرۆڤەکان(کە مرۆڤەکان شتی دڕندەن و وەکو سەگ و توتکەکان بەمحەببەت نین)؛ ئـەوجا سـەعات بە سـەعاتی هـەموو ٢٤ سـەعاتێکی هـەموو رۆژەکـانی سـاڵ بە دووی سـاڵی منداڵیی خـۆیدا کـۆمەڵگە پـاڵیپێوە دەنێت و پێیدەڵێت : ئـا بەولاوە، لێمان نیزیک نـەبیتەوە، تۆ بـەشێک لە ئێمە نیت، ئـەو بێـگوناهە ئـەگەر بیەوێت بژیت، بە گـوێرەی غـەریزەی مانەوە لە ژیاندا، هەر لە دەرەوەی چـوارچێوەی رەسمیی کـۆمەڵگە گـەورە دەبێت و، بـڕوایەکی بە لافی درۆ و نیفاقی مرۆڤە دڵڕەقەکان نامێنێت و نابێت بە بەشیک لە سیستم و تەرزی بیرکردنەوەی ئەو فەرهەنگە، مەودایەک لە نێوان ئەو و کۆمەڵگەی رەسمیی مرۆڤدا هەیە .

مـرۆڤ تـەنیا هـەر لە دەرەوەوە دەتـوانێت شـکڵی خـانوو ببینێت، ئـەینا خـۆ لە ناو ژوورەکەی خـۆیدا شکڵی تەواوی هەیکەلی هەندەسەی خانووەکە نابینێت . ئێ دە ئەوەتا کۆمەڵگە حەمەدی

مەولوودی فڕێیداوەتە دەرەوەی خانووەکەی خۆی و پێیدەڵێت لەوێوە باش سەیری خانووە-کەمان بکە بزانە تەواوی هەندەسەی عەقڵی بریتییە لە چ کارەساتێک .
کۆمەڵگەی دواکەوتووی مرۆڤەکان وەها پاڵێکی بە حەمەدی مەولوودییەوە ناوە، کە چیتر وەکو خەڵقی قەبووڵکراو بڕوای بەوە نەمێنێت کە نەزمی ئاسایی ئەخلاق ئەوەیە کە ئەو مرۆڤانە بەرانبەر بە ئەوی بێگوناهی دەکەن .
مرۆڤێکی نەخوێندەوار، ناتوانێت وەک فەیلەسووفێک بە نووسین رووداوەکان لەسەر کاغەز-ێک ریز بکات، شیبکاتەوە و پێوەندییان دابڕێژێت و نەتیجەگیریی بکات و، بەگوێرەی ئەوە بەرنامەی کاری خۆی ( وەک بڵێین پرۆگرام و پێرەوی خۆی) بۆ خەبات و دەرچوون لەو چەوسانەوەیە دابنێت؛ بەڵام ئەگەر نەشکێت و، ئازایەتییەکەی دەستێک وە بنهەنگڵی بهێنێت، ژیان بە غەریزە ( مامۆستا مەسعوود محەمەد گوتەنی : پەلەی ژیان) فێری دەکات بە کردار شتێک بکات کە بەوە لە زۆر فەیلەسووفان سەرکەوتووتر بێت . حەمەدی مەولوودی وای کرد و، سەرکەوت . تا دوا هەناسەی ژیانی کەس نەیتوانی بیشکێنێت و، دەمی لە گوتنی حەقیقەت بێدەنگ بکات . ئەوەی هەموو کۆمەڵگە وێکڕا نەیوێرا بیڵێت، ئەو بە تەنیا لە بەرانبەر ئەو هەمووەدا گوتی . ئەوان نقومیدواکەوتووییماڵێخۆیان بوون و، ئەویان فڕێدابووە دەرەوەی ئەو خانووەی خۆیان و، بەوە لە نقومبوون دە گەندەڵیی ئەواندا رزگاری بوو .

## ٦

ئەگەر کتێبی" کوردبوون " و کتێبی " چێشتی مجێور" لە پەنا یەکتر دابنێین و، ناوی نووسە-رەکانیان لە سەر بەرگ و لە نووسینەکەشدا لێ بسڕینەوە و، خوێندەوارێک بهێنین کە نەزانێت نووسەری هەر کام لەو دوو کتێبە کێیە و، پێیبڵێین هەرتکیان بخوێنەوە و پێمانبڵێ بە بیریتۆ دەبێت کامیان خوێندەوار بووبێت و کامیان بە زەحمەت توانیبێتی نامەیەک بنووسێت، دەبێت وەڵامەکەی دوای خوێندنەوەیان چۆن بێت ؟ ئەوجا ئەگەر پێیبڵێین : بە بیری تۆ، دەکرێت چەند لە سەدی هەر کام لەو دوو کتێبە لێ فڕێبدرێت بە بێ ئەوە کە رۆشنبیرییکورد هیچ زیانێکی لێ ببینێت ؟ دەبێت چی بڵێت ؟

رەنگە بڵێت کە هەژار دەڵێت کتێبەکەی بۆ تاقە کوڕی خۆی" خانی" نووسیوە، لە کاتێکدا کە حەمەدی مەولوودی هەر لە روانگەی نەتەوەییەوە شتانێکی تۆمار کردوون کە بۆ مێژووی کوردایەتی ئێجگار زۆر گرنگن . ئەوەش راستە . ئەگەر وا نەبوایە، دەکرا بە کتێبێکی سەد لاپەڕەیی یا پتر ئەو دوو کتێبەمان بەراورد بکردنایە . بەڵام دیسان پرسیار دەمێننەوە : بۆچی هەژار بیری لای کوڕەکەیەتی و حەمەدی مەولوودی کتێبەکەی بۆ کوردایەتی نووسیوە ؟
" کوردبوون "ی حەمەدی مەولوودی دیاریی باوک بۆ کوڕ نەبووە، بەجێهێنانی بەرپرسیاریی حەمەدی مەولوودی بووە بۆ نەتەوەکەی خۆی، تەواوکردنی دوا هەنگاوی رێبازی خەباتی کوردایەتیی ژیانی بووە . کەسانێک هەن تا سەر هەر بۆ نەتەوەکەی خۆیان دەژین .

## بۆچی ڕەحیمی قازی ویستوویە

## " کوردبوون "ی حەمەدی مەولوودی لەناوبەرێت ؟

١

پێشەکییەک :

بە رێکەوت، لە هەمان کاتدا کە من گوێم لە بەرگی سێیەمی" الأيام "( بیرەوەرییەکانی" طـه حسين" ) دەگرت، باسی نامەیەکی ماجستێر(ی باشوور) لە بارەی" هەژار"ەوە هاتە نێو باسا- نەوە . بە پێچەوانەی ئەو تاها حوسێنە نابینایە کە هەموو شتێکی وەک هەبووە ئێجگار زۆر چاک دیتووە، کوردێکی زۆر کە لە لاپەڕە جیاوازەکانی فەیسبووکدا کەوتنە ناو باسەکەی هەژارەوە، یەک تاقە شتیان لە هیچ کوێیەک نەدیتبوو و، هەمووشیان کەوتبوونەتە شەڕکردن لەسەر ئەو شتەی کە نەیاندیتبوو!

رێک وەک فەیلەسووفە بیزەنتییەکان، کاتێک عوسمانی پەتکیان کردبووە ملیانەوە تا ئیعدامیان بکەن، مل لە پەتدا، شەڕیان لەسەر ئەوە دەکرد کە : فریشتە نێرە یا مێیە!

دەکرێت کەسێک شتێک لە هەژار بزانێت، بەڵام جگە لە" خودا " لای ئەوانەی کە بڕوایان بە خودا هەیە، چۆن قەت کەس هەموو شتێکی کەسێک دەزانێت ؟ ها ؟ پێم نالێن چۆن ؟ ئەو هەمووە شەڕەجنێوە لەسەر چی ؟ لەسەر ئەو شتانەی هەژاری کە هیچ کامیان تڵپاتی تەڕیشی لێ نازانن!

بەڕاستی مرۆڤ گیاندارێکی سەیرە .

مرۆڤ هەرچەند حەقیقەت لە بارەی مرۆڤێکی دیکە، کۆمەڵە مرۆڤانێکی دیکە، چینێکی دیکە، قەومێکی دیکەی سەردەمی خۆی یا رابردوو، یا لە بارەی تەبیعەت و... زۆر شتیدی بزانێت، هەر زۆر شتی دیکەی لێ شاردراوە دەمێننەوە . ئەو خۆی لە ئەو وێنەیەدا کە بە زیهنی خۆی دەیکێشێت ئەو شتە شاردراوانە لە خۆیەوە بە خەیاڵی خۆی دروست دەکات، تاکو وێنەکەی بە مەیلیخۆی و بە گونجاندنی لەگەڵ ئەوەندەی کە لێیدەزانێت بۆ تەواو بکرێت . جۆرەها خورا- فات لەبارەی ژیان و کاری تەبیعەت، جۆرەها تیورەکەی خەیاڵی لە بارەی " ئەو/ ئەوانی تر" بۆ خۆی دەچنێت و خۆی تێدەخزێنێت و، بە تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر خوویان پێدەگرێت و

دەبنە بـەشێک لە پـرۆگرامی کاری مێشک و ئـەعسابی، دەبنە فـەرهەنگ و، بەوە رێگـەیەکی زۆر سەختی دوور بۆ تواناى لێدەرچوونی دەخاتە پێش خۆی .

تەواوکردنی شتێک بە خەیاڵ واتە : نا-حەقیقەتێک خستنە شوێنی حەقیقەتێکی هێشتا نەزانراو، ئەوە چاڵێکە لێدەرچوونی هاسان نیـە . مرۆڤ، بەوە، سەرخانی وەهم و خـورافاتێکی زۆری فەرهەنگیی بۆ پاکانەکردن بۆ ئەو ساختەچێتییەیخۆی لەسەر بینا دەکات : فەرهەنگ و گوتنی حەقیقەت ئیتر رووبەڕووی یەکتر دەوەستنەوە .

پاکانەکردن بۆ رەوشتیغەریزە وەحشییەکان بە ماسکێکی درۆی فەرهەنگ - کە بەشیزۆری بە خەیاڵ تـەواو کراوە - دەکرێت بەوە بگات کە خەڵک تەنانەت بە بەرگی پادشایەکی رووت، کە وجوودی نیە، هـەڵبلێن، نکوڵی لە هـەبوونی ئـەو شتە بکەن کە بە چاوی خۆیان و دەست و هـەموو حەواسیان دەبینن کە هـەیـە و شەڕکردن لەسەر وردەکارییەکانی دنیای غەیب! بە ئـەو هەمووە دکتۆرا و ماستەر و چەقۆ و زیندان و تفەنگ و وەحشیگەرییە...مرۆڤ چ گیاندارێکی سەیرە .

...

بە تیئۆری دەکرێت بڵێین دەبێت رۆژێک لە مێژووی مرۆڤدا هەبووبێت کە مرۆڤ تێدا مرۆڤی تری نـەچەوساندبێتەوە ؟ لە کۆمەڵگەی زۆر بچووکدا، بڵێین لە گۆشەی جەنگەڵێکی ئامازۆندا، یا ئەشکەوتێکی زاگرۆسدا، لە گوندێکی بارزاندا یا... بەڵام "حەتمەن" لەوەتای یەکەم دەوڵەتی سـومـەرییەوە کە کـاهینان دایـانمەزراندووە، وەحشـیگەریی چـەوسـاندنەوەی مـرۆڤ لەلایـەن مـرۆڤەوە نـەبڕاوەتەوە . هەر " کێبڕکێ" و" رەقابەت" و " نازناو" و" خـەڵات"ی مرۆڤەکان بۆچی ؟ خۆ هەرکەس با بە بێ ئەوانە باشترین هەوڵی خۆی بۆ کاری باش بدات و، سەرکەو-تنی خۆی و هەر مرۆڤێکی تر لای ئەو وەک یەک بن . بۆچی ناڵێت با هەموومان - بێ رکابە-ری- وەکو یـەک سەرکەوتوو بین ؟ هـەمووی بۆ لغاوکردنی غـەریزەی وەحشـیگەرییە، بـۆ دڵنیاییدان بە ئەعسابی ئەو گیاندارە کە ئەو دەتوانێت لەسەر ئەم هەسارەیە بمێنێتەوە و ئەوانی تـر بـۆڕ بـدات، چـونکە مـرۆڤ لە شـەڕدایە لەگەڵ مـرۆڤـەکانی تـردا، نـەک لە هـاوکـاری و خۆشەویستی و یـەکترویستنـدا، کەواتە : ببەوە و سـەرکەوە، پێش ئـەوانی تر بکەوە و خـەڵات وەرگـرە، با ئەوان بدۆڕێن ... سیحری هێزی سـەرمایەداری و بـەرژەوەندی تاک لە بەرانبەر

هەموو تاکەکانی تردا .

مرۆڤ لە شەڕی بێوچانی لەگەڵ مرۆڤیتردا، پەنا دەباتە بەر زۆر شت . دەکرێت ئەمریکایی پەنا بباتە بەر چەکی ئاتۆم لە بەرانبەر مرۆڤی ژاپۆنیدا، بەڵام ئەوە سادەترین چەکە . چەکی زۆر ئالۆز بە گوێرەی ئاستی فەرهەنگیی دەوروبەر دەکرێت دروستبکرێن، کە زیهنی مرۆڤی بەرانبەر لە حەقیقەت دوور بخەنەوە و خورافاتێک لە جێگەی ئەوە بخەنە سەرییەوە کە بە قازانجی داهێنەری خورافاتەکە بن .

من لە شوێنێکی تر باسی " د. محمد مندور"ی میسریم کردووە، کە دەڵێت کاتێک چووەتە مۆسکۆ،"سیمۆنۆڤ"ی نووسەری سۆڤیەتیی دیتووە و، پێیگوتووە تۆ بۆچی رەخنە لە رۆمانە-کانی " ئیرینبورگ " دەگریت کە - ئەویش وەکو نجیب محفوظ - وێنەی واقیعی ژیانی تاڵی مرۆڤەکان پیشاندەدات ؟ دەڵێت سیمۆنۆڤ گوتی : واقیع ؟ واقیع چیە ؟ واقیع ئەوەیە کە لە سەرتدایە، سەری خۆت دروستی دەکات!

تۆ سەیری ئەو حوقەبازە قوڵبڕە بکە، ناڵێت" سەری من" دروستی دەکات و بە قازانجی خۆی دەیخاتە سەری تۆوە . چەند سەرانی دەسەڵاتدار لە مێژوودا چەندە خورافاتیان بە قازانجی خۆیان دروستکرد وخستە سەری مرۆڤایەتییەوە : ئەو هەمووە فەرمانڕەوا کاهینانەی سومەر و بابل و ئاشوور و چەندی تر، تا گەیشتنە سەدەی بیستەم تا ئاتاتورک نەژادی تورک بباتەوە سەر ئەوانە و دیسان گڕ- گڕ ئەوە بکات بە بەڵگە بۆ دەسەڵاتی قەومی تورک! ... چونکە گوایە تورک لە نەژادی ئەوانەیە ... چ وەحشیگەرییەکە .

باسی مێژوو، من هەر هەڵوێستێکم لێ هەبێت، کەرەستەیەکی فەرهەنگی مرۆڤە و، هەوڵی خوێندنی مێژوو بە زانست کارێکی باشە، دەکرێت کەڵکی هەبێت، من خۆم بە رادەی یەکەم بە لێنۆڕینی مێژوو زۆر لە وەحشیگەریی مرۆڤ ئاگادار دەبم . بەڵام من" ئێستا "لەگەڵ مرۆڤانی تری " ئێستا " دا دەژیم . کێ لە ئێمەی ئێستا دەتوانێت چ بەرپرسیارییەک بە باشی بۆ ژیانمان بەجێبهێنێت گرنگە، ئیتر کێهەمان لە نەژادی" عباس بن المطلب"ـە و، کێ لە " بنو أمية "یە، کێ لە عیسا و مووسای بەرزنجیی گوایا " قريش" ـە، کێ لە ئەولادی هەر پێغەمبەرێکە، کێ لە ئەولادی شێخی نەهرییە، لە ئەولادی ماڵی قازییە( وەک رەحیمی قازی)، تاڵەبانییە و کێ

بارزانییە، من چ کارم بە ئەو سیفەتە نـەژادییە خۆی هەیە ؟ کەسێک بە تـوانای واقیعیی خـۆی دەتوانێت ئێستا چ دەورێک لە ژیانی کورددا بۆ من ببینێت، ئەوە بۆ من مەوزووعە .

بەڵام نا، ئەوانە ئەو نەژادەیانم لێدەکەن بە بەڵگە و، ئەگەر- وەک کاپیتان حەمەدیمەولوودی- حەقیقەتێک بڵێم کە من بە چاوی خۆم دیتوومە و لەگەڵ بەرژەوەندی رەحیمێکی قـازیناوێکدا نـەگونجێت، هـەوڵدەدات دەفتەری ئەو حـەقیقەتانەی مێـژووی کە لای منن هـەر تـەفروتـوونا بکات و، دەکرێت هەر ژیانیشم بخاتە خەتەرەوە .

## ٢

رەحیمی قازی، جارێک دەسخەتی بیرەوەرییەکانی " کاپیتان حەمەدی مەولوودی"ی بردووە و نـەیداوەتەوە، کـاپیتان حـەمەد دیسـان کەوتووەتەوە سەر نـووسینی ئـەو بیرەوەرییانەی، رەحیم ئەمجارەیان لەگەڵ کەسێکدا چووەتە لای کاپیتان و بە شێوەیەک کاپیتانی ترساندووە کە کاپیتان بڕیاری داوە دەفتەرەکانی ئەو بیرەوەرییانەی بسووتێنێت و کەوتووەتە سووتاندنیان .

بـەڵام حـەمەدی مەولوودی و بترسێت ؟ بـەرادەیەک بترسێت کە " لە دوای روونـاک خانمی کچی" شتێکی لە دنیادا لەو دەفتەرانە لا خۆشەویستتر و گرنگتر نەبووە ؟

کچ دەپرسێت : بۆچی وا دەکەی ؟

ـــ پێیانگوتووم گەر ئەو نووسینانە چاپ بکرێ و وەدەست دەوڵەتی شای بکەوێ منداڵەکانت لە ئێران دەکوژن!

تەبیعی ئەوە قسەیەکی لەوە زۆر قۆڕتر و هیچوپووچترە کە حەمەدی مەولوودی نەخوێندەوار- یشی پێ هەڵبخەڵەتێت . کوشتنی چی و تەڕەماشی چی ؟ ئەو هەمووە جنێوانەی شیعری هەژار و - دواتر- هێمنیش بە شـا و ئەو نـووسـینانەی کەریمی حیسامی و ئـەدەبیاتە زۆر و کـارایەی خـەباتکاران لە دەرەوەی وڵات هـەبوون، کێ خـۆی لە چ خـزمانی کامیان گـەیاند ؟ سـیاسـەتی فـارسەکان وەکو ئەوەی بـەعسیی عارەب نیە : هەر بکوژە و هیچی دی، تـەنانەت هـاوسـەر و ئـەولادی دکتۆر شـەرەفکەندی لە تـاران دەژیان و نـە دەکوژران و نـە هیچ، ( پێویست نـاکات بگەڕێمەوە سەر باسی ماڵی پێشەوا) . چیرۆکیکۆنی پێش ئەوەندە ساڵانی حەمەدی مەولوودی

بۆچی بۆ رژیمی شا لە چاو ئەوانە چیە ؟
نـا، من هـەر یەک شتم بە بیردا دێت : رەحیم تێگەیشتووە تاقە یەک شت بە حەمەدی مەلوودی دەوێرێت : چارەنووسی ڕووناک خانمی کچی . من وای بۆ دەچم کە بەوەی ترساندووە :
" ئـەگەر ئەو دەفتەرانەت نـەسووتێنیت، ڕوونـاک فڕیدەدەمە سـیبیریا "( و ... خراپتریش) .
بـەڵام حەمەدی مەولوودی، بۆ ناڕەحەتنەکردنی کچەکەی، قسەکەی وا گۆڕیوە . من تەفسیر-ێکیدیکەم بۆ ترساندنی حەمەدی مەولوودی، کە لە کەس و هیچ نەترساوە، جگە لەوە بە بیردا نایەت .

٣

لە قسەکانی ڕووناکخانمی کچی کاپیتان حەمەدی مەولوودی، کە لەو پێشەکییەیدا دەخوێنینەوە کە کاک وریـا مامڵـێ بۆ " کـوردبوون "ی نـووسـیوە، شـتێکی زۆر ڕوون دەبینین : تـاوانێک ڕوویداوە . تـاوان : نــەهێشتنی گەیشتنی بیرەوەریی نووسراوی کاپتنێکی کۆماری کوردستان بە چـاپ و بـڵاوبوونەوە . زانستی لێکۆڵینەوەی تـاوان دەڵێت : بۆ دۆزینەوەی تـاوانبار، بـزانـە دەکرێت ئەو تاوانە بـەرژەوەندی کێی تێدا هـەبێت، یا کێ پێیوابووبێت کە بـەرژەوەندی ئەوی تێدا هەیە . لێرەدا، تـاوانبار دەناسین و، هیچ لێکۆڵینەوەی پتری پێویست نیە : رەحیمی قـازی .
بەڵام " بۆ چی ئەو تاوانەی کردووە ؟"، پێی وابووە چ بەرژەوەندێکی ئەوی تێدایە ؟
لێکۆڵینەوەی ئەوە ئێجگار زۆر گرنگە، من لای خۆمەوە زۆر بە ڕوونی دەیبینم ڕەحیمیقازی بۆچی وایکردووە و چ بەرژەوەندێکی خۆی دە ئەو تاوانەیدا دیتووە، سەد لە سەد لە دیتنەکەی خۆم دڵنیام . ئەوجا هەوڵ دەدەم ڕوونی بکەمەوە .
لەدواییدا ئەوەش بڵێم : تۆ بڵێیت هێندێک لەو دەفتەرانەی کە پێمانوایە فـەوتاون، نـەفـەوتابن ؟

٤

بـا بـزانین ڕەحیمی قـازی کێ بووە، چیی ویسـتووە و دەبێت چۆن بـەرژەوەندی خـۆی لە ئـەو تاوانەدا دیتبێت ؟

من لە کتێبێکمدا باسی سەردانێکی سەرۆک مستەفا بارزانی لە ماڵی هەژار لە بەغدام کرد، کە من بەرانبەر سەرۆک بارزانی دانیشتبووم، سەرۆک بارزانی بە ئەمجۆرە باسی رەحیمیقازی ی کرد : " ئەز ل هەر دەرەک دبووم رەحیم قازی ددیت، جەحسووسی ل من دکر " .

لێرەدا بە دەموچاوێکی زۆر تووڕەی سوورهەڵگەڕاوەوە، کەمێک وەستا و ئەوجا گوتی :

" ما رەحیم کی بوو ؟ ل مەحکەمێ دەرکەت قووندە بوو" .

هەژار لە " چێشتی مجێور"دا دەڵێت کە لە مۆسکۆ رەحیمی قازیی دیتووە، رەحیم :

" لە قسانی بۆنی ئەوە دەهات کە لە جێی پێشەوا بکرێتە سەرۆکی کورد " ( ل ٣٤٣) .

هەژار لە لاپەڕەی پێش ئەوەی هەمان کتێبیدا دەڵێت لە کۆبوونەوەیەکدا لە باکۆ :

" یـەکێ گوتی : کوردستان ئازاد دەبێ، رەحیم قازی رەئیسـە و هەژار وەزیری فەرهەنگە " . رەحیمی قـازی خۆی بە رەقیبی بـارزانی دەدیـت بۆ سـەرۆکـایەتیی کـورد و گـرتنەوەی جێـی پێشەوا قازی محەمەد .

ئایا چاوەڕوانیی رەحیمی قازی کە سۆڤیەت بیکردبا بە سەرۆکی کورد و، زۆر کەسی دیکەش کە لەوەدا هاوڕای بوون، واقیعی بوو ؟ بەڵێ، هەر واقیعی و بەس ؟ سیمۆنۆڤ دەیگوت :

واقیع ئەوەیە کە دە سـەرتدایە . خوێندەوارتـرین کوردێک کە من ناسیومە، مامی خۆم رابەری شەهید دکتۆر سادقی شەرەفکەندی بووە . هاوینی١٩٧٦ کە خوێندکاری دکتۆرا بوو لە پـاریس و، لەوێ ببوو بە هـەڤاڵی رابـەری شـەهید دکتور قاسملو، بە سـەردان بۆ دیتنی مـن و بـراکەم هاتە هۆڵەندا . ئەمە دەقی وشەکانی قسەی ئەو بوو :

" ئـەگەر تاقە یەک فیشەک لە کوردستانی ئێران بتەقێ، ئەرتەشی سووری شوورەوی موستە-قیمەن بە نەفعی کورد موداخەلە دەکا " .

ئەوە ئەو واقیعە بوو کە دە سەری هـەموو خـەباتکارێکی خوێندەواری شارستانی کورددا بوو، لە بەرانبەر ویستی شێخ و مشایخی دێهات کە دوعایان بۆ کێ بکردایە تا بییەنە بەهەشت .

فیشـەک لە کوردستانی ئێـران تـەقی و ئـەو واقیعەی کە کەسانی وەکو سـیمۆنۆڤ خستبوویانـە کەللـەمانەوە لە سەر زەوی نـەبوو . تەنانەت ئەوساش ١٩٧٩ کە من لە مهاباد بووم، خزمێکم ( ئێستا لە ئەڵمانیایە ) دەیگوت : ئەمن تێنـاگەم حیزبی کـوردی و داوای کـورد یانی چی ؟ ئێ

مەگەر کێشەی دنیا هەر ئەوە نیە کە پرۆلیتاریا لە سەر حوکم نیە ؟ ئیدی کە پرۆلیتاریا بێتە سەر حوکم ئینسان دەبێ بە ئینسانێکی دی و کێشە لە دنیادا نامینێ، بۆچی هەموو پرۆلیتاریا بە یەک دەنگ و یەک ڕێکخراو بۆ هاتنە سەر حوکم خەبات ناکات ؟ ئەو کورد و موردە چیە ؟ ڕەحیمی قازی و زۆر کەسیش لەگەڵدا، دڵنیابوون کە ئەگەر ئێران ئازاد بووبا، پرۆلیتاریا (سۆڤیەت) ئەوی دەکرد بە سەرۆکی کورد . ئیدی ڕەحیم زۆر دڵسۆزانە خزمەتی کاگێبێ ی پرۆلیتاریای وەلیئنیعمەتی خۆی دەکرد، کە دەیکرد بە سەرۆکی کورد .

٥

خۆ ڕەحیمی قازی تاقە کوردێکی ڕۆژهەڵات نەبوو کە بۆ خوێندن ناردرابووە سۆڤیەت، ئەی بۆچی" ئەو" جێگەی پێشەوا قازی محەمەد بگرێتەوە، نە یەکێکی تر لەو خوێندکارانە، یا هەر کوردێکی تر ؟ وەڵام : چونکە ئەو لە ماڵی " قازی"یە، ئەوانی تر لە ماڵی قازی نین . ماڵی قازی یانی چی ؟ بۆچی مەگەر بە ماڵە ؟ بەڵێ، لە دنیای چوارەمدا زۆر دەکرێت وەها بێت . تۆ بە هەمان ئەو زمانەی کە خەڵکی پێ دەدوێنێت، کەسێک لە ماڵی قازی یا بارزانی یا تاڵەبانی یا نەهری بدوێنە، بزانە چۆن دەکرێت وەکو کەڵەشێر ملی درێژ و گرژ بکاتەوە، وەک بیەوێت بە دندووک چاوت بکوڵێت، وەک بیەوێت بڵێت مەگەر نازانیت من لە نەژادی کێم ؟ ئێ باوە گەورەی بە سەر سەر و بە سەرچاو، بەڵام ئەو خۆی چی ؟

ئەوە کە کەسێک لە چ ماڵێکە یا نیە، هیچ شەرعییەتێکی بەوەندە بۆ هیچ مافێکی دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوایەتیی بەرناکەوێت . بەرژەوەندی نەتەوە و بڕوای بە توانای هەرکەسە بۆ بەجێهێنانی ئەو وەزیفەیەی کە پێیدەسپێرێت پێوانەی شەرعییەتە، نەک شتی تر .

بە ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدبوونی پێشەوا و هەڤاڵانی، ئیتر کەسێک ناوی قازی بێت یان نەبێت وەکو یەکە، دەمێنێتەوە سەر خۆی و خەباتی و توانای بۆ کوردایەتی .

هەرکەسێکیش ببێت بە جاسووسی هەر دەوڵەتێك :" کاگێبێ ی ڕووس، ساواکی ئێران، ئیستیخباراتی بەعسی یا هەر بێگانەیەکی تر، دەبێت هەر مەرکەز و بەرپرسیارییەکی لە کوردستاندا لێ حەرام بکرێت، تازە ئەوە پەڵەی بە ناوچەوانەوە، نابێت ببێت بە دەسەڵاتداری

کورد . شیکردنەوەی ئەوسـای شەڕی نێوان کاپیتالیزم و پـرۆلیتاریا و ئەو شتانەش بە بەڵگەی بوونە جاسووس نـاشێن : خۆ قـاسملو و شەرەفکەندی نەبوون بە جاسووسی رووس یا بەعسی یا هەر بێگانەیەکی تر، بیرورِا و نێوان شتێکە و، بوونە جاسووس شتێکی تر .

هەژار لە چێشتی مجێور"ەکەیدا (ل٣٤٣-٣٤٤)دەگێڕێتەوە کە ژنێکی کورد بە تەلیفۆن بـەڵێنی پێداوە بە تەنیا بچێتە لای، بەڵام ژن نەچووە، دوایی لەگەڵ مێردیدا چووە، دەڵێت :

" زۆریش کز و تووڕە دیار بوو، حەمەد(کاپیتان حەمەدی مەولوودی) گوتی : رەحیم گوێی لە قەول و قەرارتان گرتووە، هەڕەشەی لە سیویل کردووە، بۆیە نەیتوانیوە بێتە لات .

ـ چۆنی زانیوە ؟

ـ هەر کەس لە تەلەفۆنی ئوتێلەکە قسە بکا دەبێ ئەو بیزانێ" .

ئەوە دەیەوێت جێگەی شەخسییەتی پێشەوا قازی محەمەد بگرێتەوە ؟

## ٦

بـۆچی رەحیمی قـازی ویستوویە دەفتـەری ئـەو بیـرەوەرییانەی کـاپیتان حـەمەدی مـەولوودی لەناوبچن ؟

من لام وایە وەڵامی ئەوە ئیدی زەحمـەت نیە . ویستوویە هـەر خـۆی مێژوویەک بە دڵی خۆی بۆ ماڵی قازی دابتاشێت، هەرکەس تێدا ناوی قازی بووبێت، بە " سـەدریقازی"شەوە، وێرای کاربەدستانی تری رژیم : سـەرەکـوەزیران، وەهـابی بـلووری و ... ئیدی، بە ئـەولیا پێشکەش بکات . دوور لە مێـژووی واقیـعی و روونـکردنەوەی هـەلـومـەرجی کە ئەو مێـژووەی وەهـا شـکاندووەتەوە، هەر پەردە بەسەر زۆر حەقیقەتدا بدات و بیانشـارێتەوە : چۆن قازی محەمەد، حەمەدیمەولوودی دەنێرێتە سەر سینەمایئینگلیسەکان، سەر دووکانییوناتان بۆ تاڵانکردنی، شێوەی بـڕیاری کوشتنی مـەحمودیان و کەسـانی دی و بەجێهێنانی و ... ئیدی . هـەر مێژووی ژێـکاف و حیزبی دیموکرات بەو شێوەیەی کە لە کاپیتان حەمەدی مەلودیی دەخوێنینەوە زۆر لەو وێنە میسالی و خەیاڵییەی کە ئێمە بەرچاومانکەوتووە جیاوازە . حـەیف کە کاپیتان حەمەد قسەکەی مستەفاخۆشناوی سانسۆر کردووە، دەبێت چەند جوان ئەو رژیمەی لەچەند وشـەیەکدا

خولاسە کردبێتەوە . گەندەڵی و بێ سەرەوبەرییەکی سەیر بووە .

( نەمانی لاپەڕەکانی ٧١٤-٧١٧ ش لەوبەینەدا زۆر سەرنج رادەکێشێت) .

رووس فریای حەمەدی مەولوودی کەوتوون ئەینا نوێنەری مهاباد لە مەجلیسی تاران ( برای پێشەوا قازی محەمەد) لەوانەبوو هەر بە شکەنجە بیکوشتایە .

رەحیمی قازی هێشتا وەکو ماڵی بارزانی و تاڵەبانی ئەمارەتەکەی دانەمەزراندبوو، ئاوا دەیویست مێژوویەکی ساختەی سیاسیی دوور لە مێژوو، بۆ ئەمارەتەکەی و بنەماڵەی فەرمانڕەوای دابڕێژێت و " حەقیقەت" ی مێژوو کە لای کاپیتان حەمەدی مەولوودی بوو کۆسپی سەر رێگەی ئەو کارەی بوو، کەواتە دەبوو بە هەر نرخێک بوایە ئەو کۆسپەی نەهێشتایە .

# نێوانی سەید عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان و هەژار -٣٣-



کەسێک بە ناوی " حەسەن شەریفی خانی"، دوای دەربڕینی هەستی نارەحەتیی خۆی لەو هێرشەی کە هەژار لە " بەرەو موکریان"دا کردوویەتە سەر سەید عوبەیدوڵڵای ئەیووبیان، دەڵێت :

" نەمبیست دوای هاتنەوەی مامۆستا هەژار یەکتریان دواندبێ، بۆ ؟ کێ ئاگادارە بینووسێ ."
دە من ئاگادارم کە یەکتریان دیتووە . هاوینی١٩٧٩ من لە کەرەج لە ماڵی هەژار بووم، لەگەڵ هەژاردا چووبووینە ماڵی مەلا جەمیلرۆژبەیانی، کە لە نیزیکی ماڵیهەژار بوو . لەوێبووین کاتێک دیتمان سەید عوبەیدوڵڵا و کەسێکی سابلاغیی لەگەڵدا پەیدا بوون . دوای هێندێک، هەژار هەستا و، منیش لەگەڵیدا هەستام کە بگەڕێینەوە ماڵی هەژار، سەید عوبەیدوڵڵا و هاوڕێکەشی رەگەڵمان کەوتن . کەس پێینەگوتبوون لەگەڵمان بێن و، کەسیش پێینەگوتن مەیەن . سەید عوبەیدوڵڵا، وەک هەمیشە، بە قرچەی ئەو گەرمایەیهاوین، بە کۆت و شاڵوار-ێکی ئەستوور و کراواتێکی پان و بەرین کە بەشێکی باشی سینگی داپۆشێبوو و بە ئارەقەی ناوچەوانی کە دەچۆڕایەوە سەر سمێڵە زلەکەی، دیسان وەکهەمیشە بواری قسەکردنی کەسی نەدەدا و هەر خۆی بوو کە قسەی دەکرد و، وەک هەمیشە کەوتە قسەی هەلەق مەلەق .
بە منی گوت : تۆ بە بابت دەگوت : کەر! من هەر حەپەسام، چونکە من قەت شتی وەهام نەگوتووە . بەڵام ئەو لەسەر وەڵامی من نەوەستا و درێژەی بە قسەی خۆی دا : ئەوە چیە ئەو قاسملوە کەرە و ئەو شێخ عیزەدینە کەرەیان کردوون بە گەورەی کوردان ؟ ئەو کوردە بۆچی ئەوەندە کەرە! زۆر سەیر بە وشەی " کەر"ییەوە گرتبوو .

هەژاریش، وەک هەمیشە، کە گاڵتە و فشقیاتی پێ لە کێشە و هەرا خۆشتر بوو، گوتی : بۆچی ؟ مەگەر شێخ عیزەدین ریشی لە ریشی خومەینی درێژتر نیە ؟ شێخ عیزەدین لە خومەینی کەرتر نیە ؟ سەید عوبەیدوڵڵاش زۆر بە جیددی گوتی : بۆچی بە ریش و کەرێتییە ؟ هەژار گوتی : ئەرێ وەڵڵا بە ریش و کەرێتییە، ئەدی بە چیە ؟ ئەو هەمووە ملیۆنە کەرە بە چی دوای خومەینی کەوتوون ؟

هاوڕێیەکەشی پێیگوت : دەی چ بکەین ؟ تۆ وەرە ببە بە گەورەمان . دەموچاوی بەوە زۆر گەشایەوە و بە هێندێک بۆڵە بۆڵەوە گوتی جا من بڵێم چی برای عەزیز ...

من پێشتر سەید عوبەیدوڵڵام لە بەغدا بەمجۆرە دیتبوو :

لە بەغدا، هاوینێکی سەرەتای ساڵانی حەفتاکان بوو، لە ئیدارە، لە پشت مێزی کارەکەم بووم، لە پڕێکدا کەسێک بە ئەو گەرمایە، بە کۆت و شاڵوارێکی ئەستوورو فشوفۆڵ و کراواتێکی زەلامەوە، شلوشەوێق، وەژوور کەوت و، رووی تێکردم و گوتی : جەنابت کوڕی مامۆستا هەژاری ؟ گوتم : بەڵێ . هاتە پێشەوە و بە گەرمی دەستی خستە دەستمەوە و گوتی : ئێمە خزمین، ئەمن عوبەیدوڵڵای ئەیووبیم . ئیدی وەکو رادیۆ کرایەوە و، هەر خۆی و بۆ خۆی کەوتە قسەی هەلەق مەلەق، هەر نەمدەزانی باسی چی دەکات . زۆر زاراوەی فارسیی دە قسەیدا بەکاردەهێنان و، بە بێ هیچ مناسەبە باسی کچەکانی پاریسی دەکرد، کە چۆن پاریس بە سیاحەتگەران ئاشنا دەکەن : بە کچی خۆتیان دابنێ، یا بە ژنیخۆت، یا بە مەعشووقەی خۆت، یا بە مەریەمی عەزرا!

دەوام تەواو بوو، من هەستام و ئەویشم لەگەڵدا . کاتی نانخواردن بوو . لە ریستورانێک دانیشتین، گارسۆن هات و، دیارە بە عارەبی پرسیاری کرد چی دەخۆن ؟ منیش پرسیارەکەم بە کوردی لە میوانەکەم کرد، گوتی : چلەوکەباب! منیش بیستبووم کە چلەو کەباب بریتیبوو لە دوو شیش کەباب لە سەر برنج . ئیدی دوو نەفەرم بۆ داوا کرد : کەباب بە جیا و برنج و خۆرشتێکیش بەجیا . ئێستا لە یادم نەماوە کەی و چۆن رۆیشت .

دوای چەند رۆژێک، کە لە ماڵی هەژار دەردەچووم، هەر وا سەد میترێک لەولاوە، تووشی بووم، بەرەو ماڵیهەژار دەهات . کە منی دیت وەستا و زۆر بە تووڕەییەوە گوتی : ئەوە بابت بۆچی وا بە من دەڵێ ؟ ئیدی بە بێ ئەوە کە قەت چاوەڕێی هیچ وەڵامێکی کەس بکات، گوتی :

بەڵام تۆ ؟ ئەوە تۆ هەر هیچ، تۆ هەر هیچ! ئیدی رۆیشت و، تا ئەو رۆژەی هاوینی ١٩٧٩ لە ماڵی هەژار نەمدیتەوە . بەڕاستی شتێکی سەیر بوو . *

---------------------------------------------

* کاتێک من ئەوەم لە فەیسبووکدا نووسی، کاک نەجمەدین بەرزنجی، دۆستی هێژا و زۆر ئاگادار، ئەم تەعلیقەی بۆ نووسی :

سید عبیدالله ایوبیان مرکزی" ناسراو بە "بڕەک" م چەندین جار لە مهاباد و تەبرێز دیتووە، لە تەبرێز بۆ کاری چاپی کتێب دەهات بۆ لای " حاجی ناسیح ئەفخەمزادە- بۆکانی" ، بە چاکەت و پانتۆڵێکی شەکریی و کراواتێکی سووری بێحەد پان و کلێتەی سابڵاغییەوە دەگەڕا و بەدەنگی بەرز لە خیابانەکانی تەبرێز باسی سیاسەت و ئەدەبیاتی دەکرد، جنێوی بە برایانی سەیدییان دەدا و گلەیی لە هەموو عالەم بوو، زوو زووش دەیگوت دەی کاکی عێراقی ئەتۆ نەزەرت چییە، بەڵام نەیدەهێشت دوو کەلیمە قسان بکەم.
خۆش ئەوە بوو منی کاکی عێراقی تەرجومەی فارسی و ئازەرییم بۆ دەکرد، خۆی بە فارسییەکی زۆر قەباحەت و بە زاراوەی ئازەریی و سابڵاغی قسەی دەکرد. ڕۆحی شاد. سوپاس

کاک" سەلاحەدین‌وەهاب‌پوور" و کاک" وریا ماملێ " یش لە تەعلیقیاندا باسی ئەوەیان کرد کە سەید عوبەیدوڵڵا بە ناوی " بڕەک" لە " خاک و خون"ی پانی‌ئێرانیستەکانیشدا شتی نووسییێت .



خێوی گوڵ دوێنێ لە سەیری دەشت و دەر  تازەپشکووتوو گوڵێکی هاتە بەر
دی لە ناو پەلکی گوڵا سێ دەنکە ئاو  ڕێزە پەرژینی گەڵا گرتوونیە ناو

خێو :

پێم بڵێن ئەی خشڵی ڕووی گوڵ ئێوە کێن ؟  خەڵکی کوێن و چۆنە لێرە نیشتەجێن ؟

یەکەم :

نیشتمانم عاسمانی نیلییە  شەونمم، بێ من گوڵێ شەوقی نیە
دەچمەوە باڵا کە ڕۆژ دێ پڕتەوی  چونکە دەیکا سەرزەوی پایەم نەوی

دووهەم :

من لە دەریای پانی بێ پایانەوە  بوومە هەور و چوومە ڕووی عاسمانەوە
دەنکە بارانی بەروپشت ئەتڵەسم  موحتەکر دوژمنمە، دۆستی بێدەسم
من کە دێمە خوارەوە هەر ئەو دەمە  چاوی جووتیار و پەڕی گوڵ جێگەمە

خێو ڕوو بە سێهەم :

تۆ کە بێدەنگ و کزی حەیرانی تۆم  تۆش وەکو ئەو جووتە خۆت هەڵکێشە بۆم

سێهەم :

ناز لە سەر چ بکەم بڵێم چی و چیم ئەمن     قـەترە نیم و رەمـزی بـەدبەختیم ئـەمن
هیـچ کە شـانـازیـم نیە بیـڵێـم بە خێو     هەر لە ناو قامووسی بوونیش نیمە نێو :
نـازەنینـێ کیژی جـووتیاری فـەقیـر     داوی عیشقی هاتە رێـگە و کـەوتە گیر
کیژ و کوڕ دایان بە یەکتر گفت و دڵ     بوونە یەک گیان، یەک بەدەن، یەک ئاووگل
دیتنی یـەکتر بوو دڵخۆشییان و بـەس     وەک ئەوان بۆ خۆشەویستی نەبووە کەس
دایک و بابی هەر دوو لاش دایان کەلام     نازەنین بڕوا بە بووک بە کراسی خام
پێشکەشیی ئاغا کە ئەسپێکی دەویست     گوێی گران کرد ناڵە و زاری نەبیست
بـوو بـە چـقڵـێک و لە بـەینـیانـا ڕوا     کوڕ لە تاوان مرد، هەڵیـنەگری خوا
چاوی کیژیش ئەمنی خستە ئەو گوڵـە     خۆشی ئـاوێتەی گڵە کـوشتـەی دڵـە .
من کە ئـاوی چاوی بەدبەختێکی وام     وا لە غەم زام و بە بەدبەختی ڕژام
هاودەمی و ناو کۆڕی یارانم لە چی     نازی وەک ئاونگ و بارانم لە چی ؟

خێو :

ئەی نیشانگەی عیشقی دڵدارێکی پاک     گەوهەرە تاقانەکەی سەر رووی خاک
ئەی ڕژاوی دەستی جەوری نـائەمین     ئەی موقـەددەستر دڵـۆپی سەر زەمین
مافی شانازیت بە سـەر عەرزا هـەیـە     نـاوی تـۆ گوم نابێ تا دنیا هـەیـە
دژ مەبە رۆژێ دەبێ هـەر وا نـەبـێ     بۆ گلێنەی چاوی خوێنمژ تانە بێ .

هـەژار دەیگوت کە بیـری ئـەو شیعرەی لە شیعری شاعیرێـک وەرگـرتووە . من لەم دواییانەدا پـرسیارم کرد دەبێت ئـەو شـاعیرە کێ بـووبێت . دۆستێکی بـەڕێز و شـارەزا ( کاک حوسێن) وەڵامی دایەوە کە :

> شیعرێکی شاعیری ئیتالیایی" تریللو"، بە ناوی " سێ قەترە ئاو" هەبووە، کە " یوسف اعتصام الملک "ی بـاوکی " پروین اعتصامی" وەریگێراوەتە سـەر زمانی فارسی و لە گۆڤاری " بهار"دا چاپکراوە :

روزی هنگام سحرگاهان، ربّ النّوع سپیده دم
از نزدیکی گل سرخ شکفته ای می گذشت .
سه قطره آب بر روی برگ گل مشاهده نمود
که او را صدا کردند

ــ چه می گویید ای قطرات درخشان؟

می خواهیم در میان ما حَکَم شوی .

مطلب چیست؟
ما سه قطره ایم که هر یک از جایی آمده ایم؛
می خواهیم بدانیم کدام بهتریم .

اوّل تو خود را معرّفی کن

یکی از قطرات جنبشی کرد و گفت :
من از ابر فرود آمده ام. من دختر دریا و
نماینده ی اقیانوس موّاجم .

دومی گفت : من ژاله و پیشرو بامدادم.
مرا مشّاطه ی صبح و زینت بخش ریاحین
و اَزهار می نامند .

دخترک من! تو کیستی؟

من چیزی نیستم. من از چشم دختری افتاده ام.
نخستین بار تبسّمی بودم؛ مدّتی دوستی نام داشتم؛
اکنون اشک نامیده می شوم .

دو قطره ی اوّلی از شنیدن این سخنان خندیدند
امّا ربّ النّوع، قطره ی سوّمی را به دست گرفت
و گفت – :هان! به خود بازآیید و خودستایی ننمایید .
این از شما پاکیزه تر و گران بها تر است

اوّلی گفت : من دختر دریا هستم .

دومی گفت : من دختر آسمانم .

ربّ النّوع گفت : چنين است، امّا اين بخار لطيفی‌است
كه از قلب برخاسته و از مجرای ديده فرود آمده است؛

اين بگفت و قطره ی اشک را مكيد و از نظر غايب گشت .

من بيرم بۆ ئـەوە دەچێت " تريللو" مەبەست لە " تريلوسا Trilussa " بێت (١٨٧١-١٩٥٠)، كە نـووسەر و شـاعير و رۆژنـامەنووس بـووە و زۆر كاريشی لەسەر شێوازی رۆمانێسكۆی ئيتـالی كـردووە . شيعرەكە زۆر لە دنيای تـريـلـوسـايـە و نـەمتوانی جيا لەوە " تـريللو"يـەک ببينمەوە . ئەوجا كاک حوسێن دەڵێت :

دەبێت " پروين اعتصامی"، شيعری" گوهر و أشک "ی بە ئيلهامی ئەوە نووسيبێت .

## فرمێسکی هەتیو ــ لە " پروین اعتصامی"یەوە 

ڕۆژێ بە کووچەیەکدا دەڕۆیی پادشایەک
لە هەر کۆڵان و بانێک بوو بە هەرا و قریوە
پرسی هەتیوێ بێکەس : چیە دەدا بروسکە
لە تاجی پادشادا ؟ جوانی وەهام نەدیوە .
کەسێ وەرامی داوە : لەکوێی دەناسین ئێمە ؟
هێندەی هەیە بە پووڵی زۆر و فرەی کڕیوە
پیرێژنێکی بێکەس گوتی : ئەمن دەزانم
فرمێسکی چاوی ئێمە و خوێنی دڵی هەتیوە
بە بەرگ و چێوی شوانی ئێمە فریو دراوین
گورگە لە پێستی مەڕدا، هەزار زگی دڕیوە
ئەو شێخی گوند و ئەسپی کڕیوە ڕێگرێکە
گەدایە شــا کە ماڵی مسکێنەکەی بـڕیوە
لە دوڕڕی تاجی پاشا دیققەت بکەی دەزانی
فرمێسکی دانە دانەی هەتیوە هەڵوەریوە
هەژار لە پەندی بێسوود چتە دەگەڵ نەزانان ؟
نازانی ئێستە ناهەق پرزەی هەقی بڕیوە ؟

اشک یتیم
روزی گذشت پادشهی از گذرگهی
فریاد شوق بر سر هر کوی و بام خاست
پرسید زان میانه یکی کودک یتیم
کاین تابناک چیست که بر تاج پادشاست
آن یک جواب داد چه دانیم ما که چیست
پیداست آنقدر که متاعی گرانبهاست
نزدیک رفت پیرزنی گوژپشت و گفت
این اشک دیدۀ من و خون دل شماست
ما را به رخت و چوب شبانی فریفته است

این گرگ سالهاست که با گله آشناست
آن پارسا که ده خرد و ملک، رهزن است
آن پادشا که مال رعیت خورد گداست
بر قطرهٔ سرشک یتیمان نظاره کن
تا بنگری که روشنی گوهر از کجاست
پروین، به کجروان سخن از راستی چه سود
کو آنچنان کسی که نرنجد ز حرف راست
پروین اعتصامی




وه‌رگێڕانی هه‌ژار :

نـامـه‌وێ بـۆ مـن ببـارێ هــه‌ورێ
گش زه‌وی و زاری خه‌ڵکی دانه‌گرێ


(سه‌ره‌تا له جیاتی " خه‌ڵکی" نووسیبووی " عـالـه‌م "،
گش زه‌وی و زاری عالـه‌م دانه‌گرێ، به‌ڵام له چاپی
" بو کوردستان"یدا وه‌های لێکردووه) .

# عومەر چاوشین رەوانت شاد ... هەر ئەگەر کورد نەبوویتایە 



کاتێک رەفیق چالاک کۆچیدوایی کرد و باسکرا، بەتایبەتی قسەی دوو کەس زۆر سەرنجیان راکێشام : نـووسینێکی حەمەی مەلا کەریم و قسەی هەژار . هەرتکیان و، هەر کام بە شێوەی خۆی، بە رەفیق چالاکیان گوت : ئاخر تۆ بۆچی کورد بوویت ؟ کە کورد بوویت بۆچی حاڵی کورد وەها بوو ؟ ئاخر ئەوە چ شانسێک بوو کە نە تۆ هەتبوو و نە کورد ؟
من تاقە یەک جار" عومەر چاوشین "م لە سەر شـانۆ دیت، لە سەر شـانۆی" قاعة الشعب" ی بـەغدا، کە تیپی شانۆ " جەنابی موفەتیش"ی دەرهێنانی ئەحمەد سالاری پێشکەشکرد . لەوەدا بەتایبەتی بە دەوری"عومەر چاوشین" ئێجگار زۆر سەرسام بووم (دوای ئەو بە دەوری فەقێ حافزەکە)، ئـاخر چۆن پیاوێک دەیتوانی لە سەر شـانۆ وەها ببێت بە ئـەو ژنـە، دەمگوت : تـۆ بڵێیت من هەڵە تێگەیشتبم کە ئەوە پیاو بێت ؟ ئاخر چۆن پیاوێک ئەوەی پێدەکرێت ؟
رەفیق چالاک، ئـەگەر کـورد نـەبوایە، تـووشی ئینگلیسی فـەلەستین نـەدەبوو و، بۆ پینەکردنی ئەوەش نەدەبوو بە شیوعی و نەدەگیرا و نەدەڕووخا و نەدەبوو بە جاسووس، ئەو هونەرمەندە گەورەیە هیچ لەوانەی بەسەر نەدەهات .
"عومەر چاوشین"(١٩٤٢- ٢٠٢٣)یش بە ئەو توانایەی کە من ئەو یەکجارە لێم دیت، ئەگەر کورد نەبوایە، هەر ئەم ئێوارەیە لە زۆر شانۆی دنیادا خەمبارییان بە کۆچیدوایی دەردەبڕی .
ئـەگەر نـەتەوەی کـورد، دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی بـەڕێزی دنیا بـوایە، "عومەر چاوشین"یـش کەسێکی تر دەبوو . بنووسن با لەسەر قەبرم، وەتەن غەمگین و من غەمگین . ٢٠٢٣/١/١٥

## " یەکسانی، ئازادی و قانوون"ی ماریانای شەهیدی گراناذا 




٢٦ی٥ ی هەموو ساڵێک، لە گراناذا(غرناطة)یئیسپانیا، لە یادی ئەو رۆژەی ساڵی١٨٣١دا کە ماریانا پینێذا خانمی تەمەن ٢٦-٢٧ ساڵ تێدا لەو شارەدا ئیعدام کراوە، پشـووی رەسمییە . فێردیناندی وەلیعەهدی ئیسپانیا( کە ناپلیۆن خۆی و دایک و باوکی گـرتبوون)، دوای شـکستی یـەکجاریی ناپلیۆن، ئێستا بە پادشایی بە ناوی فێردیناندی حەوتەم گەڕابووەوە ئیسپانیا و، وەکو پـادشایانی تـری ئـەورووپای هـاوشێوەی کـەوتبووە تـۆڵەکردنەوە لەو خەڵکەی کە دژی رژێمی ماڵی ئەو ببوون و، رەگەڵ ناپلیۆن کەوتبوون، بەڵام تەنانەت لە دژی ئەوانەش کە بۆ دیموکرا-سی و رزگاریی نیشتمانیان دژی ناپلیۆنـیش ببوون ( کە زاراوەی" گـریلیا "یان داهێنابوو و بە شــەڕی پارتیزانی رووبەڕووی داگیرکەر ببوونەوە) .

لەو بەربەرەکانییەدا، پۆلیس بەسەر ماڵی خانمێکیخەباتکاریاندا دا کە ناوی ماریانا بوو، لایان وابوو هـاوکاریی شـۆڕشگێڕێکی بۆ راکردن لە زیندان کـردبوو ( بـەرگی کـەشەی بۆ بردبوو دەبەریبکات و پێیدەرچێت)، لە ماڵەکەیدا ئاڵایەکیان دیتەوە کە لە سەری نووسرابوو :

Igualdad, libertad y ley ئیگوالذاذ، لیڤێرتاذ ئی لێی ( یەکسانی، ئازادی و قانوون) .

گـرتیان و زۆریان هـەوڵ لەگەڵ دا کە نـاوی هـەڤاڵانی بڵێت، گـوتیان ئـەگـەر وا بـکات ئـەوا بەریدەدەن و کێشەیەکی نابێت، بەڵام نەیکرد و، زۆر ئازایانە رووبەڕوویان بووەوە .


ئـاڵاکەیان لەبەردەمی سووتاند و بە گێررۆتێ ( لە سەر کورسی دانان و خنکاندن بە تـەوقێکی

ئاسن) ئیعدام کرا .

لۆرکای شـاعیری ئیسپانی، شـانۆیەکی بەو ناوە " ماریانا پینێذا" نووسیوە کە من ـ بەداخەوە ـ هێشتا بـۆم پەیدا نەکراوە، بـەڵام بەگوێرەی ئەوەی کە لە بارەیەوە نووسراوە دیارە تا رادەیەکی زۆر هـەمان ژیننامەی ماریانا دەگێـڕێتەوە ( دایکی دوو منداڵ بـووە ...)، بـەڵام ئیتر دیـارە بە شێوەی ئەدەبی، هێندێک شتی تێدا وەک ئەوە کە کاربەدەستێکی خراپ بە هەمان ناوی دەرەبە- گێکی رابردووی ئیسپانیا تەماحی دە ماریانا کردووە و گرتوویە و داوای لێکردووە کە واز لە خۆشەویستە شـۆڕشـگێڕەکەی و هـەڤاڵانی بهێنێت ... . هێندێک دێڕ لەوە زۆر بڵاوبوونەتەوە، بەنموونە : مرۆڤ بە بێ ئازادی چیە ماریانا ؟ چۆن‌دەتوانم تۆم خۆش‌بوێت ئەگەر ئازاد نەبم ؟ .

لۆرکا ساڵی ١٩٢٧ ئەوەی لەسەر شانۆیەک کە "سیلڤادۆر دالی"ی هـەڤاڵی دیکۆر و بـەرگ و رازاندنەوەکەی کردووە پێشکەش کردووە و، زۆر سەرکەوتوو بووە . لەوساوە چەندین ئۆپێرا و کاری ئەدەبی و زنجیرەی تەلەڤزیۆن لە بارەی ماریانا پینێذا بە ئیسپانی و فەرەنسی بەرهەم- هاتوون .

فڕۆکەیەکی " ئیبیریا "ی ئیسپانیا و، یەکێک لە سالۆنەکانی پەرلەمانی ئەوروپاییش لە سترا- سبورگ بە ناوی ئەو کراون .



هەر دوێنێ زانیم کە پێش سێ مانگێک( ١٩ی١ی ٢٠٢٢)، ددانێکی پاتریس لومومبا(١٩٢٥-١٩٦١) ناردراوەتەوە کۆنگۆ و بە مەراسیم نێژراوە .

ئـەوانەی هـاوتەمەنی منن، دەبێت " لومومبا"یان لە یاد بێت، کە چـۆن سـپیپێستە دڕنـدەکانی ئەوروپا لە جەنگەڵی هەسارەی دڕندەکانی سەر زەوی، کۆتایی ساڵی١٩٦٠- سەرەتای ١٩٦١ گرتیان و بە چ شێوەیەک کوشتیان (١٧ی ١ی ١٩٦١) .

لومومبای خەباتکاری کـۆنگۆلی، دوای سـاڵانێکی پڕ لە زیندان و چەرمەسەریی رووبەڕوو-بـوونەوەی بـەلجیکای کۆلۆنیالیست، سەربەخۆیی وڵاتەکەی وەدەستهێنا و بە هـەڵبژاردن بوو بە یەکەم سەرۆکی دەوڵەت . بەڵام بەلجیکی بەرۆکی کۆنگۆی پڕ لە سامانیان بەر نەدا .

دەستگای نەتەوە یەکگرتووەکانیش هێزی ناردە کۆنگۆ، ئەو هێزەش یارمەتیی بەلجیکییەکانیان دا و، یەک دنیا جاشی گەندەڵیش خرانە مەیدانەوە .

لومومبا وێرای داوای یارمەتی لە سۆڤیەت بکات، بەڵام ئەوە زۆر بە زیانیشکایەوە، سۆڤیەت هەر قسەی زلی پووچی هەبوو و ئەوەش رۆژئاوای ئەوەندەی تر کردە دوژمنی لومومبا .

دڕنـدە ئـەوروپاییە سـپیپێستەکان، لـومـومـبایان بە لێدان برد، زۆریان شکەنجە دا، لە چاڵێکدا

پـارچە پـارچەیان کرد و پـارچەکانیشیان لە تێزابدا تـواندەوە ... بەڵام یەکێکیان بە ناوی ژێرار سووت Gerard Soete دواتـر گوتی کە بۆ بیـرەوەریی ئـەو کـردارەی، دوو ددانـی لومومبای لای خۆی هێشتوونەتەوە و دواتر فڕێیداون، تا پێش سێ مانگێک وا ددانێکیان( کە دەرکەوت فڕێی‌نەداوە) درایەوە بە کۆنگۆ و بە مەراسیم نێژرا .

ئـەو جۆرە وەحشـیگەرییەی کە مرۆڤ هـەیـەتی، هیچ دڕنـدەیەکی جـەنگەڵ نییەتی، گورگ و چـەقەڵ و بـەراز کوا ئەو شتانە دەزانن ؟ ئـەوجا تا شـارستانییەت پێش‌بکەوێت : نەوت و گاز و یورانیوم و هێزی‌ئاتۆم و بازرگانیی مەکینە و ئەو هەمووە تەکنیکە پتر بێت، وەحشیگەرییە-کەش خەڵاقییەتی دەربڕینی پتری دەبێت ... شتێک کە لومومبا لەبارەی سـپی‌پێستەکانەوە زۆر چاکی دەزانی، بـەڵام زۆر بەداخەوە، ئـەگـەر رەش‌پێستە خیانەتکارەکانی وڵاتەکەی نەبوونایە، سپی‌پێستەکان نەیاندەتوانی وەهای بەسەر بهێنن .

رەوانت شاد پاتریس لومومبا، مرۆڤی ئازادیخواز و ئازا .



سووتاندنی کتێب، که لەم رۆژانەدا روودەدات (سووتاندنی قورئان، بایبل)، شتێکی نوێ نیه . لوئی دو بێرکە Louis de Berquin ( دەوری١٤٩٠-١٥٢٩) ی یاساناس و زمانزانی فەرەنسی، کتێبێکی لاتینی " ئێراسموس"ی رۆتەردام، کەشەی هۆڵەندی (١٤٦٦ یا ١٤٦٧ یا ١٤٦٩- ١٥٣٦)، یەکێک لە هومانیستە ناودارەکانی ئەوروپا، وەرگێرایە سەر زمانی فەرەنسی و چاپیکرد ( کە چاپخانەی داهێنانی ئەڵمان لە ١٤٧٠وە لە پاریس هەبوو) .
زانکۆیسۆربۆن بەوە زۆر تووڕە بوو و، کتێبیان کۆکردەوە و لەبەرچاوی جەماوەی ئیماندار بە حەزرەتی مەسیح سووتاندیان و، بە حکومەتیان گوت کە نووسەر بگرن و حوکمی بدەن .
حکومەت گرتی و بڕیاری دا زمانی کون بکەن و لە بەرچاوی جەماوەری ئیماندار تکای لێبوردن بکات کە ئەو گوناهە گەورەیەی کردووە، ئەوجا هەموو ژیانی لە زیندان بەسەربەر-ێت بە بێ ئەوە رێگە بدرێت لە زیندان دەستی بە هیچ کتێبێک بگات .
ئەی ئەگەر پەشیمانی دەرنەبڕێت چی ؟ دەیسووتێنن!
لوئی بێرکە ملی بۆ نەدان و بە کەیف و شادیی جەماوەری ئیماندار بە مەریەمی باکرە و حەزرەتی عیسا سووتاندیان .
پەرلەمانی پاریس، ساڵی١٥٣٥ بڕیاری دا کە ئەسڵی ریشەی فیتنە و کفر و ئیلحاد، کە چاپخا-نەیە بسووتێنێت ... ئەو بەڵایەی سەرچاوەی فسق و فجوور لە کۆڵ ئومەتی حەزرەتی مەسیح بکاتەوە . چاپخانە سووتێنران، بەڵام ئەدی ئەو خەڵکەی کە ٦٥ ساڵ کفری چاپکردنی کتێبیان کردبوو چی ؟ بیانهێنن ئەوانیش بسووتێنن، بە پەلەپەل و هەلەهەل هەر فریای سووتاندنی ٢٣ کەس کەوتن! و لەوە پتریان بۆ شادی و کەیف و سەفای جەماوەری ئیماندار بۆ نەکرا .
ئەو سۆربۆنەی کە ئەوەندە لە سەرچاوەکانی " ئەندەلوس"ی بە دەرس گوتبوونەوە، شەرمێکی لە مێژووی زانکۆکانی سەردەمی" المأمون"ی بەغدای شەش سەدە پێش ئەوە نەکرد .
سووتاندنی کتێب مێژوویەکی زۆری لە ئەوروپا هەیە، دواجار نازییەکان لە مەیدانی گشتیی بەرلین کتێبیان سووتاندن و دوای ئەوە کەوتنە سووتاندنی خەڵکیش، بەڵام نە سووتاندنی کتێب بەوە کۆتایی دێت و نە سووتاندنی خەڵکیش . سووتاندنی کتێب ددانانانە بە گرنگیی

کتێب، بە خـەتەری کتێب، کە بەڕاستی شتێکی خەتەرە . مرۆڤ دەتوانێت وەحشیگەریی خۆی بە کتێب بڵاوبکاتەوە و، دەشتوانێت بە کتێب رووبەڕووی وەحشیگەری ببێتەوە .

## كوورباخ

ئادریان كوورباخ Adriaan Koerbagh ١٦٣٣-١٦٦٩ پیاوێكی هۆڵەندیی دكتۆری قـانوون و بژیشک و فەیلەسووف بوو . لە جەوهەردا لەسەر هەمان ڕێبازی سپینۆزای سەردەمیخۆی بوو، ڕەنگە هێندێک ڕادیكالتر، بە هەمان ئەو تێزەی كە ئێستا لە"أحمد القبانجي"ی‌عیراقیشی دەبیسین : خودایەک لە دەرەوەی‌تەبیعەت و قانوونەكانی نیە، دەبێت دین و دەوڵەت و پەروەردە لێک جیا بكرێنەوە . كتێبی پیرۆزی ئـاینی و چیـرۆكەكانی، شتی لە بـابـەتی چیرۆكی ڕێوی و " كوندە ئاوێنە"(جۆرێک مەلای مەزبوورەی هۆڵەندی و ئەڵمان Eulenspiegel)-ن، نە پتر، هـەمووی بـەر هەمی مـرۆڤ بوون . لە هـەمووی خـۆشـتـر، قـاموسەكەی بـوو، كە هێندێـک " نەجمەدین مەلا"شم وەبیر دەهێنێتەوە، كە دەیگوت : تابووت = عارەبانەی قیامەت!


كوورباخ كە پێیوابوو كلیسا بە وشەی سەیری لاتین و غەیری لاتین، خەڵک هەڵدەخەڵەتێنێت، دەترسێنێت، دەچـەوسێنێتەوە، قـامـووسێكی دانا تا تێدا مانای ڕاسـتەقینەی وشـەكان بۆ خـەڵک ڕوون بكاتەوە :" ئـادەم " یانی پیاو، هەر پیاوێک، ئیدی چیرۆكی بەهەشتی چی و شتی چی ؟ " بایبل "هەر یانی" كتێب"، ئیتر هـەموو كتێبێک هەر بایبلە، پیرۆزی چی و تەڕەماشی چی ؟ ئیدی بەوجۆرە وشەنامەیەكی بۆ زمانی كلیسا دانابوو .

ساڵی ١٦٦٨ حكومەت ( كۆماری حەوت هۆڵەندا یـەكگرتووەكان) لە سەر ئـەو قسانە گرتی . دادگا داوای كرد بە سووژنی لە ئاگردا سووربووەوە زمانی كونبكەن، قامكیگەورەی دەستی ڕاستی ببـڕن و، ٣٠ ساڵ دە زیندانـدا بێت! بـەڵام بە دە سـاڵ زینـدانی( و كاری ئیجباری) و، سـزای چەند هەزار خڵدن ( پارەی هۆڵەندی) مەحكـووم كرا، دوای دەوری سـاڵێک لە زیندان مرد . كتێبی كۆكرانەوە، چاپكاریش بە پارە سزا درا .

كووڕباخ ئێستا لە هـۆڵەندا لای زۆربەی خـەڵک بە قـارەمانێكی بیری ئازاد دادەنرێت و زۆر چالاكی بۆ ئەوە بە ناوییەوە هەن . حەتمەن خەڵكێكی ئەهلی خورافات ئێستاش لە هۆڵەندا هەر دەكرێت هەبن، بەلام دەنگ و سەنگێكی ئەوتۆیان نیە .

كاتێک تـەرمی " كووڕباخ " خراوەتە سەر عارەبانەیەک و براوەتە گۆڕستانێكی ئەمستەردام، ئەوسا باسی سەیر لەبارەیەوە بڵاوبوونەتەوە، یەكێک لەوانە دەڵێت :

قەلەڕەشەیەک هات و بە سەر تەرمەکەیەوە نیشتەوە، هەرچەندی هەوڵمان دا دووریبخەینەوە بێ فایدە بوو، هەر وەک بزمار پێیەوە بوو، تا گەیشتنیە گۆڕستان و ئـەوجا چووە سەر گۆڕە-کەی، ئیدی بۆ هـەموومان روون بـووەوە کە ئـەو کووربـاخە بەڕاستی پێـوەندیی بە شـەیتانەوە هەبوو!


't NIEUW
WOORDEN-BOEK
Der
REGTEN,
Ofte een
Vertaalinge en Uytlegginge
Van
Meeſt alle de Latijnſe woorden, en wijſe van ſpreeken, in alle Regten en Regts-geleerders Boeken en Schriften gebruykelijk:
*Ten deele uyt de Schriften van de Heeren*
H. en W. de GROOT,
en andere verſamelt en by een geſtelt,
Ende
Ten deele nu eerſt uyt het Latijn in 't Neder-duyts tot dienſt en nut van alle Practiſijns en Lief hebbers overgeſet;
Door
Mr. A. K.

t'AMSTELREDAM,
Op de Weduwe van Jan Hendrikſz Boom, Zal. Boeckverkoopster/op de Cingel/by Jan-Roon-Poorts-Toorn/in de Boek-binder/1664.

بەرگی قامووسەکەی کوورباخ

دۆستێکی خەڵکی سلێمانیم لە گەڕەکی بالمەری کەناری ئەمستەردام( شوێنێکی وەک سپۆنگای لای ستوکهۆڵم) دەژیا . هەڤاڵێکی لە شارەوە هاتبوو و ماوەیەک میوانی بوو . میوان شەوانە هەڵیدەپێچا : دە تو قەبری کاک ئەحمەد لەگەڵم وەرە ناو شار، تا باش بخۆمەوە و هێندێکت لێ- بدەم! ئەینا ئەگەر تۆم لەگەڵ نەبیت، ناچارم لە هۆڵەندییەک بدەم و تووشی کێشە ببم! ئێ خۆ ناکرێت باش بخۆمەوە و لەکەسیش نەدەم، ئەوە چ خواردنەوەیەکە ؟

جێی میوانی ئەو دۆستە، ئێوارەی ٢٥ی٢ی١٨٣٠ لە تیاتری " کۆمێدی فرانسێز "ی پاریس خاڵی، ئای ئەگەر لەوێ بوایە چ کەیفی دەکرد!

من لە " هەڵبژاردەیەک لە ئەدەبیاتی فەرەنسی"دا باسی چوونی" رۆمانتیک "م لە ئەڵمانیاوە بۆ فەرەنسا کردووە . بەڵام ئێتر لە ئێوارەی ئەو رۆژەدا و لەو شوێنە، ڤیکتۆر هوگۆ شانۆیەکی شیعریی بە ناوی Hernani, ou l’Honneur Castillan ( ئێرنانی، یا شەڕەفی کاستیلیانی) پێشکەشکرد، کە پێشەکی گوتبوویان ئەوە بۆ جاری یەکەمە شانۆیەکی شیعریی بە رێبازی نوێی" رۆمانتیک "، نەک " کلاسیک "ی کە تا ئەوسا باو بووە، پێشکەشدەکرێت .

لایەنگرانی هەرتکلا، کلاسیک و رۆمانتیک، تۆ بڵێ وەک جەماعەتی مێسی و رۆنالدۆی تۆپی پێ، مەگەر هەر خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن و بخۆنەوە و بچن لێدەن!

ئاهەنگ بە فیتوو لێدان و هوڕڕا وهات و هاوار دەستی پێکرد :

لە لایەکەوە : بیبڕەوە ئەو قسە حیزانە، رۆمانتیکی ئەڵمانی سەگباب، هوگۆی تەڕەماش، کلاسیک نەمرە، بژیت کلاسیک، کلاسیک بە ئێوە لەناو ناچێت، خەیاڵتان خاوە، فەرەنسا رۆمانتیکی ناوێت ... .

لەلایەکەی ترەوە : بژیت هوگۆ، لەعنەت لە کلاسیک، فەرەنسا بۆ پێشەوە، هوگۆ قارەمانە ... .

ئەوجا لە پشووی نێوان فەسڵەکاندا : مست، مستەکوڵە، شەق، تف، جنێو بە خەڵوار و بە قەنتار ( جێگەی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو هەمووە حیزبییە جنێودەرانەی فەیسبووک خاڵی) .

دوای تەواوبوونی شانۆکە، شەڕ چاکتر گەرم بوو، لە دەرەوەش چاکتریان بە یەکتر کرد .

شەق ئەوە بوو کە ئەوانە دە یەکتریان هەڵدەدا، مست ئەوە بوو کە ئەوانە سەر و لووتی

یەکتریان پێ خوێناوی دەکرد ... شەڕ بوو، ئەمان شەڕ، دایە دایە وەختی جەنگە . 
هەر کە رۆژ بووەوە و تا سەردەمێکی باش، رۆژنامە و گۆڤارەکانیش لە هەرتک‌لاوە ئەلحەق لە جیهاد درێغییان نەکرد . بەڵام هوگۆی زیرەک پێشەکی حیسابی هەمووشتێکی کردبوو، خەڵکی وەهای بۆ ئەو بەزمە هێنابوونە تیاتر و لە رۆژنامە و گۆڤاریشدا ئامادە کردبوون، دەیزانی کە حەتمەن دەتوانن ئەوانی تر بۆڕ بدەن . ڤیکتۆر هوگۆ، زۆر زیرەک بوو، هەژار- ێک بوو بۆخۆی، نەک هێمن . زانی چۆن ئەو ئێوارەیە بۆ خۆی بە ئێوارەی لەدایکبوونی رۆمانتیکی فەرەنسی و سەرکەوتنی تۆماربکات .




یەکێک لە دەیان یا سەدان رەسم لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی
ئەو سەردەمەی جێی‌باس، کە ئەو رووداوەیان گێڕاوەتەوە .

من هەرچەند وا دەبێت بە نووسین و وەرگێڕانی هێندێک شت دەگریم، بەڵام ئیتر هەر پێنج فەسڵی ئەو شانۆیەم بە پێکەنینەوە خوێندەوە :
سۆل خانمێک کە دەزگیرانی خاڵی خۆیەتی، حەز لە ئێرنانی دەکات و، پادشای ئیسپانیاش (سەدەی١٦) حەز لە هەمان سۆل خانم دەکات . دوای یەک دنیا بەزم و شەڕە شمشیر، ئێرنانی و دڵبەری لە دوا فەسڵدا بە یەکتر شاد دەبن و دەبن بە ژن و مێرد . ئێ کەواتە چیرۆک بە

خـۆشی کـۆتایی هات ؟ نـەخێـر، خۆشیی چی و شتی چی ؟ ئـەوە رۆمانتیکە، مـەگـەر نـابێت کەسێک تێدا خۆیبکوژێت ؟ هەر تەنیا کەسێک ؟ دڵبەر و دڵدار کە بە یەکتر شاد دەبن،دەست- بەجێ خۆیان دەکوژن و خاڵە دەزگیرانیش خۆی دەکوژێت ... کوشتاری تـەواو و، لەو بـەینەدا هەر پادشا وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت .

دەبـوو ئـەوەم لە تـەمەنی هـەرزەکاریدا بـخوێندایەتەوە تا بـەڵکو بۆ خـۆم تێـر بـگریابام، ئێستا کە پێیپێدەکەنم دەڵێم : هەی لەعنەت لە پیری!




( ..) زاهید، کە بەر هێرشی دژواری جەهەننەمییان دەکەوتن، بە چەکی کەفارەت و ژینی زبر و رۆژووگرتن، بە یارمەتیی خودا و فریشتەکان رووبەڕووی هێرشبەران دەبوونەوە .
ژانی ئارەزووی لـەش وا دەبوو هـەناوی ئەو زاهیدانەی وەها هەڵـدەتەکاند کە ناڵە و رۆڕۆیان لە ژێر ئاسمانی پڕ ئەستێرە لوورەی کەمتیارانی برسیی بەدووی خۆیدا دەهێنا .
ئیدی ئاوا جـەهەننەمییەکان خۆیان بە شکڵیجوان دەگۆڕی، چونکە هەرچەندە ئەوانە لەڕاستیدا تا بڵێیت دزێـون، بـەڵام وا دەبێـت خـۆیـان وا دڵـڕفێـن پیشان دەدەن کە شـکڵـی راسـتەقینـەیان نابینرێت .
ئـەو زاهیدانەی " تێیبە"، لەو شوێنانەی تێدا دەگیرسانەوە، روئیای هێندە ئارەزوو-ورووژێنیان دەدیـتـن کە سـەریـان لێ سـووڕ دەما . شتی وەهـا خۆشـیان دەدیتن کە تـەنـانـەت خـەڵکی تـری هـەوەسبازی ئـەو سـەردەمەش نـەیاندەدیتن . بـەڵام بـەوە کە شـکڵی خـاچیان بەسـەرەوە بـوو، نـەدەرووخان . ملیان بۆ ئـەو شتانە نـەدەدا و، رووحە جەهەننەمییەکان بە هەڵهاتنی رۆژ ئیدی هەر بە شکڵی راستەقینەیخۆیان دەدیتران، ئەوەبوو بە رق و تووڕەییەوە رایاندەکرد و دوور-دەکەوتنەوە .
وە نـەبێت کەم رووی‌دابێت کە کەسێک لە کاتی شـەفەقدا لە دەرەوە تووشی یـەکێک لەو شتانە بووە، دیتوویە بە گریانەوە رایکردووە، لێی پرسیوە چ باسە ؟ وەڵامی داوەتەوە کە : هەنسک و فرمێسکم هی ئـەو دارکارییەیە کە لە دەستی یـەکێک لەو مەسیحییانەی ئێرەم خوارد، بە چ سووکاتیپێکردنێک قاوی دام .

گـەورەکانی ئەو زاهیـدانە لەو بیابانە، دەسـەڵاتیان بەسەر گوناهـباران و بـەدکاراندا هـەبوو و، فـەرمانی چـاکەیان هێندێکـجار زۆر سـەخت بوو . بە هێزی نـەفـەسی هەقی ئـەولیا، کرداری بـەدیان بەرانبەر خودای راستەقینەیان بە سزادان مەحکووم دەکردن و، تازە ئیتر هیچ هێزێک نەبوو فریای بەدکاران بکەوتایە . خەڵک لە شاران و تەنانەت تا بە خەڵکی شاری ئیسکەندەر- ییەش دەگەیشت، بە سامەوە باسیئەوەیان دەگێڕایەوە چۆن بە لێدانێکی گاڵۆکێکی ئەو زاهیدانە زەوی قـڵێشـاوەتەوە و گوناهـبارانی هـەڵـلووشـیون . خـەڵکی خـراپ و بەتـایبەتی تیاترۆچی و قۆشمەچی و کەشەی کە ژنیان هێنابوون و قەحبەکان، ئەوانەش زۆریان لێ دەترسان .

دەسـەڵاتی فـەزیلەتی ئـەو مرۆڤە ئاینییانە، باڵی بەسەر حەیوانە دڕندەکانیشدا کێشابوو . کاتێک زاهیـدێک لە مەرگ نیـزیک دەبـووەوە، شێـرێک دەهات و بە چـڕنووکی دەکەوتە هـەڵکۆڵینی چاڵـێک، ئیدی زاهید بەوە تێدەگەیشت کە یـەزدان دەیویسـت بۆ خـۆی بباتەوە . دەچـوو کوڵمی هـەموو براکانی ماچ دەکرد، ئەوجا دەچوو بە شـادییەوە رادەکشا و چاوی لە خزمەتی فەرمانی خودادا وێکـدەنان .



" ئێدیث گرۆسمان خانم " ناوێک، دۆن کیخۆتێ (دۆنکیشۆت)ی" ثێرڤانتێس"ی لە ئیسپانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانیئینگلیسی . ئەوە زۆر سەرنجی راکێشام کە لە چاپەکەیدا، وەرگێڕانی پاراگرافێکی لە سەرەتای کتێبەکە، بە نموونە، لە سێ وەرگێڕانی تری ئینگلیسییەوە بۆ کراوە بە پاشکۆیەک، تا خوێنەر سەرنجی جیاوازییەکان بدات و بەراوردیان بکات . حەزم دەکرد ئەوەم لە دنیای چاپەمەنیی کوردییشدا بدیتایە . کە کتێبێک پتر لە یەک وەرگێڕانی هەبێت، با چەند دێڕێک بە نموونەی وەرگێرانی جیاواز لە پێشەکی یا پاشکۆیدا بخرێنە بەر چاو .

من لێرەدا هەر چەند دێڕێک، بەشێک لەو پاراگرافە، نەک هەمووی، دەخەمە بەر چاوی ئەو کەسانەی ئینگلیسی دەزانن .

ئەسڵە ئیسپانییەکەی ثێرڤانتێس بەمجۆرەیە :

En un lugar de la mancha, de cuyo nombre no quiero acordarme, no ha mucho tiempo que vivía un hidalgo de los de lanza en astillero, adarga antigua, rocin flaco y galgo corredor.

کە بە کوردی - بە حەرفی- دەبێت بەمە :

لە شوێنێک لە لامانچا، کە نامەوێت ناوەکەیم لەبیر بێت،نە زۆر پێش ئێستا یەکێک لەو ئیذالگۆ (نەجیب)انە دەژیا کە رمبی لە (سەر) تاقچە (و) قەڵغانی کۆن (یش)، (خاوەن) بارگینی لەڕ و تانجیی راو (بوو) .

ئەوجا، وەک لە وەرگێڕانەکان و لە ئەسڵە ئیسپانییەکانیشدا دەبینین، هەمیشە روونکردنەوەی مانای هێندێک وشە لە پەراوێزدا پێویست دەبن : من لە باسی " دۆن کیخۆتێ"دا مانای وشەی " ئیذالگۆ "م روونکردووەتەوە . ئەوەی من لێرەدا نووسیومە تانجیی " راو "، ئەو " راو "ەم لەجێی corredor داناوە، کە بە حەرفی واتە : راکەر، راونەر، ئەوەی کێبڕکێ دەکات، دەبێت ثێرڤانتێس بە ئەنقەست ئەو وشەیەی بە ئەو مەبەستە بەکار هێنابێت، کە ئەو نەجیبزادە لێکەو-تووە تانجییەکەی هەر بۆ خۆ پیشاندان بووە کە ها تانجییەکەم چۆن لە دێدا رادەکات و دێت و دەچێت، منیش ئاغام و تانجیی راوم هەیە، ئەینا روون نیە تانجییەکەی چەندەش بە کەڵک


بووبێت . من وشەی adarga م کردووە بە " قەڵغان"، ئەوە هەر بۆ جۆرێک قەڵغان بووە کە لە چەرم و بە شکڵی هێلکەیی یا وەکو دڵ دروستکراوە .
ئەمەش وەرگێرانە ئینگلیسییەکانی ئەو چەند دێرە ( و ناوی وەرگێرەکانیان) :

Edith Grossman :
Somewhere in La Mancha, in a place whose name I do not care to remember, lived not long ago, one of those who has a lance and ancient shield on a shelf and keeps a skinny nag and a greyhound for racing.

John Rutherford :
In a village in La Mancha, the name of which I cannot quite recall, there lived not long ago, one of those country gentleman or hidalgos who keep a lance in a rack, an ancient leather shield, a scrawny hack and a greyhound for coursing.

Samuel Putnan :
In a village of La Mancha, the name of which I have no desire to recall, there lived not long ago, one of those country gentleman who always have a lance in the rack, an ancient buckler, a skinny nag, and a greyhound for the chase .

Charles Jarvis :
In a village of La Mancha, the name of which I purposely omit, there lived not long ago, one of those gentlemen, who usually keep a lance upon a rack, an old target, a lean horse, and a greyhound for coursing.



١

خەڵکێکی دواکەتوو هەن کە بە ناوی واعیزی ئیسلامییەوە قسەی هەلەق مەلەق دەکەن . خـەڵکێک هەن بۆ بەرژەوەندی نارەوای سیاسییان، دین بەکار دەهێنن، حەفتەنامەی " توفیق " گوتەنی :" النون و القلم "ی قورئان بەوە تەفسیر دەکەن کە" نون"( نان) بە نووسینی" قەڵەم"ـیان بخۆن . تـەبیعی هەمیشە خـەڵکێکیش هـەن کە لە بـرسـان یا لە تـرسـان هـەر دروشمێک ـ بـەوەی ئیسـلامیشـەوە ـ سـاختەچییانە، بەکار دەهێنن . مەسـەلەی دوژمنـیش لەولاو بوەستێت . رووبـەڕووبوونـەوەی ئـەوانە و، خـەبات بۆ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵـەت ئـەرکی سـەرشـانی رۆشنبیران و شۆڕشگێڕانە، ئەوە لای منیش هیچ گومانی تێدا نیە . بەڵام رووبەڕووبوونـەوەی قسەی هەڵە نـابێت بە قسەی هەڵە بێت، ئـەینا هەڵەکانی ژیان پتر و خەستتر دەبنەوە و، ئەوەش خراپە .

بـەشی گـرنـگ لە مێـژووی کۆمەڵایەتی، ئـەگەر بکرایە لەبیـربچووایەتەوە کارێکی زۆر باش دەبـوو بـۆ ئێسـتا، چـونـکە عـەقڵ زۆر کـەم دەتـوانێت هیچ لە مێـژوو فێـر ببێت، لەکاتێکدا کە رابـردوو وەکـو مێشـەکانی شـانۆی" لێ مووش "(مێشەکان)ی سـارتر هـەمیشـە بە ویـزە ویـز بەدوومانەوەیە، شەڕی دوو بنەماڵە یا دوو عەشیرەت یا دوو قەوم یا تابیعانی دوو ئایندەکرێت تا زۆر سـەدە، بەهۆی لەبیرنـەچوونەوەی مێـژوو، زۆر لەوەی کە ئـەگـەر لەبیـربـچووایەتەوە درێژتر بکێشن. لەوەش خراپتر، داتاشینی مێژوویەک کە نەبووە، رەنگـکردن و رازاندنەوەی جوانی چیرۆکانێکی خەیاڵی بە ناوی حەقیقەتانێکی مێژوو کە مرۆڤ شەڕیان بۆ بکات .

دۆستێک کۆمەڵێک خوێنڕێژیی مێژوو باسدەکات و دەڵێت مەگەر ئەوە ئیسلام نەبوو ئەوانەی کرد ؟ دۆستی تریش دەڵێن بەڵێ ئەوە ئیتر فەرهەنگی وەحشیگەریی بیابانە . من دەڵێم : نـەخێر ئەوە ئیسلام نەبوو ئەوانەی کرد، کەسانێک ئەوانەیان کرد کە گوتیان ئێمەمسوڵمانین، ئەو دوو شتە زۆر جیاوازن. فەرهەنگی وەحشیگەریی‌بیابانیش کەمترین وەحشیگەری بووە لە مێژووی مرۆڤدا، سـەد هـەزار خۆزگە ئـەوروپاییەکانیش هـەر ئەوەندەی خەڵکی بیابان وەحشیگەرییان

دەکرد، نـە پتر . وەحشیگەریی هیتلەر لەوەی سومەرییەکانی بیابان پتر بووە . لە ئاسیاش، وەحشیگەریی پۆل پۆت لەوەی بابلییەکانی باشوور و رۆژئاوای عیراق پتر بووە، وەحشیگەر-یی مائۆیچین و لەشکری ژاپۆن سەد جار لە وەحشیگەریی میسریکۆن پتر بووە .


٢

ئێمە باسی ئاینەکان لە سەرچاوەکانی مێژووی دە هەزار ساڵی رابردوودا ا دەبینین . هەموو ئەوانە، پڕ بوون لە وەحشیگەری، تەبیعی، چونکە تابیعەکانیان مرۆڤ بوون و، کوشتن دە فەرهەنگیاندا هەبووە،" کوشتن"ی مرۆڤ(وێڕای کوشتنی گیاندارەکانی تر) لەلایەن مرۆڤەوە، وەحشیگەرییە . ئێستا مریشک لە هێلکەیە یا هێلکە لە مریشک ؟ ئەو ئاینانە لە ئاسمانەوە باریون یا مرۆڤ خۆی کە ویستوویە بکوژێت شتێکی لەسەر چەرمێک، تەختەیەک، قوڕێک، بەردێک، پەڕۆیەک شتێک نووسیوە و کاتێک کاغەز و قەڵەمی داهێناوە خستوویەتە سەر کاغەز( بۆ دینێک کە کوشتنی تێدابووە) . ئەوجا ئایا تابیعی ئەو دینە گوێی بە ئەو شتە داوە کە نووسیویە ؟ ئەوجا تا ئەو تەبەعییەتەی ماوە ئەویش هەر ئەو نووسراوەی سەر چەرمەکەی ... کاغەزەکەی کردووە بە پرۆگرامی کار و ژیانی خۆی ؟

یەکێک لە زۆر گوناهانی کە کتێبیئاینیی جوو، ئیعدامی بۆ داناون، بریتییە لە رەجمکردنی ئەو کەسەی کە پشووی رۆژی شەممە دەشکێنێت، لەو رۆژەدا کار دەکات و، جوو لەسەر ئەوە جووی تری رەجمکردووە . جوویەک بە ناوی یەسووع(عیسای مەسیح) گوێی بە فەرمانەکانی پیاوانی ئاینی و "نص صریح"ی کتێب نەدەدا و، رۆژی شەممەش هەر یارمەتیی خەڵکی دەدا، جوو پێیان قەبووڵ نەکرا و، داوایان لە حاکمی رۆمانی کرد کە بیکوژێت و ئەوەبوو - بە گوێرەی چیرۆکەکە، سا راست یا خەیاڵ بێت - لە خاچ درا . چیرۆکەکە بەوجۆرە دەیەوێت پیشانیبدات کە جوو ئەوسا ئیتر دەستبەجێ نەکەوتوونەتە رەجمکردن ( رەنگە لە ترسی قانوونی رۆمانییەکان نەیانوێرابێت کەس بکوژن) .

بەڵام ئەدی ئیسرائیل هەر بە مەنتیقی ئەو کتێبە دانەمەزراوە ؟ بەڵێ، کەواتە نابێت رێز لە " نص صریح"ی بگرن ؟ نا! ئیعدام لە ئیسرائیل نیە، ئەو هەمووە گوناهانەی کە دەبێت بە

" نص صريح"ی کتێبی ئاینەکە مرۆڤی لەسەر ئیعدام بکرێت، ئەوان نایکەن . بۆچی ؟ چونکە هێلکە لە مریشکە، کتێب بە دەستی" مرۆڤ" نووسراوە، پرۆگرامی نەگۆڕی ئەو مێشکە نیە . ئەو کتێبە " دینی جوو، جوویەتی"یە نەک جوو . هەر کە مرۆڤەکە بە باشی زانی، یا هێلکەیە- کیتر دەکات، یا هەمان ئەو هێلکەیەی وا دەکولێنێت یا دە پیوازدا رەنگدەکات کە نەناسرێتەوە و هەموو شەممەیەکیش دەچێتە کەنیشت و بە ئاوازی گۆرانی" نص صريح"ـەکە دەخوێنێتەوە! و سەری بۆ با دەدات و، بە بڕیاری خۆی، هەڵبژاردن و پەرلەمان و دەستووری خۆی، ئیعدام ( ئەو " نص صريح"ـەی کتێبە ئاینییەکەی) قەدەغە دەکات . ئەوجا دینەکە، ئەگەر ئەو کتێبە بێت( کە ئەوە)، با بۆخۆی هەر سەوزەڵێ بڵێت . کتێبەکە " جوویەتی"یە بەڵێ، بەڵام ئەوەی کە لە کۆندا خەڵکی ڕەجمکردووە و ئێستا نایکات جووە، کەواتە جیاوازی لە نێوان"جوویەتی" و " جوو"دا هەیە .



ڕەسمێکی کاری جێمس تیسۆ دەوری ساڵی ١٩٠٠ بە خەیاڵ

بۆ ئەو سزایەی گوناهی شکاندنی پشووی شەممە لای جووەکان

## ٣

١٢ی دیسامبری ١٠٩٨، شاری " المعرة "ی سووریا تەسلیمی سەربازانی حەملەی خاچپەر-

ستان بوو . سەربازان تێیکەوتن و بەگوێرەی سەرچاوەی کلیسا هەشت هەزار کەسیان لە دە هەزار کەسی تەواوی خەڵکی شارەکە کوشت(سەرچاوەی ئیسلامی دەڵێن سەدهەزار مسوڵمانیان کوشت) . فەرماندەی لەشکری مەسیحی نامەیەکی بۆ پاپا نووسی کە : سەربازەکانمان ماوەیەک بوو گۆشتیان نەخواردبوو، ئیتر منداڵانی کافرانمان بە شیشەوە کردن، برژاندمانن و بە کەباب خواردمانن؛ خەڵکیتریشمان بە چێشت لێنان . ئەوجا شتی وەها لە ئینجیلێکدا هەبووە کە مرۆڤ بخۆن ؟ نەخێر، بە هەمان شێوەی کە سووتاندنی خەڵک لەسەر داهێنانی زانستی و عیشق و تەنانەت فێگرتن و ئەعساب تێکچوون و ئەو شتانەش لە کتێبی ئاینی مەسیحیدا نیە و چەندین سەدە کردوویانە . کتێبی ئینجیل" مەسیحییەتە " و، ئەوانە " مەسیحی " بوون .

مەسیحییەت و مەسیحی دوو شتی جیاوازن . مەسیحی، ئەوساش وەکو ئێستا چوونەتە کلیسا و، رێک هەمان کتێبیان خوێندووەتەوە کە ئێستا دەیخوێننەوە، بەڵام ئیتر کتێب بۆخۆی سەوزەڵێ‌ی خۆی دەڵێت، کتێب چ قەشمەرێکە دەست بخاتە کاروبار و ژیانی مەسیحییەکانەوە ؟

مەگەر ئەو فارسەی کە لە منداڵییەوە " حافزی شیرازی" لەبەر دەکات : همه جا **خانۀ** عشق است چه مسجد چه کنشت،قەبووڵدەکات بەهاییەک و بوودابیەک لە شارەکەیئەودا پەرستگای خۆیان دروست بکەن و ئەگەر ئەو پەرستگایەیان لە ماڵی ئەوی مسوڵمان لە مزگەوت نیزیکتر بێت بچێت لەوێ نوێژەکەیبکات چونکە " همه جا **خانۀ** عشق است چه مسجد چه کنشت " ؟ نا، نایکات، چونکە"حافز" کتێبێکی خۆشە بەڵێ، بەڵام کتێب چ قەشمەرێکە دەست بخاتە کاروبار و ژیانی ئەوەوە ؟ ئەو " مسوڵمان"ـە نەک " کتێب " .

کاتێک ئەوروپایی کەوتنەخواردنی مرۆڤەکانی"المعرة "،٤١ ساڵ بوو گەورەترین رۆشنبیری مێژوو،" أبو العلاء المعري"ی شانازیی سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامی، کۆچیدوایی کردبوو . ئەو مەعەررییەی کە هاواری لە مرۆڤ کردبوو ئاوڕ لە کتێبەکانی " تەورات و ئینجیل و قورئان" نەداتەوە، چونکە ئەوانە ئامرازی قۆلبڕینی مرۆڤ بوون بە دەست کاهینانەوە :

أفيقوا أفيقوا يا غواة فإنما ـــ دياناتكم مكر من القدماء
دين و كفر و أنباء تقص ـــ و فرقان و توراة و إنجيل .

بەڵام ئیتر مەعەرری هەر ئەوەندەی لە دەستهاتووە، هاواری خۆی کردووە، ئەینا هەر خۆی زۆر باش ئەوەی زانیوە کە رەوشتی مرۆڤ و کتێب، رەوشتی مرۆڤ و دین، رەوشتی مرۆڤ و عـەقیدە دوو شتی جیاوازن . مـرۆڤێک کـوردە و بۆ رزگاریی کـورد چـەکی هـەڵگرتـووە و کوردێکی تری وەکو خۆی لە شاخەوە هەڵدەدێرێتە خوارەوە، چونکە "کوردایەتی" و" کورد" دوو شتی جیاوازن . چەندە " کورد "، بۆ خزمەتی بێگانەی دوژمنی کـورد، تـاوانیان بەرانبەر کورد کردووە و ئێستاش دەکەن .

بۆچی مرۆڤ وەهایە ؟ بۆچی تەبیعەت جەنگەڵ و گیاندارەکانی وەها دروست کردوون ؟ نـازانم . بـەڵام ئیدی من دەبێت چـاوم بکەمەوە و ببینم دنیا چـۆنە و، رێـگە نـەدەم خـەڵکێک بە قەوانەی خۆیان بۆم برازێننەوە و، نەوێرم لێبکۆڵمەوە .

## ٤

مێـژووی سیاسی، بە گشتی، ئـەگەر بیشیزانیت کـەڵکێکی ئـەوتۆی نیە . مـرۆڤ بە نیسبەتێکی ئێجگار زۆر کەم بە عەقڵ دەژیت، زۆرترینی رەوشتی مرۆڤ غەریزەییە .

من ئـەگەر سـەد جار بە شتێک تـووڕە بووبم و، ئـەو شتە دیسان رووبداتەوە دەیکەم بە سەدو- یـەک، بۆ سـەدویـەکەم جار و تا بۆ حـەوت هەزارەمین جاریش بە هـەمان شت هـەمان تـووڕە دەبمەوە . ئـەڵمان سـەردەمێک لە شـکستی شەڕی جیهانیی یـەکەم تووڕە بوون و لە تووڕەییان کەوتنە وێرانکردنی دنیا . لەم سـاڵانەی دواییشدا حـەملەیەکیان بۆ سەر ئەو خـەڵکە هێنا کە لە وڵاتانی تـرەوە هاتبوونە ئـەڵمانیا و، دوای ماوەیەک دامـرکایەوە، چـونکە ئـەڵمان ئێجگار زۆر دەوڵەمەندە . ئەگەر شکستێکیئابووریی وەک ئەوەی دوای شەڕی یەکەمی بەسەر بێت، دیسان بە هەمان شێوە تووڕە نابێتەوە ؟ بە قانوونی سایکۆلۆجی بەڵێ، تەبیعی تووڕە دەبێتەوە، ئەوسـا بە چی تووڕە بوو دەکرێت هـەمووجارێک بە شکستی وەها دیسـان تـووڕە ببێتەوە، ئیتر ئـەوە غـەریزەی تووڕەییە لە تـەبیعەتی مـرۆڤدا، یا لە مرۆڤی تەبیعەتدا . ئێستا لە سوێدیش، ئەوانەی حەز دەکەن سەرڕەشەکان بکوژن رۆژ بە رۆژ زیاد دەکەن و، لو پێن خانمی فـەرەنساش هەر لە بەهێزبووندایە . خوێندنەوەی کتێبی تاریخ و ماریخ، زۆر دادی غەریزەکانی مرۆڤ نادەن .

کورد، ئەگەر عەقڵ بەکاربهێنێت، وزەیەکی ئێجگار زۆری چل تا پەنجا ملیۆن مرۆڤی هەیە کە مێژوو لەبیر خۆی بباتەوە و - بڵێین- وەکوئەو ئەوروپاییانەی کە چوونە ئەمریکا یا شوێنانی تر و نەتەوەی نوێیان دروستکردن، ئەویش بکەوێتە سەر خەبات بۆ بوونە نەتەوە لە سەر ئەم خاکەی خۆی . بەڵام نا، وا ناکات، زۆریش وا دەبێت نەکردنەکەی بە وەهمی مێژوو- یەکیخورافات دادەپۆشێت : ئەوەی حوزنیموکریانی لەبارەی پاشایکۆرەی رەواندز و مەلای خەتێ دەیڵێت یا ئەوەی کاژیکنامە لەبارەی زەردەشت و دینیئیسلام و کورد باسیدەکات سەر- تاسەر قسەی بێ مانا و دوور لە زانستی مێژوو و، خورافاتی هەڵبەستراون . کورد کە ئیسلام بکاتە هۆی دواکەوتویی خۆی، غەدرێکی زۆر گەورە لە ئیسلام دەکات .

لەشکریئیسلام لە بیابانەوە پەلاماری وڵاتانیان نەداوە ؟ بەڵێ داویانە، راستە وەکو ئەوروپاییە- کان منداڵیان نەکردوون بە کەباب و لە هەموو روویەکەوە زۆر لە ئەوروپاییەکان کەمتر درندە بوون، بەڵام ئیتر لەشکری غازی بوون و، مانای ئەو زاراوەیە لە مێژووی مرۆڤدا روونە . من ئاینم پێ وەحشیگەری نیە ؟ بەڵێ ئاین بەشێکی فەرهەنگیمرۆڤە و ئەو فەرهەنگە کانالیزە- کردنی وەحشیگەرییەتی . بەڵام دینی ئیسلام و لەشکری غازی و کورد و مەسیحییەت و ئەوروپا و ... هەمووی هەر دەبێت لە کۆنتێکست ( قەرینە )ی خۆیاندا ببینرێن . ئێستاش کە کورد لە باشوور کیانێکی لە هەولێر هەیە، بە رادەییەکەم بەرهەمی کانالیزەکردنێکی ئیسلامە بە ناوی تەریقەتی بارزانەوە، ئەینا چینی ناوەندی کورد هێشتا رێگەیەکی دوور و درێژی لە پێشە تا وایلێ دێت هێزی خۆی بۆ راگرتنی کیانێکی نەتەوایەتی هەبێت .

٥

ئیسلام لە چیاکانی عارەبستانەوە ( نەک بیابان ) سەریهەڵینا و، لەشکری مسوڵمانان چوون وڵاتانیکی زۆریان گرتن و، مێژووی گۆڕانی گەورەیان نووسی . شار و شارستانێتیی زۆریان وێران و تاڵان کردن و، شار و شارستانێتییخۆیان لە جێی ئەوانە دامەزراندن . ئەوانە خەڵکی هەموو عارەبستانیان تێدا بوون، بەوانەی بیابان و ئەوانەی " تهامە "ی زۆر بە پیتی کەناری دەریای سوووریشەوە ( زێدی فینیقییەکان) . ئەوانە زۆر سادە بوون، خەڵاقییەتی رۆمانییەکانی

پێش خۆیان بۆ کەیفکردن بە کوشتن نەبوو، دیمەنی وەک ئەوانەی - بەنموونە - لە کتێب و فیلمی " سپارتاکوس "دا دەبینین ئەوان نەیانبوون، بەڵام ئیتر فەرهەنگی گرتنی وڵاتان و بە کۆیلە بردن و وەحشیگەرییەکانی مرۆڤ ( کە مرۆڤ لە گیاندارانی تر جیا دەکاتەوە) تەبیعی دەکاردا بوون، حەتمەن سەیر نیە ئەوانیش وەکو " نەوشیروان"ی پێشمەرگەی کورد خەڵکیان لە سەری شاخەوە هەڵدێرابێتە خوارەوە . بەڵام دەوری ئەو عارەبانە لە مێژوودا کورت بوو . دوای چوار خەلیفەی راشدین، ئەمەوییەکان ٨٨ ساڵ لە " شام "ەوە فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئیسلامی بوون، ئەوجا عەباسییەکان شارستانێتییەکی کۆسمۆپۆلیتییان لە بەغداوە پێشکەش بە دنیا کرد، کە لە زۆر رووی ئەخلاقییەوە هەمان پاتەختی ئیمپراتۆریی رۆمای کۆن بوو :
شەراب و سێکس و ئەدەبیاتی پۆرنۆ و شیعر و" لهو و لعب" و ...، بەڵام لە رووی زانکۆ و ئاکادیمیا و گوڵکردنی زانست و وەرگێڕانەوە، بۆ دنیای زانیاری و دەوڵەمەندیی فەرهەنگی ئێجگار زۆر پێشکەوتوو . دەوڵەتێکی دووەمی " ئەمەوی "یش لە ئەندەلوس دامەزرا، کە بە زوویی شارەکانی بوون بە کۆپیی بەغدا، زانست و فەلسەفە و ئەدەبیاتێکی ئێجگار زۆریان لەوێوە هەناردەی ئەورووپا کرد ( لەوانە : ژمارەی هیندی، کە ئێستاش لە ئەورووپا پێی‌دەڵێن ژمارەی عارەبی!) .



دیمەنێکی چیاکانی حیجاز، زێدی پێغەمبەری ئیسلام

کێشـەی گـەورەی عارەب لە ئـەندەلوس ئـەو ئـامازیغییانە بوون، کە بە شـەڕ ئـەندەلوسـیان بـۆ گرتبوون و، بە تـەعەسوبی ئـاینییان - وەک ئەوەی ئەفغانی و پاکستانی و چاچانیی ئێستا- پەیتا پەیتا کـۆدێتایان بەسـەردا دەکـردن و، دەیانبـڕین و دەیانکـوشتن ( من لە " کورتـە مێژوویـەکی ئیسـپانیا "دا ئەوەم روونکردووەتەوە : المرابطون، الموحدون، المریدیون) .

فـەرهـەنگی دەوڵـەتی عـەباسیی ئیسـلامی، زۆر جـوان لە کتێبێـکدا پێشـکەشکـراوە کە نـاوی " هـەزار و یـەک شـەو"ە، ئـەوجا بـاسی پێوەندیی ئـەوە بە " کتێب "ی قـورئان و فـەرهەنگی بیابانەوە! تـەبیعی قسەیەکی جیددی نیە . ئـەوە کە ئێستاش عارەب لە بیابان و کورد و فارس و چەندین قـەومی تر لە بەشانێکی دنیا چەندە بە فەرهەنگی زۆر کۆن دەژین ( بەنموونە چۆن بە گا و گاسنی زۆر کـۆن کشتوکاڵ دەکەن)، ئـەوە بەتـەواوی باسێکی ترە، حەقیقەتی روویەکەی تری مێژوو رەت ناکاتەوە .

٦

شتێک کە لە باسیئیسلامدا زۆرترین سەرنجی من رادەکێشێت ئەو پڕۆپاگەندەیەی فارسەکانە، کە هـەر وەک چـۆن ئـەمڕۆ بەسەر راگـەیاندنی بـاشووردا زاڵە و، بە فێڵی دژایـەتیی تـورک، کارەساتی رۆژهەڵات لە بیر و هەستی کورد دوور دەخاتەوە، پێشتریش وەها بەسەر خەڵکێکی کورددا زاڵ بووە : کورد هەقی بەسەر مێژوویخۆیەوە نەبووە و شینی بۆ ناسیۆنالیزمی فارس کردووە کە عارەب چیبان بەسەر هێناوە، هەر کـردوویانە بە کارەسـاتی خـۆیان : وای عارەب چیی بەسەر ئێمە هێنا! ... " ئێمە " ؟ ئێوە کێن ؟ ئێوە دەوڵەتی فارسن ؟

هـەموو هێرشێکی لەشکرێکی قـەومێک بۆ گـرتنی وڵاتێکی تـر حـەتمەن لە یـەکـەم هـەنگاودا کارەسـاتی تێدا هەیە، بـەڵام من نازانم فارس - جگە لە کارەساتی شەڕی یەکەم حەملەدا، وەک کارەساتی هەر شـەڕێک بە ئەو یاسا و رێسایانەی ئەوسا - چ زیانێکی لە ئیسلام دیتووە ؟ دینی زەردەشتی بۆ ئەوان لە ئیسلام باشتر بووە ؟ بە هەزاران وشەی عارەبی زمانی خـۆیان دەوڵە-مەند نەکردووە ؟ پیتی عارەبیی هەزار جار لەوەی خۆیان باشتر وەرنەگرتووە ؟

من تێدەگەم ئەو تەعەسوبەی فارس(کە کورد - ئۆتۆماتیکی- دەیکات بە هی خۆی) دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کورتی ئیسلامی کە عارەبی بێگانە لە ئێراندا دەسەڵاتدار بوون، بـەڵام ئاخر

زووو دوای ئـەوە فـەرهـەنگی " تفو ای چرخ گـردون تفو"ی تف کردن لە عـارەب و تـۆڵـە لێ کـردنەوە و داگیـرکردنیان و بـەدبەختکردنیان کە ئیتر لە ئێـران زاڵ دەبێـت ... تـۆڵـەی یـەک بە هەزار ئیتر بەس نیە ؟

دینی ئیسلام، بە پێچەوانەی دینیجووی نەژادپەرست، هەر سەرەتاکەی لە چیاکان و لە بیابانی عارەبستانەوە بوو، ئیتر دوای ماوەیەکی کورت، " بە تەواوی" لە دەسەڵاتی عارەب شۆردرا- یەوە و بوو بە دینی میللەتانی تر : ئـامازیغییەکانی بـاکووری ئافریقا و ئەندەلوس، فارسەکانی " تفو أی چرخگردون تفو"ی جنێودان بەعارەب و، تورکەکانی کە لە ناوەندیئاسیاوە هاتوون. بەڵام کوردیـش : شارستانێتیی کورد، ئا بە ئەو ناوە و ئەو سیفەتەی کورد،" تەنیا " لە سایەی رووخانی دەوڵەتی فارسەکان بە دەستی عارەب و، دامەزرانی ئـەمارەتە کـوردەکاندا بووە، کە لە سـەردەمی ئیمپراتۆریی خـەلیفەکانی عوسـمانیدا دەگەشێنەوە، دەوڵەتانی : مەروانی، بتلیس، بـۆتان، حەزۆ، ئـەگیل، پالوو، کیغی، هەکاری، مەحموودی، بـادینان، سـۆران، تـەرجیل و ... چـەندی تر . ئـەمارەتانی کورد، کە تـەبیعی نـا-مسـوڵمان نـەبوون، زۆریان لە زۆر رووەوە لە زۆر لە ئەمارەتانی ئـەوروپا پێشکەوتووتر بوون . بـەڵام کـورد هەر شینی رووخانی دەوڵـەتی فارسەکان دەکات! وای لە بیابانەوە هاتن چییان پێ کردین ... چییان پێ کردن ؟

ئـەو هـەمووە میرە کوردانە شـەرعییەتی خۆیان بـەوە سـەپاندووە کە ئـەسڵ و فـەسڵی خۆیان بردووەتەوە سەر ناودارانی ئیسـلام، تـەنانـەت ئـەگەر لافـلێدانی ئەسڵی قورەیشیی بەرزنجییە- کان نەبوایە، شێخمەحموود نەدەبوو بە مەلیک(نەونەهالی ئەحمەدیم و سەروی قەدی مصطفی). دەسەڵاتی شێخانی تەریقەتی دینیئیسلام لە دوای رووخانی ئەمارەتەکان ناسیۆنالیزمی کوردی دە باوەش گـرت . ئـەوانە نـەبوونایە، تـەریقەتی نـەهری و بـارزانیش نـەدەهاتنە سەر شـانۆ و، هیچمان بۆ نەدەمایەوە و رەنگە بکەوتینایەتەوە بەر دەستی فارسەکان، کە هەناسەدانی سیاسیی کورد لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا قەبووڵنەبووە و نیە، ئەوان کورد بە عەشیرەتانێکیدواکەتووی فارس خۆی دەبینن .

بـاسی مێـژووی رابـردوو- کە خـۆی لەخـۆیدا هیچ کـەڵکێکی نیە - بۆ میللەتێکی وەک ئێمە کە ئێستا بە حـاڵ لە مێژوودا دەژیـن و بە حـاڵ دەچینە پێشـەوە، رەنگە پێویست بێت . بـەڵام هـەر

نەزانینی مێژوو، لە باسی مێژوویەکی وەهمی و خورافات، وەک ئەوەی کە فارسەکان مێشکی زۆر کوردیان پێ شۆریوە، حەتمەن زۆر باشترە، یا - بەلای کەم - زیانەکەی زۆر کەمترە .

## پێویستە ئەو هەڵەیەی مامۆستا هەژار راستبکرێتەوە




چـەند رۆژێکە، تـەلەڤزیۆنی رووداو ڤیدیۆیـەک بـڵاو دەکاتەوە، کە بەگـوێرەی ئـەوە مامۆستا هـەژار تێدا،٢ی٢ی١٩٩١ لە پـاریس، وەڵامی پـرسیارەکانی" حەمەی عەزە دۆم "ی هـەڤاڵی داوەتەوە . هـەژار لە وەڵامی یـەکێک لە پـرسیارەکاندا دەڵێت : ( کـورد ) هەزار ساڵە ئازادیی نەدیتووە .

ئەو قسـەیە زۆر درشـتـە، زۆر هـەڵـەیـە و، بـەشێکە لە قـەوانەیەکی ئـەفسـانەی فـارسەکان کە خزاندوویانەتە زیهنی کوردەوە .

قەت، دیسان : قەت لە مێژوودا، هیچ بێگانـەیـەک نـەیتوانیوە بە زۆر حاکمی کودستان بێت .

بە وشەی تر : قەت- قەت لە مێژووی هەزاران ساڵی رابردوودا( تاکو سەدەی بیستەم، سەدەی ناسیۆنالیزم)، هیچ هێزێکی سەر رووی زەوی نەیتوانیوە بە بێ رێککەوتن لەگەڵدەسەڵاتدارا- نی کوردی ئازاددا خاکی کـوردسـتان حوکم بکات . پـاشای کـۆرەی رەوانـدز، میرانی بـۆتان، میرانی بتلیس، هەکاری و ... ئیدی، هـەر کـامیان لە هـەر کـۆمارێکی هـۆڵەندیی ئیمپراتۆریی ئیسپانیا، یا هەر ئەمارەتێک یا یەکەیەکی سیاسیی ئـەڵمان ئازادتر بوون، ئێجگار زۆر ئازادتـر و بەهێزتـر بوون . تـەنانەت لەو بەشانەشدا کە بە قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆریی فارسەکان دانراون و هیچ ئـەمارەتێکی کـورد تێدا ئیعتیـرافی پێنـەکراوە، شا تـەنیا و تـەنیا بە رێـکـکەوتن لەگـەڵ دەسەڵاتدارانی کورد (سەرۆکی عەشیرەت ...ئیدی) توانیویە دەسەڵاتی رەمزیی تێدا هـەبێت . کورد لەوێش بە قانوونی عەشیرەتی خۆیان ژیاون .

تـەنیا و تەنیا و تەنیا لە سەردەمی ناسیۆنالیزمدا، سەدەی بیستەم کورد نەیتوانی لەگەڵ ناسیۆنا- لیزمدا بڕوات . چینی نـاوەندی کـورد زۆر کـز و فـەریک بـوو و، بیـروڕای نـوێـی دوور لـە نـاسیۆنالیزم ( یـەکێتی پـرۆلیتاریای کـورد و تـورک و فـارس و عـارەب بە رابـەریی یـەکێتی سـۆڤیەت) وا بە شێوەیەکی هـەڵـە سەرقاڵی کرد کە سـەدەکەی لە دەست دەرچـوو . هەرچەندە تـەریقەت ( نـەقشبەندیی نـەهری و شێخ سـەعید و بـارزان، قـادریی بەرزنجییەکان) هەوڵی دا فـریای نـەتەوایەتیی کورد بکەوێت، بـەڵام ناسیۆنالیزمی کورد بە بێ هۆشیاریی چینی نـاوەند، نەیتوانی سەرکەوتوو بێت . ئەوەبوو ئەو قوڕەی کە کورد لە سەدەیبیستەمدا تێچەقی، ئێستاش هەر تێدا رۆ دەچێت .

٢٢ی٢ی٢٠٢٣

## شیعری جاهیلی لە روانگەی تاها حوسێنەوە 




١

هـەرچەندە من حەتمەن نـامەوێت کاتی خۆم و، لەوەش پتر : کاتی خوێنەری کـورد لێـرەدا، بە دنیای ئـەدەبیـاتی عـارەب بـگرم، بـەڵام هـەر وەک هێندێک وێستـگە لە ئـەدەبیاتی تـری دنیـادا هـەبوون کە پێم باش بـووە خوێنەری کـورد لێیان ئاگادار بێت و، بۆ ئەوە بـاسم کردوون، ئـەم باسەی " طه حسین"یش لە ئـەدەبیاتی عارەبدا، لەسەر رێبازی دێکارت، بە وێستگەیەکی وەها بۆ شلەقاندنیگۆمی وەستاوی بیرکردنەوە، بۆ شکاندنی رکەی کلێشەی بێگیان لە لێکۆڵینەوەی زمان و ئەدەبیاتدا بە گشتی زۆر بەکەڵک دەبینم .

ئـەوە ئیدی لە خوێندنی ئـەدەبیاتی عـارەبدا بووە بە کلێشەی رۆتین، کە ئـەو ئـەدەبیاتە بە چـەند قـۆناغ دابـەشدەکرێت، یـەکەمیان قـۆناغی " جاهلی، جاهلیة "ی پێـش ئیسـلامە . بۆ ئـەوەش، هەمیشە حـەوت یا دە پـارچە شیعر زۆر بـاسدەکرێن، کە دوایی نـاویان بـووە بە " المعلقات " ( هـەڵاوەسـراوەکان ـ بە دیـواری مەککەوە هەڵاوەسراون، یا : پێوەنووساوەکان ـ کە بە دڵەوە نووساون ... یا هەر تیئۆرییەکی تر) .
ئـەوە کە عـارەب پێـش ئیسـلامیـش ئـەدەبیاتیان هـەبووە، حـەتمەن دەبێت راست بێت، مـەگـەر دەکرێـت نـەیانبووبێت ؟ ئـەوجا کە دەڵێیت ئـەو ئەدەبیاتـەیان کوا ؟ گـورج " المعلقات "ـت بە

نموونە بۆ دەهێننـەوە ( من تـەمەنم دوازدە سـاڵ بـوو کە هـەژار دوو موعـەللـەقە و نیـوی پـێ لەبـەرکـردم : إمرؤ القیس و طرفة بن العبد و نیوەی یەکەمی زهیر، کە ئێستاش بـەشێکیانم لێ لەبەر ماوە بەڵام نەک هەمووی) .

بـەڵام وایە ؟ ئەوانە شیعری پێش ئیسلامن ؟ لێکۆڵینەوەی تاها حوسێن بـەوەی گەیاند کە بڵێت : نەخێر نەوەڵڵا، ئەوە ناکرێت هی پێش ئیسلام بێت .

تـاها حوسێن قـەوانەکەی هـەڵگێڕایەوە، گـوتی : بـۆ تێگـەیشتنی سـەردەمی جاهیلیەت دەبێت " قـورئان " بخوێنین، نـەک ئـەوانە، ئـەوانەش بۆ تێگەیشتنی سـەردەمی دوای قـورئان دەبـن!

قورئان ئاوێنەی ژیانی پێش ئیسلامە! ... جا وەرە عارەب و مسوڵمان بەوە شێت مەبن!

٢

ئەو قسەیەی تاها حوسێن، هەرایەکی لە دنیای عارەبدا نایەوە ئەوسەری دیار نـەبوو، تـەنانەت لە دادگاش شـکایەتی لێ کـراو، تـووشی چـەرمەسەرییەکی زۆری کرد . ئـەوەش کە یـەکـەم چـاپی کتێبـەکەی بە تـاریخـی ٢٢ مارس١٩٢٦ پێشکەشـی " حضرة صاحب الدولة عبدالخالق ثروت باشا " کردبوو، کە لەو تاریخەدا سـەرۆکی حکومەت نـەبوو، زەنای دوژمنانی بۆ کـەم نەکردەوە . هەرچەندە وشەکانیشی زۆر بە پارێزەوە هەڵبژاردبوون، بەڵام دیسان کاتێک دەڵێت قورئان لە بەتاڵاییەوە نەهاتووە، ئەوەی تێیدایە باسی فەرهەنگی عارەبە لە مەککە؛ ئەوە بۆ ئەو مسـوڵمانانەی کە گوتوویانە " جبریل " هـەموو قورئانی لە لای خوداوە هێناوە، قورئان قسەی خودایە و لە دەرەوەی جەغزی فەرهەنگی هەر قەومێکە، بە هاسانی هەزم ناکرێت .

تاها حوسێن دەپـرسێت : هەموو ئەو شیعرانە بە ئەو زمانەن کە قورئان کردوویە بە ستانداری زمانی عارەبی، ئێ کوا ئەوە پێش قورئان هەبووە ؟ شـاعیرەکانی ئەوانە ـ کەدەڵێت دەکـرێت قەت وجوودیان نەبووبێت و هەمووی خورافات بێت ـ دەڵێن لە قەبیلەیفڵان و فڵانی جیاوازی شـوێنانی جیاواز بوون، بە ئـەو هـەمووە شێوازە زۆر جیاوازانەی زمان، چ ئـەوانەی" العرب العاربة "( قحطانـیی یەمەن، نیشتمانی یـەکـەمی عارەب) و چ ئـەوانەی " العرب المستعربة " ( عدنانـیی حیجاز کە دوایـی بـوون بە عارەب – چیرۆکی ئیسماعیل و ئیبراهیم کە هـاتوون و

کەعبەیان بیناکردووە، رەمزی کۆچی عارەب لە یەمەنەوە بۆ حیجاز)، چۆن لە ئـەو شیعرانەدا یـەک هەمان زمانی ستانداریان بەکار هێناوە کە ئەویش هی قورئانە ؟ و لە هەموو روویەکەوە لە یەک دنیای شیعریشدا بوون ؟ ئـەوەتا " أبو عمرو بن العلاء"یش ( زانای گـەورەی خـەڵکی مەککە، ساڵی ٧٧٠ لە کوفە کۆچیدوایی کردووە) گوتوویە : ما لسان حمير بلساننا و لا لغتهم بلغتنا! (حمیەر لە قەحتانییەکان و، ئەویش خۆی دیارە لە عەدنانییەکانی مەککە داناوە) .

٣

عارەب تـەنانەت وا بووە لە خـوێندنەوەی قورئانیشدا جیاواز بوون : ئایا لە سورەتی " روم "دا " الـروم ... سیغلبون" بە سیغەی مەعلوومە یـا مەجهوول، " الطير" لە سـورەتی " سبأ "دا بە ئیشارەتی سـەرە یا بۆر، هـەمان شـت بۆ " حجرا محجورا" لە سـورەتی " الفرقان "، حجر بە بۆرە یا بە ژێر، ئـەوە لە هـەمان زمان و شێوازیشدا و لە دەرەوەی شیعریش ( تا بڵێین حیسابی جیـاوازی بۆ بکـرێت)، جا چـۆن ئـەو هـەمووە عـارەبە جیاوازانـەی بیـابـانی بـەرینیش لە پاڵ حیجازدا ئەوەندە یەک کڵیشەییان لە زمانانیاندا هەبووە ؟

خـۆش ئـەوەیە،" إبن عباس"ێک یا " نافع ابن الأزرق"ێک، بۆ پێ سـەلماندنـی ئـەوە کە فـلان وشەی قورئان عارەبیی رەسەنە، گورج شتێکیان لەو شـیعرانەی – گوایە -"جاهلی" بە بـەڵگە هێناوەتەوە . ئێ چ مەعلووم ئەوانە هـەر بۆ سـەپاندنی قسەکەی خـۆیان، هەر وەک بەرگدروو بە مقەست شیعریان رێک بە بـەری هەڵوێستیان لە وشەکەی قورئان نـەبڕیوە ؟ خـۆیان بۆ ئەو مەبەستە دایاننەتاشیوە ؟

تاها حوسێن لێرەدا - بە بیری من - بۆ نـەورووژاندنی شـیعەکان، خـۆی لە زمانی راستـەوخـۆ بواردووە، بـەڵام وەها ئاماژە بە دەمەتەقێیەکی ئەو دووانە دەکات کە خـوێنەر لێی تێدەگات ئەو حـەدیسەی پێغەمبەر کە گـوتبێتی " مـن شـاری زانستم و عـەلی دەرگاکەیەتی " لە دانـانی ئـەو " إبن عباس" ـە بووبێت، ئیتر ئەو شیعرانەشی کە بە بەڵگەی رەسـەنایەتیی وشەیەکی قـورئان باسیکردوون هەر شیعری خۆی بووبن، نە جاهلی و نە هیچ .

## ٤

ئـەو شـاعیـرانەی کە دەڵێـن هی پێـش ئیسـلامن، دینێکیان نـەبـووە ؟ عـەقیدەیەک، روئیـایەک، زانیارییەک لەبارەی" الروم" یا "رحلة الصیف و الشتاء" بۆ شام یا یەمەن یا دەوڵەتی فارس ؟ هیچ کام بڕوای بـە ئیلاهێک، ئیلاهـەیەک، خـودایەک لە خـوداکانی ئـەو وڵاتە پـان و بـەرینە نەبووە ؟ ئەو موعەلـلەقانەیان بردوون و بە دیواری مەککەی مەرکەزی ئـەو بتانەوە کردوون و مەرحەبایەکیشیان بۆ یەکێک لەو بتانە نەخستووەتە شیعرێکیانەوە ؟

دە بە گوێرەی قورئان، کە ئـاوێنەی دینی ئەو سـەردەمەیە، نـاکرێت وا بووبێت . ئـەدی بۆچی هیچ لەوانە لەو شیعرانەدا نابینین ؟ هەر حوشـترەکە و ژنـەکە و ئـاگردانەکە و کوشتنـەکە و... چۆن دنیای فەرهەنگیی ئەوانە بەوەندە بڕاوەتەوە ؟

تاها حوسێن، زۆر لە شیعری چەند لەوانە ورد دەبێتەوە و بـەراوردیان دەکات، بە هەمان شێوە لەو چیـرۆکانەی لەبـارەی شـاعیرەکانەوە، دەگـاتە ئـەو نـەتیجـەیە کە هـەمووی گـاڵتەجـاڕی دواتـرن و، لاسـاکردنەوە و تێکەڵـوپێکەڵکردن و سـاختەچێتی بـوون و هیچی تـر . چیـرۆکـی " عبدالرحمن بن الأشعث "ێک بـۆ " إمرؤ القیس" دەستـکاری کـراوە، فـڵان بەسـەر فیسـاردا ترنجێندراوە، هەمووی پاشاگەردانییەکی ساختەچێتیی هەڵبەستن بووە .

## ٥

دەڵێن " حماد الراویة "ی بە نەژاد دەیلـەمی، سەرەتای سەدەی هەشت، موعەلـلەقاتی بۆ جاری یەکەم تۆمار کردوون و، لە فەوتانی رزگار کردوون ؟ ئەوجا ئەو دەیلەمییە و" راویە"ی تری دوای ئـەو ئەوانەیان لە کوێ هێناون ؟ تـۆمارکردنی شیعر و ئـەدەبیاتی عارەبی رابـردوو، لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە دەستی پێکردووە، بەڵام ئەوە بەتایبەتی سەردەمی عەباسییەکان بوو کە " تـۆمار"ی هەر شتێک دەکرا پارەی پێ پەیدا بکرایە . سـەردەمی نـووسین و وەرگێڕان و زانسـت و ئـارشیفی زانکـۆکان بـوو و، هـەر کەسـە و زیـرەک بوایە و شیعرێکی دابنایە و بۆ زانکۆیەک یا شوێنێکی‌نووسینەوە و بڵاوکردنەوە ببردایە و بیگوتایە : ئەمە هی فڵانە ناوداری

کۆنه و بۆخۆی پارەیەکی بستاندایه .( لێرەدا وەبیرم دێتەوە کە هەژار دەیگوت " وەلی دێوانه" وجوودی نەبووە، خۆی و شیعری لە داهێنانی پیرەمێرد بوون) .

بـەڵام زۆر هـۆی تـریش بۆ سـاختەچێتی هـەبـوون : خـۆ-هەڵکێشان بە بـەڵگەی شیعرێک، کە کەسێک لە قـەبیلەی ئێمە ئـەمەی گـوتووە، کوا کێ لە قـەبیلەی ئێوە توانیویە شتی وەهـا بڵێت ؟ یا بۆ لێ قەبووڵکرانی هەر چیرۆکێک کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە قازانجی خۆی دیتووە . ئەوجا کە کەسێکی رابـردوویان بە گرنگ لە مێشکی خـەڵکدا جێکردەوە، شتێکی بێ مستەوا-شیان - وەکو موعەلـلەقات - لێ دەکەن بە شتی زۆر گـرنگ لە فـەرهەنگدا کە ئیتر جێی خۆی بگـرێت : هـەموو شتی رابـردوو زۆر گـرنگ بـوون ... ئـای ئـەوسا دەنـگی گـەنم ئـەوەنـدەی سـێوێک بـووە! خۆ وەکو ئێسـتا نـەبووە . بەوجـۆرە، شیعر و چیرۆکی زۆر بۆ رابـردوویـەک دروست بوون کە لە رابردوودا نـەبوون!

١

دەبێت ئەو مرۆڤانەی کە بە جیددی لەگەڵ لینیندا ویستبێتیان بە رژیمێکیدادپەروەرانە کۆتایی بە چەوسانەوەی چینایەتیی مرۆڤ بهێنن، چەند نەفەر بووبن ؟ نازانم، بەڵام ئەوانە زۆر زوو کۆمەڵگەیان کرد بە دوو چین، چەند نەفەرێک چینی فەرمانڕەوا بوو و ئەوانە کەوتنە یەکتر-کوشتن و بڕین و، چینەکەی تریش کە بریتی بوو لە هەموو گەل بێ ئەو چەند نەفەرە . ئەگەر گەل شتێکی لە ئەو چەند نەفەرە بە دڵ نەبوایە ئەوە بە " کفر بە جەلالەتی پرۆلیتاریا " دادەنرا و چارەنووسی یا دەبووە " نار جهنم سیبیریا و بئس المصیر"، یا بە شێت دادەنرا و بە قانوونی " لیس على المجنون حرج " دەبرایە شێتخانە .

ئایا پێغەمبەری ئیسلامیش وەکو لینین بەڕاستی پێیوابووە کە بە رژیمێکی دادپەروەرانە کۆتایی بە چەوسانەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەکاندا دەهێنێت ؟ بۆ ئەوە چەند نەفەری لەگەڵ بوون ؟ "عمر بن الخطاب " و " أبو ذر الغفاري"ی لومپین کە وازی لە جەردەیی هێنا و وەکو" دیۆگێنیس"ی یونانی بە سیحری" و الذين يكنزون الذهب و الفضة ... فبشرهم بعذاب أليم " وەدووی پێغەمبەر کەوت و ... چەند کەسی تر ؟

پێغەمبەر بەڕاستی بووە یا بە تاکتیک کە باسی دە کەسەکەی " العشرة المبشرة "ی کردووە ؟ دەبێت ئەو دە کەسەی بە چینیحاکمی گەل دیتبێت، تۆ بڵێ " پۆلیت بیرۆ"(مەکتەبی سیاسی)ی حیزبی حاکم ؟ ئەو پۆلیت بیرۆیەی، کە دوای خۆی کەوتنە کوشتن و بڕینی یەکتر( وەک ستالین و ترۆتسکی و مالینکۆف و خرۆشۆف و کۆسیگین و ... چەندی تر لە سۆڤیەت) .

کاتێک هەموو سەرچاوەکان دەڵێن راستە : عثمان بن عفان( یەکێک لەو"العشرة المبشرة"یەی پۆلیت بیرۆکەی پێغەمبەر)، سێیەم خەلیفە ( تۆ بڵێ سکرتێری گشتیی حیزب) گوتوویە :

دەسەڵاتی سیاسیی من بەسەر مسوڵمانانندا " کراسێکە کە الله دە بەریکردووم و وای بە حاڵی ئەو گەوجەی کە بە لای ئەو کراسەمدا بێت و بڵێت منیش هەقم بەسەرەوە هەیە : " ما كنت لأخلع قميصا قمصنيه الله عز و جل"، جارێکی تر : " لأن اقدم فتضرب عنقي أحب إلي من

أن أنزع سربالا سربلنيه..." كێ ؟" الله عز و جل". راستیش دەکات، مەگەر کاتێک پرۆلیتاریا ستالین دەکات بە رابەر، کراسی دەسەڵاتی دەبەردەکات، گەل چ تەرەماشێکە بیەوێت کراسە-کەی لەبەر داکەنێت یا بیدڕێت یا بیشوات و هەڵیخات و چیی لێ بکات ؟
دوایی کراسی عوسمانیان دڕی و پێنج قامکی ژنەکەشیان لەگەڵدا پەڕاند، بەڵێ و" الله عز و جل" ـەکەی هیچی بۆ نەکرد، بەڵام ستالین سێ ساڵێک دوای مردنی، ئەوجا یەکێک لە " العشرة المبشرة"ی لێنین بە ناوی خروشۆف وێرای قسەی پێ بڵێت و عەمامە و پەیکەری فڕێبدات .

٢

پەیکەری گەورەی خودایان( زێوسی یونان) لە " مکە "بە ناوی" ألله" هەبوو و، جوو(خەڵکی ئەسڵی حیجاز پێش چوونی عارەب لە یەمەنەوە بۆ ئەوێ) و مەسیحیی لێ هەبوون و، "الأحناف"ێکیش کە خەڵکێک بوون بڕوایان بە پرەنسیپەکانی یەک خودا لە غەیب،لە ئاسمانی ئیبراهیمییان قەبووڵ بووە بەڵام نەژادپەرستیی جوو نەیتوانیوە ئیحتیوایان بکات و، دروشمە-کانی مەسیحییەتیش ئەوە نەبوون بەر رەوشتی زۆرترینی عەشیرەتی عارەب بکەون . لەوانە، دوایی ئیسلام هات و بە " الدین الحنیف" خۆی پێشکەش کرد، گوتی" الأحناف"ـە راستەقینە-کە ئێمەین و، مەرجەعییەتێکی هەبوو کە نەدەکرا قەبووڵ نەکرایە : " ألله"، بەڵام نەک ئەو بتەی کە قسەی نەدەکرد،" ألله"ی غەیبی لە ئاسمان کە قسەی دەکرد و بە جبریلدا قسەکەی دەگەیاندە پێغەمبەر و پێیدەگوتن چی بکەن و چی نەکەن .
وا دەبوو پێغەمبەر فەرمانێکی دەدا، هەڤاڵی هاوسەنگەری پێیدەگوت : ئەوە لە وەحییە ؟ ( قسەکەت لە جبریل وەرگرتووە ؟)، کە پێغەمبەر دەیگوت : نا، ئەوە بیری خۆمە، هەڤاڵ دەیگوت : نا، ئەوە هەڵەیە، من باشتری دەزانم، پێغەمبەر دەیگوت : ئافەرم، وەکو خۆت بکە . بەڵام ئەو یەک مەرجەعییەتە (ألله) لە دینەکەدا لە رێگەی جبریلەوە تەنیا پێوەندیی بە یەک کەسەوە، بە پێغەمبەرەوە کردووە و، کەسی تر . ئەگەر لە دینەکەدا هەبوایە کە جبریل لەدوای پێغەمبەر پێوەندیی بە خەلیفەکانیشەوە دەکات و قسەی " ألله"یان پێدەگەیەنێت، ئەوا مێژوو حەتمەن دەبێت بە شێوەیەکی زۆر جیاواز بڕۆیشتایە . بەڵام ئیتر وا نەبوو . بە کۆچی دوایی

پێغەمبەر ، پێوەندی بە مەرجەعییەت کۆتاییهات. مسوڵمانان دوای ئەوە دەبوو بۆ مەرجەعییە-ت، خۆیان بە ئەوەندە پەیامەوە ببەستنەوە کە لە سەردەمی پێوەندیی مەرجەعییەتدا هەبووە : بە قورئان، بەڵام بە حەدیشیس (" حديث "، قسەی پێغەمبەر) .

هەر لە هەمان ڕۆژی کۆچیدوایی پێغەمبەردا، کە دەبوو کەسێکیان بە رابەر هەڵبژێرن، " الأنصار"ی مەدینە بە " المهاجرين"ی " مکە"یان گوت : میرێک لە ئێمە و میرێک لە ئێوە بۆ فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلام ." أبو بكر"( لە مهاجرینی قورەیش) گوتی : نا، من خۆم لە دەمی پێغەمبەرم بیست کە گوتی : الأئمة من قريش، واتە ئیمامەکان (دەبێت) لە قوڕەیش(بن) . ئەوجا أبو بكر پێیگوتن : نحن الأمراء و أنتم الوزراء، ئەمیرایەتی بۆ ئێمە و وەزیرایەتی بۆ ئێوە . ئەوجا ئەوەیە ئیسلام ؟ یانی چی ئەمیرایەتی بۆ ئێمە ؟ بە چ بەڵگەیەک ؟ قسەی پێغەمبەر ؟ ئەو بە چ بەڵگەیەک ؟ خۆ ئەگەر لە مەرجەعییەتی " الله"ـەوە بوایە ئەوا دەبوو دە قورئاندا هەبوایە . ئەوجا ئەوە پێچەوانەی ئەو حەدیسەیە کە دەڵێت : لا فرق بين عربي و لا أعجمي و لا أبيض و لا أسود إلا بالتقوى"، " نحن "ی چی و " أنتم "ی چی ؟ دەکرا بڵێین " سلمان الفارسي"ی کە پێغەمبەر و ئێمەی فێرکرد لە شەڕدا وەکو فارسەکان"خندق" لێبدەین با بکەین بە خەلیفە، چونکە مرۆڤێکی زۆر خوێندەوار و زانا و بە ئیدارەشە ( وەک کە دواتر عومەر زۆر ژیرانە کردی بە والیی المدائن - عیراق) .

٣

نوخبەی حاکم چۆن دروست بوون و دەبن ؟ وەڵامی ئەوە بە گوێرەی قۆناغی مێژووی هەر کۆمەڵگەیە و چینایەتیی دەگۆڕێت .

لە رووسیادا، دەستەیەک دەرەبەگ و پیاوی ئاینی ( وەک راسپۆتین) بە دەوری پادشاوە بوون، ژمارەی کۆڵەکەکانی رژیم رەنگە" العشرة المبشرة"(دە کەسێک) بووبن . بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی کۆمونیستدا، ئەو چەند کەسەی بە دەوری"هەڤاڵی گەورە"وە لێنین کۆبوونە-تەوە و نوخبەی حاکمیان پێکهێناوە، ژمارەیان قەت لە ژمارەی ئەوانەی بە دەوری " مامی گەورە" و" کاکی گەورەی"ی ئێمەوە بوون پتر نەبووە . کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی لێنین یا ستالین

یا هەر رابـەرێکی سۆڤیەتی دوای ئەوان نـەیانگەیاندووەتە " العشرة " هەمیشە لە ١٠ کـۆڵەکە کەمتر بوون .

نـوخبەی حاکم لە دەوڵەتی ئیسلامیدا چۆن پێکهات ؟ کێ بە دەوری پێغەمبەرەوە بوو، هـەر لە قۆناغی چەوسانەوەی لە " مکە " و راکردنی و دوای ئەوە لە یثرب (المدینە)، ئەوانە بوون بە نوخبەی حاکم ... ئەوجا ئەوانە هەر کامیان کەی و بە چ مەبەستێک چوونە ریزی مسوڵمانان، ئەوەش باسێکی تری دووردرێژە، بەڵام دروستبوونیان بەوە کە" بە دەوری رابەرەوە بوون" کتومت هـەمان بەوشێوەیە بووە کە نـوخبەی دەوری لینین و ستالین و بـارزانی و تـاڵەبانیی پێ دروستبوون . " طە حسین " نـاویان دەنێت : " الطبقة االارسـتقراطية في الدولـة الإسـلامية" ( چینی ئاریستۆکراسی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا) و، روونە لەوەدا دەسـەڵاتی رۆمای دە سەردایە، بـەڵام هـەر خـۆی بە زمانێک کە مسـوڵمانان نەورووژێنێت، لە شوێنێک بە شێوەیەک دەڵێت : ئـەو ئاریستۆکراسییە وەکو ئـەوانەی رۆما لە پێداویستـەکانی ژیانی سـەر زەوییەوە نـەهاتبوون تاکو بتوانن قانوون بۆ ژیانی سەر زەوی دابنێن . ئەوانە بە دەوری پێغەمبەرێکەوە پێکهاتبوون کە دەیگوت پـەیامی لە غـەیبەوە بۆ هێنابوون . لە راستیدا، ئـەو نـوخبەی حـاکمە هـەر وشـەی " رژیم، نەزم، نیزام، دەستوور، قـانوون " لای ئەوان لە ئایەتی " ألف لام میم، کهیعص، حم، عسق ..."ی قورئان (کە کەس نـازانێت یانی چی) موعەمماتـر بوو . " دەوڵـەت " لای ئـەوان بـریتی بـوو لە " فارس" و " بیزەنتی"ی کە بە تـاڵان و جـەردەیی و راو و رووت دەچـوونـە سەریان یا بۆ بازرگانیی بازرگانانیگەورەی قورەیش بە کەڵک بوون . من ئاگام لە سەرچاوە- یـەک نیـە کە بڵێت دەوڵـەتی ئیسـلام پێـش حـوکمی عـومەر دەیـزانی نـاوی سـەربازانی خـۆی بنووسـێت، عومەر دامەزراندنی یـەکەم " دواوین " لە فـارسەکان فێـر بوو . پێغەمبەر تەبیعی زانیویە کە ژیانی ئەبەدیی نیە و، دەوڵەتی ئیسلام دوای ئـەویش پێویستی بە رابەر هەیە، بـەڵام ئـەوسا چـۆن رابـەری دیار بکات ؟ بە چ دەسـتوورێک ؟ دەوڵـەت دەسـتووری نیە . قـورئان ئامرازی ئەو کارانەی دەوڵەت نیە ... هەر خەلیفەیە بە شێوەیەکی جیاواز و بە پێوانەی ئێجگار زۆر دنیاییی ئیجتیهادی مـرۆڤ حـوکمی گرتووەتە دەسـت و حوکمی کردووە . تـەنانەت وای- لێهـاتووە کە ماڵـی " بنـو أمية " بە ماڵی " بنـو هاشـم" بڵێـن : ئـاخر ئێـوە پێغـەمبەرییەکەتـان

بەرکەوت، دە با خەلیفایەتییەکە بۆ ئێمە بێت! هەر رێک وەک دانانی سەرکۆماری عیراق لە نێوان پارتی و یەکێتی‌دا!

٤

سەردەمێک رژێمێکی ئیسلامی هەبووە کە ئێستا نیە ؟ کەی ؟ سەردەمی راشدین، چوار خەلیفەی کە دوای پێغەمبەر هاتن ؟ ئەوانە چییان لە ئیسلامی ئێستا جیاواز بوو ؟ هێندێک مەراسیم و بەکارهێنانی ئایەتی قورئان بۆ پاکانەکردن بۆ ژیانێکی خۆیان کە فڕی بەسەر هیچ رژێمێکی دیارکراوەوە نەبوو، بەگوێرەی هیچ دەستوورێک و قانوونێک نەبوو .

" عمر بن الخطاب " دەیویست قوڕەیش تێکوپێک بشکێنێت، هەر زۆر رقی لە نیزیکەی هەموویان بوو و سیاسەتێکی زۆر وشکی دەستگرتن بە پارەوەی هەبوو . ئدیئالیستێکی سەیری دوژمنی دەوڵەمەندان بوو، کراسی لەبەر منداڵی فەرماندەی وەک " عبدالرحمن بن عوف" داکەندووە و دڕاندووە و فڕێداوە چونکە ئاوریشم بووە! زۆر رقی لە " خالد بن الولید " بووە و، لە فەرماندەیی لاداوە، خالد دوای چوار ساڵی ژیانی بە خانەنشینی لە ئوردون مایەوە تا کۆلێرا کوشتی . خالد لە شەڕێکدا دیتی" عكرمة بن أبي جهل"( یەکێک لە فەرماندەکان) پێکرا و کەوت، چوو سەری لەسەر رانی خۆی دانا و چاوی بڕییە چاوییەوە و گوتی : " زعم ابن حنتمه أننا لا نستشهد" . حەنتەمە دایکی عومەر بووە : ئای کوڕی حەنتەمە خانم گوتی گوایە ئێمە شەهید نابین! چونکە عومەر لە پایتەخت دەستی بەسەر گەورەپیاوانی قورەیشدا گرتبوو و، نەیدەهێشت دەرچن و، زۆر بە زەحمەت رێگەی چوونەجیهادیشی دەدان، پێی‌وابوو ئەوانە هەر خەریکی کتلەبازی و دەوڵەمەندبوون بوون، بۆنی ئەوەی دەکرد کە ماڵی بنو أمية بە تەمای چی بوون . بەڵام بۆ ئەوانی تریش بە هەر بەهانەیەک دەیشکاندن : لە کاتی معاشدا کە خەڵک ریزیان گرتبوو و عومەر بەسەریانەوە بوو، " سعد بن أبي وقاص" بەرەو لای عومەر چوو، دەڵێت عومەر : " علاه بدره "! واتە : قامچیی لێ بەرزکردەوە ، هێی نەکەیت ریز بشکێنیت، بڕۆ لە ریز بوەستە، ئەوانە پێش تۆ هاتوون ... ئێ چ مەعلووم کە هەر نایەوێت جارێ قسەیەکت لەگەڵ بکات ؟ هەر ویستوویە لەبەر چاوی خەڵک هەیبەتی ئەو گەورە فەرماندەیە بشکێنێت .

ئـەوجا بە چ شـێوەیەک " علي بن أبي طالب" بۆ جێگرتنەوەی عومەر خـرایە لاوە و عوسمان دانرا، کە پێچەوانەی هەموو مەنتیقێکی عەقڵ بوو، ئەوجا عوسمان کە هات چیی کرد :

کەوتە پارە بەشینەوە بەسەر خزماندا : چوارسەد هەزار دینار، شەشسەد هەزار دینار ... هـەر کچێکی کە مێـردی دەکـرد سـەد هـەزار دینـاری لە " بیت المال"ی ئیسـلامی دەدایە! بـۆچی ؟ دەیگوت تاکو خـودا بۆ ئەوە بمخاتە بـەهـەشـتەوە، چـونکە من لەگەڵ ماڵ و ئەولاد و خـزمانی خۆمدا بەرەحمم! راستیشی دەکرد، عومەریش و ئـەویش و ئـەوانەی دوای ئـەو دووانەش زۆر بە هاسانی دەیانتوانی ئایەتان لە قورئان بدۆزنەوە کە پاکانەی‌کارەکەیانی پێ بکەن،دەستووری ئیمپراتۆریی رۆمانییان نەبوو کە بڵێت : چەندە پارەی دەوڵەت چۆن لە کوێ بەکار بێت .

هەمووی ئیجتیهادی تاکە کەس بوو کە خۆی جۆرە دەسەڵاتێک بۆخۆی دروست بکات( هەمان کاری کە پێغەمبەر بۆی‌دەکرا) و، قەت جەوهەری هیچ فەرهەنگێکیان نەگۆڕی . پەرەسەندنی عـارەب لە پێش ئـەوانەوە و تا ئـەمڕۆ، فـڕی بەسـەر هیچ شتێکەوە نـەبووە کە پێی‌بـگـوتـرێت " ئیسلامی"... جگە لە مەراسیمی بەتاڵ : نوێژ بکە و لە جیاتی شیعر قورئان بخوێنە، ئێ ئەوە کەی سـەردەمی ژیانی کـۆمەڵگەی" ئیسـلامی"یە ؟ کە بڵێن ئەوسا ئیسلام هەبوو و ئێستا نیە ؟ ئەوسا چی بوو و ئێستا چیە ؟

١

ئەوەندەی ئێمە لە مێژووی دین و عەقیدەی مرۆڤی دەزانین، مێژووی دەهەزار ساڵێک، مرۆڤ زۆر دین و عەقیدەی گۆڕیون، بەڵام هیچ دین و عەقیدەیەک قەت بە هیچ جۆرێک هیچ شتێکی لە جەوهەری ڕەوشتی مرۆڤ نەگۆڕیوە . ڕەوشتی باش و ڕەوشتی خراپ، بە هەر شێوەیەکی سەردەم دیترابن، هەمیشە هەمان شت لای تابیعانی هەموو دینێکی هەموو سەردەمێکدا هەبوون : کەسانێکی باش و ڕەوشت جوان و کەسانێکی خراپ و بەدڕەوشتیش .

کەسانێک پێش ئیسلام - بەنموونە - بە چاک دانراون، یا خراپ، هەر ئەوانە دوای بوونە مسوڵمانیش ڕێک هەمان وەکو پێش ئیسلام چاک بوون یا خراپ . دین، تەنیا مۆدێلی پاکانە- کردن بۆ ڕەوشتێک پێشکەش دەکات و، کە دین دەگۆڕێت، مۆدێلی پاکانەکەش دەگۆڕێت : لە " أللە"ی بەردەوە،" ألله"ی قورئان جێی دەگرێتەوە .

محەمەد پێش بوونە پێغەمبەریش بە باش دانراوە،"علي بن أبي طالب"یش و کەسانێکی تریش، أبو سفیان و معاویە و زیاد بن أبیە و زۆرانی تریش پێش ئیسلام بە خراپ باسکراون، کە بوونەتە مسوڵمانیش هەمان شت بە خراپ ماونەتەوە ( تەبیعی بەگوێرەی ئەوەندەی لە سەر- چاوەکان وەدەست ئێمە دێن، کە دەشکرێت پڕۆپاگەندە زۆری شێواندبێت) . مرۆڤ کە باش بوو یا خراپ بوو، کتێبی دین چیی لێ بکات ؟ هیچ، هیچی لەگەڵدا بۆ ناکرێت .

بیری ئەوە کە کتێب بە بەرتیلی سەودای بازاڕ خەڵک چاک دەکات : خەڵک ئەزیەت مەدە تا بچیتە بەهەشت بۆ هوتێلی پێنج ئەستێرەی باشترین هەنگوین و شەراب و ئەوەندە حۆری و نازانمچی، بە بەڵگەی تاقیکردنەوەی مێژووی مرۆڤی نەک هەر هەزاروچوارسەد ساڵ، بگرە زۆر بەڵێنی لەو بابەتانەی دینانی زۆر پێش ئەوەش کە پێدەزانین،هیچ کاری‌نەکردووە . بە پێچەوانەوە، ڕەنگە باوی مرۆڤی خراپی بەرتیلخۆری زۆریشی خۆشکردبێت: با زۆرترین کافر سەرببڕم، بە منداڵەکانیشیانەوە تا لە قیامەت مایەی پترم بۆ دابنێن و ژمارەی خانمەکانم بۆ زیاد بکەن، سەودایە ئیدی، ئەو بە ئەو ڕەوشتەی کە هەیەتی، سەودای خۆی وەها خەست

دەکاتەوە . خۆ کتێب چیی لێ بکات ؟ هیچ، هیچی لەگەڵدا بۆ ناکرێت . کەسێک بە بەڵگەی دین باش بێت ئەوا باشیی خۆیەتی و، کەسێک بە بەڵگەی دین خراپ بێت ئەوا خراپیی خۆیەتی . دین هەر دیکۆرێکی ئەو کەسەیە بۆ چاکە کردن یا خراپەکردن، کاغەزێکە دە رەوشتی خۆیەوە دەپێچێت . رەوشتەکە بڕیار دەدات بە چ ڕێگەیەکیدا ببات، نە کتێب و نە هیچ، ئەدەبیاتی دینەکانیش هەر لە سەردەمی سومەرەوە تا ئەمڕۆ ڕێک هەمان شت دەڵێن، بەڵام ئیتر بە زاراوەسازیی خۆیانی دەڵێن .

ئەوەی من پێیدەڵێم " رەوشت"ـەکەی، ئەوان پێیدەڵێن خوداکەی، فڵانە ئیلاهەکەی، یا ئێلۆهیمی " بنو اسرائیل "، یا " الله"ـەکەی : " یضل من من یشاء و یهدي من یشاء" ، ئیتر کتێب و متێب و دین و مین و نازانمچی بە چی دەچێت ؟ کە رەوشتەکەی( ألله ـەکەی) چ ڕێگەیەکی بۆ هەڵبژارد هەر بەو ڕێگەیەیدا دەڕوات .

## ٢

مرۆڤ، بەوە کە بە کۆمەڵ دەژیت، چینی جیاوازی هەن، باشەکان و خراپەکانیشی (بە هەر مانایەک) دەستەبەندی دەکەن، دەستەجاتێک پێکدەهێنن : کاهینانی فڵان پەرستگای فڵان دین، حیزبی فڵان چین : لە ڕۆمای کۆن " پرۆلیتار" نوێنەریان لە پەرلەمانی ئەوسادا هەبوو، لە یەکێتی سۆڤیەتیش هەڤاڵ ستالین کۆمیساری حیزبی پرۆلیتار بوو( کە هەڤاڵ ترۆتسکیی هەمان حیزبی پرۆلیتاری وەلا نا و دوایی بە فەرمانی ئەو بە تەور کوشتیان) . بە ملیۆنان مرۆڤی میسالی، کاری زۆر چاک و زۆرانی تریش کاری زۆر خراپیان کردووە، عەقیدە هەرچی بووبێت هەر بە گوێرەی رەوشت ورد کراوەتەوە .

پیرۆزترین مەبەست و بێ ئینسافترین مەبەستیش بە ناوی خودایەک ( لێرەدا : پرۆلیتاریا یا سۆسیالیزم) بە گوێرەی رەوشتەکە : " یضل من یشاء و یهدي من یشاء" دە کاردا بوون .

واقیعی ژیان، سەد لە سەد بەگوێرەی کۆمەڵێک پێداویستی پەرەسەندنی ماددیی ژیانی مرۆڤ بوون کە تێدا دیکۆری دین(لێرەدا عەقیدەی پرۆلیتاریا)ی بۆ دروستکراوە، عەقیدە کاغەزێک بووە تێیەوە پێچراوە . کرداری رابەرانی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت و کتێبی پیرۆزی

سۆسیالیزم و ... هەمووی هەر" سەرخان "ی سایکۆلۆجییەتێکی مرۆڤ بوون، " فێلین "ی قولاپی ماسیگر بوون، کە ماسیی ڕەوشتی مرۆڤ لە ژێرەوە ڕایکێشاوە، هێناوییە و بردوویە .

٣

بە گوێرەی ئەوەندە سەرچاوەی کە هەن، بە وەسیەتی یەکەم خەلیفە " أبو بکر"، کە کەس ئیعتیرازی لەسەر نەبوو، عومەر بوو بە خەلیفەی‌دووەم . عومەر، ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاریی لە شەش کەس پێکهێنا : علي بن أبي طالب، عثمان بن عفان، الزبير بن العوام، طلحة بن عبيدالله، عبدالرحمن بن عوف، سعد بن أبي وقاص . هەموویان لە قوڕەیش بوون، مەرکەزە-کانی هێزی ئەوسا بوون، کە نەیاندەتوانی بە بێ ئیجازە وەرگرتن و ڕێگەدانی عومەر بستێک لە پایتەخت دوور بکەونەوە . تۆ بڵێ هەر وەک ئەولادی سەرۆکعەشیرەتانی ئەمارەتی بۆتان لە پایتەختی بەدرخاندا. بە ئەوەندەی من لە سەرچاوەکاندا دیتوومە، وێدەچێت عەلی لەوانەدا، کە زۆر ئیماندار بووە، تاقە بیرکارێک بووبێت کە خۆی بە ڕەوشتی چاکی خۆی ڕاستگۆیانە و تەنیا بە عەقڵیخۆی و بە بێ هیچ تەئسیرێکی تر دینەکەی تەفسیر کردبێت . بیروڕای عەلی بۆ هێندێک شت لەوەی عومەر جیاواز بوو . عومەر لە مەسەلەی پارەدا وا ناسرابوو کە زۆر گیر بوو، عەلی ئەوەی پێ باش نەبوو و دەیگوت : لە کۆتایی ساڵی داراییدا، با شوێنی" بيت المال" هیچی تێدا نەمێنێت و، شوێنەکە گسک بدرێت .

" أبو لؤلؤة "ی فارس بە خەنجەر عومەری کوشت و، خۆی کوشت .

" عبدالله"ی کوڕی عومەر، لە تۆڵەی باوکیدا، چوو کچی" أبولؤلؤة" و فارسێکی تر بە ناوی " الهرمزان" و مەسیحییەکی عارەبیش بە ناوی " جفينة "ی کوشتن . عەلی گوتی : ئەو کوڕە سێ قەتڵی کردووە و بە گوێرەی شەریعەتی ئیسلام سێ حوکمی ئیعدامی بەر دەکەوێت و حەتمەن دەبێت ئیعدام بکرێت . بە قسەی نەکرا . پێنج ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکار - دوای سێ ڕۆژ لە پێوەندی و قسەی ئاشکرا و پستەپستی نهێنیی پشت پەردەی نوێنەرانی هێزەکانی قوڕەیش - بۆ دانانی خەلیفەی سێیەم کۆبوونەوە ( طلحة ئەوسا لەوێ نەبوو) . عومەر وەک ئەبوبەکر وەسیەتی نەکردبوو کێ لە دووی ئەو ببێت بە خەلیفە، گوتبووی ئەوە بە شوورا

دەبێت. عبدالرحمن بن‌عوف لە مزگەوت لە جێگەی پێغەمبەر دانیشت، عەمامەکەی‌پێغەمبەری کردە سەری، عەلی لەلایەکی و عوسمان لەلایەکەی دیکەی دانیشتبوون . پێشنیاری کرد : کێ نایەوێت ببێت بە خەلیفە با بڵێت تاکو بڕیار لەسەر یەکێک لە ئەوانی تر بدرێت . کەس هیچی نەگوت . ئەوجا عبدالرحمن خۆی گوتی : من نامەوێت . عبدالرحمن دەستی " عەلی"ی گرت و گوتی : ئەی عەلی تۆ ئامادەیت بە قورئان و حەدیس و لەسەر ڕێبازی ئەبوبەکر و عومەر حوکمی مسوڵمانان بکەیت ؟ عەلی گوتی : " أللهم لا "، نەخێر نەوەڵڵا، من بە قورئان و حەدیس حوکم دەکەم بەڵێ بەڵام بە ڕێبازێک کە بە هەموو توانای عەقڵیی‌خۆم بێت نەک کەسی تر . عبدالرحمن دەستی بەردا، ئەوجا دەستی عوسمانی گرت : ئەی عوسمان تۆ ئامادەیت بە قورئان و حەدیس و لەسەر ڕێبازی ئەبوبەکر و عومەر حوکمی مسوڵمانان بکەیت ؟ عوسمان گوتی : بەڵێ من ئامادەم . عبدالرحمن گوتی : پیرۆزە، تۆ خەلیفەیت . خەڵکی مزگەوت هەستان و یەک بە دووی یەکدا پیرۆزباییان لە عوسمان کرد .

عەلی ڕاستگۆ بوو، عوسمان سەد لە سەد درۆزن بوو، ڕێبازەکەی سەدو هەشتا دەرەجە بە پێچەوانەی ڕێبازی ئەبوبەکر و عومەر بوو . قورئان و خودا و نازانمچی چی بکەن ؟ چییان پێ دەکرێت ؟ هیچ، تەبیعی هیچ . ڕەوشت خودای مرۆڤە : الله، سۆسیالیزم و پرۆلیتاریا ... هەرچی، هەمووی دیکۆرە بۆ ڕازاندنەوەی پێداویستی ماددیی ژیان، کاغەزێکە حەقیقەتی پێویستی ماددیی مرۆڤی تێوە دەپێچرێت .

٤

فەرهەنگی تاڵان و بڕۆی عارەبستان( وەک زۆر شوێنی تری دنیا)، بە گۆڕانی" الله"ی بەرد بە " الله"ی قورئان، دەبوو بگۆڕێت . گرتنی وڵاتانی تر( فەتح) بۆ کانالیزەکردنی ئەو فەرهەنگە دێرینە زۆر بە کەڵک بوو، هەم کووتاڵ بە تاڵان دەبران، هەم کچ و ژن و پیاویش . خۆش بوو . بەڵام عارەب بەوەوە نەوەستان : کەوتنە سەر تاڵانکردنی " بيت المال"ی خۆشیان، کە هەر هی خۆیان و بۆخۆیان بوو . عومەر دەیتوانی بە زەبری قامچییەکەی" بيت المال"ـەکە بەگوێرەی قانوونی خۆی بپارێزێت، بەڵام بە کوژرانی ئیتر "بيت المال"ی مسوڵمانان بوو بە

دزی، دزی و دیسان دزی .

" ابن عباس"ی ئامۆزای ئیمام عەلی، کە لە گەورەترین پیاوانی مێژووی ئیسلامە، عائشە پێی- هەڵگوتووە و، بۆ گێرانەوەی هەر حەدیسێک پێویستە، یەک جار بە شەش ملیۆن " درهم"ی" بیت المال"ی"الإسلام و المسلمین" لە بەسرە رۆیشت و بە یارمەتییماڵی خاڵوانی (بنو هلال) گەیشتەوە عارەبستان . کە گەیشتەوە دەستبەجێ، بۆ بێتاقەتی، سێ کەنیزەکی لە " مکە " بە سێهەزاردرهم کڕین، واتە : شەش ملیۆنەکە ئەوسا نرخی کڕینی شەشهەزار کەنیزەک بووە لە بازاڕی عارەبستان .

٥

من پێشتر باسی" زیاد بن أبیە "م کردووە، زیادی کوڕی باوکی، کوڕی " سمیة " خانمێکی قەحبە لە عارەبستان کە دوایی معاویە کردی بە برای خۆی ( هەرچەندە" عبیدالثقفي"ناوێکیش گوتوویە کە زیاد لە نوتفەی ئەو بووە). بەهەر حاڵ، ئەو زیادە لە سەردەمی عومەرەوە بەرپر- سیاری" خراج" ( باجی زەوی و بەرهەمی زەویوزار ) ی دەوڵەتی ئیسلامی بووە لە بەسرە ( سەرچاوە هەن دەڵێن : فارس، سەرچاوەی تر دەڵێن : کرمان) . کاتێک عەلی بوو بە خەلیفە لەسەر وەزیفەکەی هێشتەوە . عەلی، لە کۆتایی ساڵی داراییدا "بیت المال"ی گسک دەدا، واتە ئیتر هیچی تێدا نەدەماوە و، دەبوو دارایی نوێ بۆ ساڵی داهاتوو بهاتایە . لەوەدا، کەسێکی ناردە لای زیادی کوڕی باوکی کە داهاتی " بیت المال" بنێرێت . زیاد پارەیەکی دا بە شاندی عەلی، کە شاندەکە زۆری پێ کەم بوو . ئەوە چیە ؟ زیاد گوتی :" الأکراد"(کورد، کوردەکان) کەمیان خەراج دا و، ئێ منیش هیچم لەگەڵیاندا پێناکرێت، کوردن و باجی تەواو نادەن، بەڵام تکایە تۆ ئەوە بە عەلی مەڵێ، هەر بڵێ ئەوەندەیە و تەواو، ئەو چووزانێت .

شاندەکە گەڕایەوە لای عەلی و نووک و بەدی وەک خۆی بۆ گێڕایەوە، کە زیاد وای گوتووە . عەلی زۆر تووڕە بوو و فەرمانی بۆ زیاد نارد کە حیسابەکانی بە وردی پێشکەشبکات، بەڵام بێ فایدە بوو . عەلی فەرمانی لێکۆڵینەوەی دا، دەرکەوت کە کورد باجی خۆیان بە تەواوی داوە و زیاد درۆی کردووە . عەلی، ئەو کاتە لە هەموو لایەکەوە دەور درابوو : معاویە و عمرو بن العاص لە لایەکەوە، کە زیادیش پێوەندیی پێیانەوە هەبوو . هەرچەندە هێشتا بە

ڕەسمی کارمەندی عـەلی بـوو، بـەڵام دەیدیت کە عەلی پیاوی پـرەنسیپ و ڕەوشتی میسـالی و ئەو شتانە بوو، کە نەدەکرا لەو دەوڵەتەدا خۆی لەبەر معاویە بگرتایە، ئیتر لە ئێستاوە خۆی بۆ دواتر دابین دەکرد . لە لایەکی ترەوە شەڕی"خوارج"ی تێئاڵا بوو و، چیایەک کێشەی لەبەر- دەم کەڵەکە ببوون، بـەڵام خۆ نـەشدەکرا لە ئەو دزییەی زیاد بێدەنگ بێت، ئیتر نـامەیەکی بـۆ نووسی : هەی زیاد! سوێند بە خودا دەخۆم کە تۆ درۆ دەکەیت :

" أمّا بَعدُ ، فَإِنَّ رَسولي أخبَرَني بِعَجَبٍ ، زَعَمَ أنَّكَ قُلتَ لَهُ فيما بَينَكَ وبَينَهُ :
إنَّ الأَكرادَ هاجَت بِكَ ، فَكَسَرَت عَلَيكَ كَثيرا مِنَ الخَراجِ ، وقُلتَ لَهُ : لا تُعلِم
بِذلِكَ أميرَ المُؤمِنينَ . يا زِيادُ ! وأُقسِمُ بِاللهِ إنَّكَ لَكاذِبٌ ."

## ٦

دنیای دیموکراسیی سەرمایەداری، ئێستا باشترین قۆناغێکی ڕژێمی سیاسیی مرۆڤە لە دنیادا ؟ مێرکل، لە کاتی ڕێفراندۆمی کـوردستاندا گوتی : " ئـەگـەر کـورد سـەربـەخـۆیی کـوردسـتان ڕابگەیەنن، ئەوا ئێمە هەموو یارمەتییەکیان لێ دەبڕین " : ئـەوان خۆیان ئـەوە باش دەزانن کە ئێمە تەنیا کاتێک یارمەتییان(لە دژی داعیش) دەدەین کە بەشێک بن لەعیراق، هەر بەو سیفەتە یارمەتییان دەدەین .

ئـەوجا ئـەم دنیایەی دیموکـراسی بە ئـەو جۆرە بـاشـە ؟ ژنێک زۆر دوور لە کـوردسـتان، بـە خەڵکی کوردستان بڵێت ئەگەر ئێوەش سەربەخۆیی وەکو ئێمە ڕابگەیەنن ئەوا ئێمە یارمەتیتان نادەین، دەبێت بۆ ئەوە لە ژێردەستی نەتەوەی تردا بمێننەوە. ئەوە دینی دیموکراسیی نموونـەیی ژیـانی مـرۆڤە لەسـەر زەوی ؟ بـازرگانی لەگەڵ کاهینانێکی جینایەتـکار بـەرانبەر مـرۆڤ و قەبووڵکردنیان لەسەر حیسابی نەتەوەکانی ژێردەستیان و نەتەوەی خۆشیان لە هەموو دەستگا نێو- نەتەوایەتییەکاندا، ئەوە دینێکی باشە یا قـۆڵبڕینی مـرۆڤایەتییە ؟ ئێ خـۆ ئەوە بۆ کورد نـە ئیسلامی" عەلی"یە و نە ئیسلامی " معاویە"، دیموکراسیی سەرمایەداریی ئەمڕۆی دنیایە، کە ئەوەش هەر پێوەندیی بە ڕەوشتی (خودای) سەرمایەداریی مرۆڤ لەسەر زەوی هەیە .

## کانکو مووسای مسوڵمان دەوڵەمەندترین مرۆڤ لە مێژوودا ؟ -٨٨-

مووسا ناوێک، بەوە کە کوڕی خانمێکی ئافریقایی بە ناوی کانکو خانم بووە، بەگوێرەی فەرهەنگی قەومەکەی ناوی بووە بە کانکو مووسا، لە ئافریقا، لە ١٣١٢ تا ١٣٣٧ مانسا ( شاهەنشا، ئیمپراتۆر)ی ئیمپراتۆریی ئیسلامیی مالی بووە، ئیتر بە چەند ناوی تریش لە ئافریقا و ئاسیا و ئەوروپا زۆر ناسراوە . زۆر سەرچاوە بە "دەوڵەمەندترین مرۆڤی مێژوو"ی ناو دەبەن . بە کانی زێر و خوێ و بازرگانییکۆیلە ئێجگار زۆر دەوڵەمەند بووە . مزگەوتێکی ئێجگار زۆر گەورەی دروستکردووە ( بڕوانە وێنەی) . کە چووەتە حەج، پتر لە دەهەزار کۆیلەی بۆ خزمەتی خۆی بۆ حەج بردوون و چەند دەهەزار جار خزمەتکار و پاسەوان و شتی تریش، بە باری هەشتا حوشتر زێڕ چووە و، بە راست و بە چەپدا زێڕی داوە بە مسوڵمانان، بە رادەیەک کە بە رێگاوە قوڕی کردووەتە سەر زێڕینگەرەکانی میسر، زێڕ لە میسر بەوە ئەوەندە زۆر بووە کە نرخی زۆر شکاوە و، تا دە ساڵی دوای ئەوە وەکو خۆی لێ نەهاتووەتەوە .





# ساینتۆلۆجی یانی چی ؟

پێش چـەند سـاڵێک، رۆژێک بە شەقامێکی ئەمستەردامدا دەڕۆیشتم، بینایەتێکی زۆر زەلام بە شتێکی کە لەسەری نووسرابوو سەرنجی زۆر راکێشام، وێنەکەیم داناوە : ساینتۆلۆجی!

ساینتۆلۆجی یانی چی ؟

یانی لە وەحشیگەریی‌مرۆڤدا، یەک مرۆڤی زیرەک، لێرەدا : میستەر"لافایێت رۆنەلد هەبەرد" ی ئەمریکایی(١٩١١-١٩٨٦) دەتوانێت بە قانوون قوڵی هەشت ملیۆن کەس ببڕێت و ببێت بە خاوەنی چەند ملیار دۆلار !


هـەرچەندە کـوڕەکەی پـاکانەی لێ دەکات و دەڵێت ئـەو بـابەم قۆلبڕ و سـەرسـەری و سەگ و سەگبابە و، بە هۆی ئەوەوە ناوی خۆشی دەگۆڕێت و لە"هەبەرد"ەوە دەیکات بە" دی وولف"، بەڵام کوڕ کێیە ؟ ئێستا کلیسـایەک دروستبووە کە خـەڵکێکی زۆری پێ بە پـارەی خـەڵکێکی زۆری دی دەوڵەمەند بوون و دەبن .

هەبەرد دەبینێت ئەو هـەمووە خەڵکە بە دیـن : ئیسلام، مەسیحییەت، بەهایی و ... زۆری دی، دەسەڵات و سامانێکی زۆریان وەدەستهێناوە، هێندێکی دی بە باسی"ساینس"(زانست) : ماتـەریالیزم و سۆسیالیزمی عیلمی و ئەو قسانە؛ هێندێکی دی شەیدای کتێب و فیلمی " ساینس فیکشن" (خەیاڵی‌عیلمی)ـن . ئـەدی ئەو لەو بـەینەدا چی بکات تا قـوڵی چـەند ملیۆن مـرۆڤێک ببـڕێت و دەسـەڵات و پـارە بـۆ خـۆی وەدەسـتبهێنێت ؟ بـا ئـەوانە هـەمووی تێکـەڵ بکات و چێشتی مجێورێکی خۆی لێ ساز بکات، هەموو ئەوانەی تێدا بـن و، شتێکی نوێش بێت... دەی



چۆن ... چۆن میستەر هەبەرد ... چۆن ؟ بیر بکەوە : خەتمەی تەریقەتی نەقشبەندی تێکەڵ بە فڕینی مەسیحا و هاتنەوەی و تەعریفی‌نوێی مادده و ئەنەرژی و ... ئیدی هەمووی... تلی‌لی‌لی لی! چیرۆکی سەرکەوتنێکی گەورەی مرۆڤێک لە فەرهەنگی شارستانێتییەتی مرۆڤدا .

قەداسەتی هەبەرد دەفەرموێت : کە رۆژێکی ساڵی ١٩٣٨ لای ددانساز بووم و ددانی بەنج کردم، هەستم کرد کە لەشم و رووحم دوو شتی جیاوازن، رووح ئەنەرژییەکی سەربەخۆیە لە قەفەسی لەشدا و، بە زانست، هەر بە زانست، بە دەست دانان لە سەر ئەو مەکینەیەی کە دروستی دەکەم، دەتوانیت بگەڕێیتەوە رووحی کۆن(ی بوودایی) و، لەدواییدا ئیدی مردن نامێنێت، مردنی چی و تەرەماشی چی ؟ هەر هەستی جەوانی و کەیفکردن دەمێنێتەوە و ئەوەش قەت نابڕێتەوە . نە چاوەڕێی قیامەت بکە و نە حۆری و نە هەنگوینی ئەو دنیا و نە هیچ ... هەر وەکو سۆفییەکانی شێخ عوسمانی دروو بچۆ خەتمەوە و مەشق بکە تا لەدواییدا بۆخۆت لە ئازاری ئەم دنیا بێ قیمەتە رزگارت دەبێت .



١

" ئیزم "یش یەكێكە لە سەرێشەكانی دنیا، كە هەم وادەبێت پێویست دەبێت و لە جێی خۆیدا بەكاردێت و، هەم وا دەبێت دەكرێت بە خورافاتێكی بێ مانا و بە داردەستێک بۆ شتێكی تر : " سۆسیالیزم" ی هەڤاڵ ستالین، سۆسیالیزمی ماڵی سونگ لە كۆریای باكوور، سۆسیالیزمی پۆل پۆت و مائۆ ... كە ملیۆنان و ملیۆنان مرۆڤی بێگوناهـ بە دەستی دەسەڵاتی ئەو سۆسیالیز- مچییانە چەوساونەتەوە و كوژراون ." كاپیتالیزم "یش هێندە لە ئێمەمانان روونە كە پێویست بە روونكردنەوەی من ناكات (هەر یەک تاقە وڵاتەكەمانی لێ كردووین بە چوار پارچەی ژێردەستی خەڵكی تری چەوسێنەر) ." ناسیۆنالیزم"یش بە " سۆسیالیزم"ـەوە وەک ئەوەی چەند سەرسەریی٢٤ عەیار : هیتلەر و موسۆلینی . ئەوجا بە بێ سۆسیالیزم، هەر ناسیۆنالیز- می پەتی : ئاتاتورک و رەزا شا و سەددام حوسێن و ... جۆرەها لەو " ئیزم"انەی كارەساتی فەرهەنگی دڕندەترین و شێتترین زیندەوەری سەر زەوی كە بریتییە لە : مرۆڤ .

مرۆڤ، ئەو حەیوانە شێت و شوور و دڕندە و خوێنینە، شتی تریشی هەیە : گۆرانیی ماملێ و حەسەن زیرەک و شەجەریان و دلكەش و پیاف و أم كلثوم و فیروز و دین مارتن و فرانک سیناترا و، مووسیقای بێتهۆڤن و مۆزارت و دەروێش عەبدوڵڵا و شیخ زكریا أحمد و محمد القصبجي و، شیعری نالی و ئەحمەد شەوقی و هێمن و ئەبو نواس و نزار قبانی و جبران و لا مارتین و نووسینی بالزاک و تاها حوسێن و مارک توێن و ئالیكساندر دوما و ... یەک دنیا جوانی و خۆشی لە هەمان فەرهەنگی مرۆڤدا، هێندە زۆرە وەختە لە تای تەرازوودا تەنانەت لەگەڵ وەحشیگەرییەكەیدا بارتەقا بێتەوە .

من، مرۆڤی سەرزەوی، ئەو گۆرانیبێژانە، مووسیقارانە، شاعیرانە، نووسەرانە، وێڕای دنیا- یەک رەسام و پەیكەرتاش و زانا و داهێنەری زانستی لە خزمەتیمرۆڤدا، بژیشكی،میعماری، پاكسازیی موحیتی ژیان و ... زۆری دی)، بە جوانیی خۆم دەبینم : أم كلثوم هی منە، فیروز هی منە، فرانک سیناترا و ماملێ و دین مارتن و حەسەن زیرەک وئەحمەد شەوقی و لامارتین

و ئەبو نەواس هی منن .

٢

کـەواتـە دوو بـەرە لە سـەر زەوی رووبـەڕووی یـەکتـر وەستـاون، کە هـەرکامەیان دەیـەوێت ئەوەکەی تر لەناوبەرێت : بەرەی جوانی و خۆشی و، بەرەی دزێوی و چەوسانەوە .
هونەریزم، مووسیقایزم، پەیکەرتاشیزم، شیعریزم و ئەدەبیاتیزم بەگشتی و زانست لە خزمەتی مرۆڤدا، کە هەمووی، لە لوتکەی قوتبی باکوورەوە تا بنی قوتبی باشوور ملکی هەموو مرۆڤی سـەرزەوییە، لە بـەرانبەر چـەوسـانەوە و وەحشـیگەریی، کە دەیـەوێت ئـەوانە بکات بە چەکی دەستی خۆی لە دژی مرۆڤی تر .
کە من لە ماڵی خۆم ئاوازێکی جوان دادەنێم، تۆ بیستت و پێت جوان بوو، پێی شاد بە و بڕۆ بە هـەموو دنیایدا بگێڕە، بە هلیلیلی و تلیلیلی هاوار بکە : ها ئەمە فێر ببن، ئەوە ئاوازی ئەو هاوسێیەمانە کە ناوی" کورد"ە . کاک کورد و کورد خانم و منداڵەکانیشیان ئاوازی خەڵکی تر لە پاڵ ئەوەی خۆیاندا فێر دەبن و دەڵێن ئەمە هی فلان هاوسێیە و هی فلان دێ یا شـاری فلان شوێنی سەرزەوییەکەمانە . هەموو جوانییەکانی دنیا دەبێت ملکی هـەموو دنیا بن، مافی هەموو مـرۆڤەکانە لەوەتـای هـەن (یـەک ملیۆن سـاڵ) کە جـوانییەکانی سەر زەوییەکەیان ببینن : ئـەو هەمووە گوڵە، ئەو هەمووە رووبارە، ئەو هەمووە چیا و شیو و دۆڵ و بیابان و... ئەو هەمووە تـەبیعەتە، بە هەمان شێوە هەموویان وێکڕا بە ئەو هەمووە گۆرانی و ئاوازانە شاد ببن کە هی هەموویانە .
ئەگەر چیرۆکی باب ئادەم و دایک حەواشت بڕوا پێ نەبێت، با لێرەدا، لە دنیایجوانیدا بڕوات پێ هەبێت، کە رووحی ئەو دایک و بابەمان بە گۆڕانی و مووسیقایهەموومان وێکڕا بە یەک کـۆنسـێرت شـاد بکـەین و پێیانبڵێین : دایـە گیان و بـابـە گیان، بـەرەی جـوانی لەسـەر زەوی زینـدووە، خـەمتان نـەبێت، بـەهەشتێکتان لەدەستچوو، وا ئێمە بۆتان قـەرەبوو دەکەینەوە و، لە سەر زەوی دروستی دەکەینەوە .
کێشەی لەسەر رێگەی من کە کوردم ئەوەیە کە هێزەکانی بەرەیدزێوی و چەوسانەوە رێگەی ئەوەم لێ دەگرن کە منـیش بە مافی یەکسـان لە کۆنسێرتی جوانیدا بـەشدار ببم، تەنانەت کە من

ئـاوازێکی جوانیشـم هـەبێت و تـۆش ئـاوازێکی جوانت هـەبێت و، بە سـوپاسـەوە لە یـەکتـری وەربگرین و هەرتکمان پێی دەوڵەمەندتر ببین، چ بێعەقڵی و خۆ شێتکردنێکە کە تۆ نکوڵی لەوە بکـەیت کە تـۆ لە منی فێـر بـوویت یا من نکـوڵی لەوە بکەم کە لە تـۆی فێـر بووم ... ئـەو شـەڕەی دواکـەتوویی بۆچی لەسـەر حیسابی ئـاوازی جوان بێت ؟ ئیتر ئەوە رێکـەوتە، فـڵانە ئاواز هی مامڵێیە و فڵانەی تریش هی دین مارتن یا پیاف یا رحبانیی مێردی فیروزە .

ئەوە چ بێڕێزییەکە بە هونەر کە هەر شتە بە ناوی خۆی ناو نـەبەین و هەموومان بە سامانی هەموومان شاد نەبین ؟

٣

رەنگە دەوڵەمەندتـرین بەشی سەر زەوی بۆ سـەما و هـەڵپەڕینی مرۆڤ، ئافریقا بێت . ئەوە لە خۆپیشاندانی ئـافریقاییەکاندا دەبینین، سـەما لە خوێنیاندایە . ئـەگـەر خوێندنەوەکەیم باش لە یـاد مابێت لە " إبن خلدون" بووە( کە بە دانەری کۆمەڵـناسی دادەنرێت) گوتوویە : وا دیارە گەرما مـرۆڤ زێدە بۆ ئـاواز و سـەما دەبزوێنێت، کە وای لێ دەکات لە حەمامدا حەز بکات گـۆرانی بڵێت! ئەوەیە گەرمای ئافریقاش خەڵکەکەی وا بۆ ئاواز دەبزوێنێت .

ئیتر وەها بێت یان نا، ئەوە " إبـن خلدون" ـە و ویستوویە تـەفسیری ماددیی بۆ هەموو شتێک بـدۆزێتەوە . ئەوروپایی هەر لە ئەوروپاوە و دوای ئەوەش کە چوونە ئـەمریکا، لەوێ پتریش، کەوتنە سەر هـەڵێنجان لە سـەما و ئاوازی ئـافریقاییان و ئێجگار زۆریان لێ وەرگرتن، ئەوەی ئەمڕۆ لە دیسکۆتێکەکانی رۆژئاوادا روودەدەن، بە دەگمەن سەمایەکیان تێدا هەیە کە بە ئـەسڵ لە ئافریقاوە نەهاتبێت .

سکۆتلەندییەکان لە لەشکریئینگلیسدا توانیبوویان کتێبێکی زانستیمووسیقای فارابی وەدەست-بهێنن و بیبەنە وڵاتی خـۆیان . نصیر شمە، چـوو ئـەو کتێبەی لە سـکۆتـلەندا دیتـەوە و، بـاشی خـوێند و، لە سـایەی ئـەوەوە ئێسـتا دەتـوانێت بە عودەکەی ئـەوەی بە دوو دەسـت لێیدەدات بە یـەک دەستیشی لێبدات . من وەهام دیتووە و، هەر خـۆی روونـیکردووەتەوە کە ئەوە چۆن و لە کوێ فێر بووە .

ئینگلیسـێک دەچێتـە جـەنگەڵەکان و بیـابانە دوورەکانی دنیـا، تا دەستخـەتان بۆ وڵاتـەکەی کـۆ

بکاتەوە : چەندین شاعیری عارەبستان و نووسەرانی" فسق و فجور" و کتێبی جادووی ئافریقا-ییەکان و چەندین نووسراوی گرنگی وەکو ئەوەی فارابی، بەوجۆرە کەوتوونەتە کۆشی نەتەوە دەوڵەمەندەکانی رۆژئاواوە .

جارێـکیان، لە کـۆتایی گـۆرانییەکی أم کلثوم لە هۆڵێکی قاهیرە، کە لە رادیـۆوە دەگوازرایەوە، کەسێک گوتی : أم کلثوم گـۆرانیی داهـاتووی لە " تل أبيب" دەڵێت . دیارە مەبەستی ئـەوە بوو کە میسری دەچن "تل أبيب"دەگرن و أم کلثوم دەبەن لەوێ گۆرانی بڵێت . ئیسرائیل بە رەسمی وەڵامی دایەوە : جا کوا ئەو پادشایە دەهاتە" تل أبيب"، ئێمە شـەقامەکانمان بۆ پێی ئەو بە گوڵ دادەپـۆشین، دەبێت لە سەر گوڵ بڕوات، ئەوجا لەسەر سەر و سەر چاوی خۆمانی دادەنێین و، تا جـوو لە دنیادا ماوە شانازی بە ئەو رۆژەوە دەکات کە أم کلثوم تەشریفی هێنا و" تل أبيب"ی پیرۆز کرد ... چ دوو روانگەی نـاسیۆنالیزمی جیاواز لە ئەو دوو قسەیەدا(ئەمە بۆ رەتکردنە-وەی هیچ واقیعێک نیە، هەر تەنیا بۆ سەرنجدانی " لۆجیک" لە دەقی دوو قسەکەدا) .

نـاسیۆنالیزمی ئـاتاتورک لە ناو قـەڵەمڕەویی خۆیدا ئەو هەمووە سامانەی کورد و چەرکەس و ئەرمەنی و لاز و عارەب و چەند پاشماوەی بیزەنتە و یونان و... چ سامانێکی ئاواز و گۆرانی و مووسـیقای لایە و بە پتر لە حـەفتا سـاڵ نەک هەر بە شانازییەوە پیشانی دنیای نەداوە، بگرە کەسێک گـۆرانییەکی کـوردی یا ئـەرمەنیی گـوتبێت لەسەری سـزا دراوە . دوای ٩٩ سـاڵ لە دامـەزرانی ئـەو" تـورکیە جمهـوریەتی"یە، ئـەم حەفتەیە، ژنـێک لە پـەرلەمان، بۆ تـەحـەدای حکومەت و سەرۆکی دەوڵەتی ئەو" تورکیە جمهوریەتی"یە، گۆرانییەکی کوردیی گوت .

ئەو ناسیۆنالیزمەی ئاتاتورک، بەڵێ" تورکیە جمهوریەتی"یەکی بۆ تورک دروستکرد، بـەڵام مرۆڤی تورکی تێدا کرد بە چی ؟ بەراوردی ئەوە بکە بە ئەورووپا(و ئیسرائیلیش) و، ئەوەندەی کە لە سـنووری کـەمالیزمدا شـوێن دەگرێت، ئایا ئاتاتورک ویستوویە " تـورکیە جمهوریەتی" دابمەزرێنێت یان شێتخانە ؟!

٤

" نـەتـەوایـەتی" دەبێت وەکو خـەتێکی قـەتار لەگەڵ خـەتەکەی تـری" مـرۆڤایەتی"دا بڕوات، ئـەگەر لەگەڵیدا نـەڕۆیشت واتە : قـەتار لەسەر خەت دەرچووە و نەتەوایەتییەکە وەرگەڕاوە و

رووی لە کارەساتە. خەتەری ئێجگار زۆری ئەو لە خەت دەرچوونە لەوەدایە کە وا لە قەتاری مـرۆڤەکانـیتریش بکات کە قەتارەکەی ئەوانیش لە کاردانەوەدا وا تووڕە بین کە لە سەر خەتی خۆیان دەرچن و وەرگەڕێن . ئا لێرەدایە، کە نەتەوەیی هۆشیار نـابێت رێگە بە خـۆی بدات کە بکەوێتە ئەو تـەڵەیەوە . کاتێک عارەبێک دەنووسێت : کورد لە جندۆکەن! ئەمە واتە بە خۆی دەڵێت : من مرۆڤێکی عەقڵشـێواو و تووڕەهاتم، هەرچەندە هەر بە دوو پێ دەڕۆم بەڵام خۆزیا عەقڵێ رەشـەوڵاخێکی چـوارپێم دەبوو . ئـەگەر منیش لە کاردانەوەی تـووڕەییدا بڵێم : نـەخێر، نـەوەڵڵا، عارەب لە جندۆکەن یا لە وشتر یا لە پشیلە یا لە بـزن یا نـازانمچین، ئەمە لێرەدا واتە ئـەو عارەبە نـەک هەر قەتارەکەی خۆی لە سەر خەت دەرکردووە، بگرە تـوانیویە قەتارەکەی عەقڵی منیش لەوەی خـۆی خراپتر لەسەر خـەت لا ببات . مـرۆڤ چۆن لە جندۆکە یا وشتر یا پشیلە یا بزنە ؟ ئـاخر وەحشـیگەرییش مەگەر سنوورێکی نیە ؟ ئـەو هـەمووە تـووڕەهاتەی ئەو هـەمووە لە سەر خـەت دەرچـوونەی عـەقڵی مـرۆڤانێکی دنیا، لە عارەب و بەتـایبەتی تـورکی کەمالی و فـارسی پـەروەردەی خـورافات، وەها لە هـەموولایـەکەوە دەوریـان داوم، کە مـن لە نێوانیاندا بـەڕاستی دەبێت ئێجگار زۆر ئـاگام لە کەللـەی سـەری خـۆم بێت کە میکرۆبـی ئـەو وەحشێگەرییانەی ئەوانەی تێنەچێت کە قەتار و مەتاری نەتەوەکەم وەها لەسەر خەت دەرکەم کە ئاداری بەسەر پاداریەوە نەمێنێت .

٥

هـەموو جوانییەکانی دنیا سـامانی هـەموو مـرۆڤەکانین . من دەمەوێت ئاگاداری هەموو گۆرا-نیبێژانی دنیا ببم و لە بـەرهەمی هـەموو شـاعیرانی دنیا شـارەزا بم و هـەموو دنیاش ئاگاداری مامڵێی من و ساڵح دیلان و هێمن و هەردیی من ببێت. ئەوە کە من دەتـوانم ئاگاداریشیعری عارەب و فارس و تورک و فەرەنسی و رووس و ئینگلیس ببم، کە هەقی خۆمە، بەڵام عارەب و فارس و تورک و فەرەنسی و رووس و ئینگلیس نـاتوانن بە هـەمان شێوە ئـاگاداری شیعری کـورد بین، ئـەمـە ئـەوەندەی غـەدرە لە شیعری کـورد ئـەوەندەش غـەدرە لە مرۆڤی عارەب و فارس و تورک و فەرەنسی و رووس و ئینگلیس . هـەموو سـامانی جوانیی بـەرهەمی هـەموو مـرۆڤ لەسەر زەوی مەگەر هی هـەموو مرۆڤ نیە ؟ ئـەی بـۆچی ئەوانە لە جوانیی شـیعری

کوردی مەحرووم بن ؟

ئـەوجا نـەوەکا ئـەو پرەنسیپە گشتییەی مـرۆڤایەتی بە هەڵە بەسەر هێندێک وردەکاریی واقیعی ژیاندا بشکێتەوە، با ئەوە لەبەرچاو بگرین کە -" ابن خلدون "ی بلیمەت گوتەنی - هەر شتە لە ماددەی خـۆیدا تێبگەیـن : مـرۆڤێک لە دایـک و بـاوکێکی ژاپـۆنی لە ئـەمریکا لەدایکدەبێت و دەبێت بە نـووسـەرێکی گـەورە بە زمانی ئینگلیسی . کەسێک لە هـەنگاریاوە دەچێتە لـەندەن و دەبێت بە نووسەرێکی زۆر خۆشەویستی ئینگلیس . کەسێک لە ئینگلستان یا ئەمریکاوە دەچێتە پـاریس و دەبێـت بە نـووسـەر یا شـاعیرێک بە زمانی فـەرەنسی . ئـەحمەد شـەوقی لە قـاهیرە لەدایـکدەبێت و دەبێت بە شـاعیرێکی گـەورە بە زمانی عـارەبی . سـەلیم بـەرەکات دەبێـت بە شـاعیرێک بە زمانی عـارەبی کە هێندە بە تـەئسیرە " محمود درویش"ی هـەڤـاڵی تێدەکـۆشێت نـەکەوێتە ژێر تـەئسیری زۆریـیەوە، چەند و چەندی تر کە زمانی بەرهەمیان ئـەوەی ئینتیمای نـەژادییان نیە . هـونـەرمەندانی سینەما، چـەندیـن کـوردی وەک ئـەحمەد بـەدرخان و محمـود الملیجی وسوعاد حوسنی و ... لیستی دوور و درێـژی ناودارانی سینەمای ئێران کە کـوردن و برای ئازیزمان کاک نەجمەدین لە فەیسبووکدا باسی کردوون، ئەوانە و زۆرانی دی، رووبار-انی بـەرهەمیان رژاوەتـە دەریای سـامانی هـونـەر و ئـەدەبیاتی مـرۆڤی سەر زەوییەوە، بـەشی خۆیان لە جوانی بە مرۆڤایەتی پێشکەش کردووە .

بــەڵام

من، هێشتا مێردمنداڵێک بووم کە مامۆستای زمانی عارەبی لە خوێندگە پێیدەگوتم : تۆ ئـەگەر خۆت بتەوێت، بە دڵنیایی دەبیت بە یـەکێک لە بـاشترین نووسەرانی عارەبی . دە من لە ترسی ئـەو قسـەیە وازم لە نـووسینی عارەبی هێنا و، ئێستـاش لام وایـە من عـارەبی زۆر لە کـوردی باشتـر دەزانم بـەڵام دەمەوێت بە یارمەتیی مامۆستایانی کوردیزان فێری کوردییەکی باشتر ببم و هیچ کاتێکی خۆم نەدەم بە نووسینی عارەبی . بۆچی ؟

ئەوە شتێکی پێش زۆر ساڵانە کە هەر لە یادمە و لام وایە ناکرێت قەت لەبیرم بچێتەوە :

خوێندکارێکی کوردی کۆلیجی حقوق ( قانوون) لە زانکۆی بەغدا، جارێـک باسی کەسێکی بۆ کردم کە بە نوێنەریی شۆڕشێکی ئافریقایی(موزامبیق بوو یا... لە یادم نەماوە) هاتووەتە بەغدا

و چووەتە سەردانی ئەو کۆلیجەی حقوق و باسی شۆڕشی نەتەوەکەی بۆ کردوون . ئەو دۆستە کوردە گوتی : منیش هەستام و پێمگوت : من کوردم و دەزانم شۆڕش لە دژی داگیرکەر و چەوسێنەر یانی چی، چۆن بێم لەگەڵتاندا بەشدار بم ؟ هێشتا بەتەواوی پرسیارەکەم تەواو نەکردبوو، پیاوی‌ئافریقایی خێرا وەک دەرپەڕینێک بە ڕوومدا دەرپەڕی و گوتی : تۆ کوردیت و دەتەوێت بێیت خەبات بۆ ئێمە بکەیت ؟ ئەدی نەتەوەکەی خۆت ؟ خەباتت بۆ ئێمە لە ڕێگەی ئەوەوە دەبێت کە خەبات بۆ نەتەوەکەی خۆت بکەیت، ئەگەر هەرکام لە ئێمە خەبات بۆ نەتەوەی خۆی بکات، ئەوسا دنیایەکی باشتر بۆ هەمووومان پێکدێت .

ئەحمەد شەوقی بەگوێرەی هەلومەرجی خۆی درێغیی نەکرد، سەلیم بەرەکات بەگوێرەی هەلومەرجی خۆی درێغیی نەکرد : هەر دەیتوانی بە عارەبی بنووسێت و بڵێت من کوردم و کردی . هەلومەرجی من جیاوازە، من کوردی دەزانم و دەتوانم هەوڵ بدەم بە کوردی بۆ کتێبخانەی نەتەوەکەی خۆم بنووسم کە بۆ کتێب و کتێبخانە ئێجگار زۆر هەژارە و،عارەبەکە بە هەزاران جار کتێبی لە من پتر هەیە . من لە ماڵی خۆم بە کتێب ئاتاج بم، دەبێت جاڕێ بە هاوسێ و ئاشنایانی نیزیک و دوورم بڵێم : ببوورن، منیش، بە لۆجیکی ئەو خەباتکارە ئافریقا-ییە، دەبێت هەوڵ بدەم چەند کتێبێك بە زمانی ماڵەکەی‌خۆم بخەمە کتێبخانەکەی ماڵی خۆمەوە . تەنانەت ئەگەر نووسەرانی‌عارەب بیانویستایە بۆ خاتری منی کوردی هاوسێیان فێری کوردی ببن تاکو بۆ یارمەتیدانی کتێبخانەی کوردی هیندێک کتێبی بە کوردی بۆ بنووسن، زۆر وەبەر لۆجیکی مرۆڤایەتی دەکەوت، چونکە کتێبخانەی ئەوان زۆر لەمەی من دەوڵەمەندترە و، ئەوە کتێبخانەی کوردیی منە پێویستیی پتری بە کتێب هەیە . ئەوە هەلومەرجی ئێستای منە . ئەگەر کوردستان سەربەخۆ بوایە و، کتێبخانەی لەوەی عارەبی کەمتر نەبوایە، سەیر نیە ئەوسا بیرم بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبیی‌عارەبی لە پاڵ گۆڤارێکی ئینگلیسی لە پایتەختی کوردستانی سەربەخۆ بچووبایە .

٦

کێشەی مرۆڤ لەسەر زەوی چیە ؟ لە جەوهەردا، هەمان کێشەی حەیوانەکانی‌تری جەنگەڵە : بەهێز - بە زۆر شێوە - بێهێز دەخوات، مرۆڤ - لە هەموو ئاستێکدا- یەکتر دەچەوسێننەوە :

باوک و برا و ئەولاد و تەنانەت دایکیش لە یەک خێزاندا، دەکرێت بە رادەی کوشتن غەدر لە یەکتر بکەن . لە یەک ماڵدا، یەک چیندا، یەک مەڵبەنددا، یەک قەومدا، یەک وڵاتدا، حەتمەن لە ئاستی هەموو دنیادا خەڵکێك هەن خەڵکی دی بۆ قازانجی خۆیان دەچەوسێننەوە .

ئەڵمان، دوای چەندین سەدەی فکر و زانست و هونەر و ئەدەبیاتی زۆر دەوڵەمەند دەگاتە ئەوە کە بە سیحری قەڵاچۆکردنی نەژادی تری مرۆڤ، ملیۆنان مرۆڤی بۆ هیتلەر کۆ بکاتەوە، کە لەسەر شەقامەکان کۆببنەوە و بە یەک دەنگ هاوار بکەن : هایل هیتلەر! عارەب و جوو لەسەر زەوییەک خوێنی یەکتر بڕێژن . عارەب کوردی پێ جندۆکە بێت و کوردیش لە کاردانەوەدا مێژوویەکی سەیر لەبارەی عارەب و ئیسلام لە سەریدا جێبگرێت کە فرِی بەسەر حەقیقەتەوە نیە . وەحشیگەریی مرۆڤ، جیاواز لەوەی حەیوانەکانی تر، پڕ- پڕە لە وەهم و خورافات، بەتایبەتی لە دژی یەکتر . ناسیۆنالیزمی من ئەوەیە کە من لەم وەحشیگەرییەی سەرزەویدا پێشێل نەکرێم، نەخورێم، خەڵکیتر بە قازانجیخۆیان نەمچەوسێننەوە، خۆم بگرم، لە ماڵیخۆم، لە وڵاتیخۆمدا بە دڵی خۆم ژیانی خۆم رێکبخەم، دەنگم هەبێت و رێگەی کارم بۆ دنیایەکی باشتر بۆ هەمووکمان، بۆ هەموو مرۆڤانەکانی سەر زەوی هەبێت .

ئەوجا کە خەڵکی دی رێگەی ژیان و ویستی تەبیعیی خۆم لە ماڵی خۆمدا لێ دەگرن، هیچ رێگەیەکی ترم بۆ ناهێڵنەوە جگە لەوە کە هەوڵ بدەم ئەو کۆسپە لاببەرم، تا بتوانم ژیانێکی تەبیعی لە ماڵی خۆمدا بۆ خۆم و بۆ هەموو مرۆڤانی سەر زەوی بەسەر بەرم .

دەکرێت من شتێکم هەبێت سەد جار لەوەی عارەب یا چینی یا رووس یا تورک باشتر بێت و ئەوان بتوانن لێی فێر ببن و، دەشکرێت هەر کام لەوانە یا فارس یا ئینگلیس یا هەر قەومێکی تر شتیان هەبن سەد جار لەوەی من باشتر بن و من لێیان فێر ببم .

بە ملیۆن نهێنیی تەبیعەت هەن کە دەبێت بە هەمووکمان بیاندۆزینەوە تاکو هەمووکمان ژیانێکی باشترمان لەسەر زەوی هەبێت . هەموو شتە جوان و بەکەڵکەکان لە یەکتر وەربگرین، هەمووکمان بە هەرەوەزی کاری جوان و بەکەڵک بۆ هەمووکمان بکەین . ئەگەر قیبلەنماکەی ئێمە رووی لە جوانیی ژیانی مرۆڤ بێت، هەلومەرجی ژیان بە هەر شێوەیەک هەڵکەوتبێت هەر بە خزمەتی دیوی جوانییەکانیمرۆڤ دەگات، ئەگەر رووی قیبلەنماکەش لە دزێوی بێت

بە پێچەوانە دەشکێتەوە . ئەحمەد شەوقی لە قاهیرە لەدایکبووە و، بە هەستی جوانی، بەرهەمی ئێجگار زۆر بەرزی بە نەژادی مرۆڤ پێشکەش کردووە، تەبیعی بە ئەو زمانەی کە پێی پەروەردە بووە : زمانی عارەبی . بەرهەمەکەی بە هەر زمانێک هەیە، جێگەی شانازیی منی مرۆڤە . ئەوجا کە بە رێکەوت ئەویش کوردە و منیش کوردم، هیچ بەڵگەیەکم بۆ ئەوە نیە کە ناخۆشم بوێت، بگرە ئەگەر کوردبوونی هەرتکمان بە بەڵگە بۆ هەر شتێک بشێت ئەوا مەگەر هەر بۆ ئەوە بشێت کە من زێدە پێی شاد ببم . میسرییەکانیش هەقی خۆیانە پێی شاد ببن، هەموو شاعیران و هەموو هۆگرانی شیعریش لە قوتبی باکوورەوە تا قوتبی باشوور کە بتوانن شیعری تێبگەن پێی شاد ببن . ئەو مرۆڤە ئەو زمانەی زانیوە و شتی جوانی پێ پێشکەشی مرۆڤایەتی کردووە . میکێش (١٩١٢-١٩٨٧) لە هەنگاریاوە چووەتە ئینگلستان و، لەوێ سەقامگیر بووە و، بووە بە نووسەرێک کە بە چەند لاپەڕەیکەمی تەنز، ئینگلیسەکانی شێت و شەیدای خۆی کردووە، وای لێهاتووە بڵێت : لەوەتا من هاتوومەتە ئەم ئینگلستانە، من لە ئینگلیس بوومە ئینگلیستر و ئینگلیس بوونە کەمتر ئینگلیس! کوڕە خۆ من هەر گاڵتەیان پێ- دەکەم و دەڵێم ئاخری تووڕەیان دەکەم، کەچی ئەوان پتر پێدەکەنن و پتریان خۆشدەوێم!

" میکێش"ی مرۆڤ، لە سنووری دەوری ژیانی خۆیدا لەسەر زەوی، سامانێکە بۆ هەنگاریا و بۆ ئینگلستان و بۆ منی کوردیش کە شادم دەکات و بە خوێندنەوەی زۆر پێدەکەنم، کەواتە : سوپاس میکێش گیان لە منیشەوە، کە بە رێکەوت کوردم .

## ٧

دەکرێت هەر مەڵبەندە لە دنیادا، بە گوێرەی هەستیخەڵکەکەی مووسیقای تایبەتیخۆی هەبێت، کە ئەوە ئیدی بەرهەمی هەستی خەڵکی ئەو شوێنەیە لە ئاست هەلومەرجی جوغرافیا و مێژوو و ئابووریی ژیانی . کەواتە دەکرێت زۆر هەستی جیاواز لە مووسیقای مەڵبەندە جیاوازەکانی دنیادا ببینین و بڵێین ئەمە هی ئەوانە، بەڵام ئامێری مووسیقا، وەکو زۆر ئامێری تری دنیا هی هەموو دنیایە و، هەرکەس هەر ئامێرێکی مووسیقا بەکاربهێنێت ئەوە مافی خۆیەتی و هی خۆیەتی : هەمووی چەند بەنێک و تەختەیەک یا پارچە مەعدەنێک بۆ تەقە لێهێنان یا شتێک

كه فووی پێدا بكرێت ... هی منی چی و تۆی چی ؟

بالالايكا، رووس دەڵێن شێوەی تـەنبوور یا عود و ئەو شتانەی مەڵبەندی ئێمەیە، بەڵام " محمد عبدالوهاب"ی‌میسری ئێجگار زۆر چاكی دەژەنێت و مووسیقای‌میسری پێ دەوڵەمەند دەكات . جیـاوازیـی ئـاوازی میسریی ئەو و ئەوەی رووسـەكان بە بالالايكا لە ئـەو هـەستـەدایە كە پێی دەردەبڕن، ئەینا ئامێرەكە هی هەموو دنیایە و، هەركەس هەر ئامێرێک لە هەر شـوێنێكی‌تری دنیا وەربگرێت و بیخاتە كۆنسێرتی خۆیەوە كارێكی زۆر بەرێز دەكات . میسـری بالالايكایان نـەدزیوە، نـەخێر، لە ئەركی سەرشانیان بۆ بڵاوكردنەوەی زۆرترین ئامێری مووسیقای دنیا و دەوڵەمەندكردنی بەرهەمی ئەو ئامێرە دوانـەكەوتوون . ئەوە كە كەسانێک لە قەومێک، ئەوەش وەكو زۆر شتی دی، بە شێوەكی خراپ، بە مەبەستی شـۆڤێنییەتی قەومی یا گاڵتەجاڕی پڕۆپا- گەندەی سیاسی بۆ خـورافاتی خـۆیان یا لە دژی قـەومی تـر بەكاربهێنن، ئـەوە خـەتای ئامێری بەدبەخت نیە، ئـامێری مووسـیقا چی بكات كە بـوختانی پێ دەكرێت و تـەفسیری هـەڵەی وێ- دەخرێت ؟

٨

جارێک، "عبدالله البردونی"ی شـاعیری یـەمەنی لە دیمانەیەكدا بە رۆژنامەنووسێكی عارەبی گوت : ئەگەر شاعیران حوكمی دنیایان بكردایە، دنیاكەمان دنیایەكی دی دەبوو، دنیایەكی باش دەبوو . رۆژنامەنووسەكە شتێكی بە ئەم مانایە پێ‌گوت : ئـەدی ئەوە نیە ئێسـتا " ئـەجەڤیت"ی شاعیر سەرۆكی حكومەتی‌توركیایە و،"سەنگوور" سەرۆكی دەوڵەتی سێنیگالە ؟ ئەدی بۆچی ژیان لە وڵاتیان وەها نموونـەیی نیە وەک ئێوە دەتانەوێت بە بیریدا بهێنن ؟ البردونی لە قـاقـای پێكەنینی دا و گوتی : " والله لا هؤلاء شعراء و لا ممالكهم ممالک! " وەڵڵا نە ئەوانە شاعیرن و نە وڵاتەكانیان وڵاتن! ئـەگـەر خـەیام یا المتنبي فـەرمانڕەوا دەبوون، دنیا جیاواز دەبوو . لام سەیر بوو چۆن " المعري" لەبیرنەبوو .

ئاواز، هەر ئاوازێک لە هەستی هەر مرۆڤێكی دنیاوە بێت، ئاوازی هەموو مرۆڤایەتییە، تـەنیا لێک نیزیكی و دووریی ئەوانەیە كە وایان لێ دەكات گوێیان بە دەنگی هەستی هێندێكی تریان راهاتبێت یان رانەهاتبێت . زۆر نموونە، ئێجگار زۆر،هەن پیشانی دەدەن كە ئەگەر غەریزەی

داگیرکردن و چەوساندنەوە لەلایەن قەومێکەوە بەرانبەر قەومی تر نەبوایە و، چارەنووسیان بە دەست گۆرانیبێژەکانیانەوە بوایە، لە جیاتی شەڕ و وەحشیگەری، چەند جوان پێکەوە دادەنیشتن و وێکڕا هەمان ئاوازیان دەگوت .

مووسیقا زمانی هەموو زمانەکانە، بە بزواندنی تەلێک رووبارێک دەڕوات، حیلەی ئەسپی سواران لە مەیداندا بە راپۆرت دەگەیەندرێت، بێتهۆڤن سیمفۆنییەی پێنجەمی بە دەنگێک دەکاتەوە کە بە وشەکانی خۆی : دەنگی چارەنووسە لە دەرگا دەدات و دەڵێت هاتم! . ئافریقایی بە کۆیلەیی بە جاز دەگرین و شین دەگێڕن و هاواری ئازادی و ژیان دەکەن، رێگتایم و بلووز و جاز لەوانەوە سەرەتا حەواسی ئەوانە داگیر دەکات کە ئەوانیان داگیر کردوون، ئەوجا وەک شەرابی ئەبو نواس بە دەمارەکانی دنیای بەریندا بڵاودەبنەوە : " كتمشي البرء في السقم" ( هەر وەک " ساغی" بە دەردی دەردەداردا بچێت) . هەمووی، بەشیک یا هەمووی، لە بەشێک یا هەمووی مرۆڤایەتی وەردەگرێت، وەک کانیاوەکان کە دەچنەوە زێیەکان، زێیەکان دەچنەوە رووبارەکان، رووبارەکان دەچنەوە دەریاکان و دەریاکان تێکەڵ بە موحیت دەبن، تا هەوریان دیسان دێتەوە و دەبارێتەوە و سووڕانەوەی جەغزی ژیانیتەبیعەت درێژە پێدەدات .

ئەوجا مەگەر شتێکی تایبەتی نیە کە پێی بگوترێت رووحی مووسیقای نەتەوەیەک ؟ بەڵێ، تەبیعی هەیە، حەتمەن هەیە، ئێمە دەکرێت لە هەر مەڵبەندێکی دنیادا روەک و زیندەوەر و گوڵ و داری جیاواز ببینین کە بەتایبەتی هەر هی ئەو مەڵبەندەن و لە شوێنی تر نین، لەبەر ئەوە هەستی دەربڕینی مووسیقاکەشیان لە ئاست هەلومەرجی تەبیعەتی ژیانیاندا ( یا ژیانی تەبیعەتیاندا) تایبەتی و جیاواز دەبێت . چیا و شیو و دۆڵ و کانیاو و دێهات و شارستانیکورد- ستان بە ئاوازی مامڵێ لەگەڵ گەردوون دەدوێن،هەر وەک شینی ئافریقایی بە بلووز و جاز هاواری لە ئاسمان کردووە، ئەوە هەمووی بەشێکە لە سامانی مرۆڤایەتی . من دەتوانم " مامڵێ "شم هەبێت و مەقامەکانی سەردەمی عەباسییەکانی بەغدا بە بەیات و نەهاوەند و کوردیشەوە و جاز و بلووزیشم هەبن، بەڵام عارەب و ئەمریکایی و ئافریقاییەکە هێشتا لە مامڵێ بێبەشن، ئەوە حەیفە بۆ ئەوان، زۆر حەیفە . دە ئەوەیە ناسیۆنالیزمی من : با ئێمەی مرۆڤی سەر زەوی، هیچ کاممان لە سامانی جوانیی هیچ کاممان بێ بەش نەبین . با منیش

کیانــی خــۆم هــەبێـت و، بە ئــازادی لەســەر خــاکی خــۆم بـژیم و پــەرە بسـتێنم، جـوانییەکان لـە مرۆڤانی کیانەکانیتر وەربگرم و جوانییەکانی خۆمیان پێشکەشبکەم . هیچ کاممان لە کەڵک- وەرگرتن لە جوانیی هیچ کاممان بێبەش نەبین .
ئەوەش دێتە سەر دەردە کەڵەکەبووەکانی بێ دەوڵەتیی من .

## ٩

دەبێت جـەوهەر و حـەقیقەتی مووسیقا و گـۆرانی، هـونەر و ئـەدەبیات بە گشتی، لە کارەساتی بەکارهێنانی بـاسیان لەلایەن دەسـەڵاتی بێگانەوە جیا بکەینەوە و، رێگە نـەدەین دواکـەوتوویی دوژمن ئێمەش بکات بە کۆپییەکی خۆی .
بە دەگمەن ریشەی ئاوازی گۆرانییەکی" أم کلثوم"هەیە کە لە مەقاماتی بەغدای کۆسمۆپۆلیتیی سەردەمی عـەباسییەکانەوە سەری هەڵنەهێنابێت، تێدا فەرهەنگی عارەب و فارس و تورک و کـورد و هینـدی و چـەرکەس و کلـدانی و حـەبەشی و یـونانی و چـەندی تـر لە یـەک مەنجەڵدا کوڵیون . هەموویان ئاوازیان لە هەموویان وەرگرتووە و، ئەو وەرگرتنە لەوساوە نەوەستاوە و قـەتیـش نـاوەستێت . ئـەم هـەمـووە ئـاوازەی کە محمد عبدالوهاب و فـریدالأطرش و فیروز لە سەدەی بیستەمدا لە ئەوروپایان وەرگرتووە ( لە ئاوازی سەمای وەک تانگۆ و لە شەهرەزادای کۆرساکۆڤ و لە چایکۆڤسکی بەنموونە و زۆر و زۆری دی). تا مرۆڤ لەسەر زەوی هـەبن، ئاواز و ئامێریمووسیقا لە یەکتر وەردەگرن و،هەر دەبێت وا بێت . کە مرۆڤەکان دووچەرخە و ئۆتۆمبیل و قەتار و قەڵەم و مشار و وشەیزمان و نازانمچی لە یەکتر وەربگرن،مووسیقا و ئاواز بۆچی لە یەکتر وەرنەگرن ؟ دنیا قەت لە گۆڕان و تێکەڵبوون و لە شتینوێ نـاوەستێت .
ئـاواز و مووسیقای ئـەو هـەمووە قـەومە لە قـەوقاسەوە و تا بە هیندستانیش دەگات، وەکو زۆر شتی تریان لە یەکتر نیزیـک و تەنانەت وا دەبێت تەواو وەکو یەک دەبن : شارۆواڵی لوبنانی و هەڵەبجەیی سەد لە سەد کۆپیی یەکترن؛ من هەڵپەڕکێی لوبنانیم لە دوا فیلمی"فرید الأطرش"دا دیت، رێک رێک ئەوەبوو کە من لە قامیشلی لە کوردم دیتبوو .
دەکرێت عارەب و فارس و تورک زۆر لە ئاوازەکانمان وەربگرن، وەریاندەگرن . دەوڵەمەند-

کـردنی هیچ مووسـیقایەکی عـارەب و فـارس و تـورک، خـۆی لە خـۆیدا، کارێکی خراپ نیە، بـەڵام ئـەگـەر - بڵێین- ئـەوەی کە لە ئێمـەی وەردەگـرن بڵێـن ئـەمە هی خـۆمانە و ئێـوە هیچی خۆتان نیە و بیانەوێت ئەوە بە چەکێکی شـەڕی سایکۆلۆجی لە دژی شەخسیەتی نەتەوایەتی و وجوودی ئێمە بەکاربهێنن، ئەوە ئیتر دەرچوون و غەدرە لە هونەر و، بە تەواوی باسێکی‌ترە . ئێمە ئـەگـەر دەوڵەتمان هـەبێت و، مـرۆڤی سەر زەوی ئـاڵاکەمان لەسەر خـانووەکەی نـەتەوە یـەکگرتووەکان ببینن، ئـەوسـا دوژمنیـش ئـەوەی بـەرانبەرمان پێ نـاکرێت، ئـەوسـا دەکرێـت کەسێکی وەک کانی‌خانم لە بۆنەیەکدا بچێتە نیویۆرک و گۆرانیی مامڵێ‌یان بۆ بڵێت، ئاکادیمیا- کانی مووسیقا و گۆرانیمان تێکەڵ بە چالاکیی ئاکادیمیاکانی‌تری مووسیقا و گۆرانیی‌دنیا دەبن، دنیاش دەبینێت کە نەک هەر مەقامی‌کورد، بگرە ئێجگار زۆر ئاوازی هەزارساڵی رابردووی رۆژهـەڵاتی نـاوەڕاست بـەرهەمی بـەشـداریی کـورد بووە لەو مێـژووەی مـرۆڤایەتیدا . ئێـمە ئـەوسـا ترسـمان لەوە نـابێت کە مێژوومان هـەڵلووشرێت . ئـەوسا ئێمە خـۆمان مووسـیقارانی خـۆمان دەنێـرینـە تـاران و بـەغدا و ئـەنقەرە و شـام، تا ئـاوازی کوردیـیان بدەنـێ و، ئـاوازی ئەوانیش وەربگرن و هەموومان یەکتر دەوڵەمەند بکەین .

دەکـرێت ئێسـتاش ئـەو کارە بکـەین، بـەڵام دەبێـت پێیان‌بڵێین : ئـەمـە ئـاوازی کـوردیی ئێمەیە و دەیدەین بە ئێوە و ئەوەش لە ئێوە وەردەگرین . ئەوە تەنیا ئێستا لەبەر یەک شت پێویستە :

چونکە دەوڵـەتمان نیە و دەوڵەتی بێگانەی داگیرکەر دەیانەوێت هەڵمانلووشن، بـەڵام کە بووین بە دەوڵـەت ئیتر ئەو قسانە پێویست نـامێنن . ئـەوسا مرۆڤایەتی لە قوتبی باکوورەوە تا بـاشوور کـورد و مووسـیقا و هـونـەر و ئـاوازەکانی بە هـەویـەتی خـۆیـانەوە دەبینێت کە ئـاڵاکـەمان لە نیویۆرک پیشانی دنیای دەدات .

١

کۆمەڵگەی کورد، سەردەمێک - وەکو نیزیکەی هەموو دنیا - بە نەریتی ئەمارەتان دەژیا . ئیدیۆلۆجییەک بە ناوی " ئەمارەتیزم" وجوودی نەبوو . ئەو خەڵکەی دەبوون بە میران یا رەعیەتی میران، وەدووی هیچ عەقیدەیەکی" ئەمارەتیزم" نەکەوتبوون، تەنیا و تەنیا عەفەویە-تی ژیانی سەر زەوی ئەوانیشی وەکو هەموو خەڵک و خوای دنیا ئاژۆتبووە ئەو چوارچێوە-یەوە . ئێستاش، کە " ناسیۆنالیزم" هەیە، واتە چوارچێوەی ژیان لە سەر زەوی دەبێت لە دەوڵەتێکدا بێت کە ئاڵاکەی لەسەر ئەو خانووەی نیویۆرک هەبێت، واقیعێکی ژیانە، عەقیدە نیە، تۆ بیزانیت یان نەیزانێت لە هیچ ناگۆڕێت ... ئەوە وەهایە جا تۆ هەرچی بۆخۆت دەیڵێیت یا نایڵێیت ئەوا - دیسان- باڵی مێشوولەیەکی سەربانی ئەو خانووەی نیویۆرکی پێ نالەرێت کە ئاڵای نەتەوەکانی بەسەرەوە دەشەکێنەوە و، بەوە بە خەڵکی هەسارەکانی تر دەڵێن : ئێمە لەسەر ئەم زەوییە هەین، ئەوەش ئاڵاکانمان .

٢

کورد، بە عەفەویەتی خۆی، لە دوای رووخانی ئەمارەتەکانی، وەدووی دەسەڵاتی شێخانی تەریقەت کەوت. دیسان : عەقیدەیەک بە ناوی" تەریقەتیزم" وجوودی نەبوو، ئەوە عەفەویەتی پێداویستی ژیانی قەومێک بوو لە پرۆسەی بوونە نەتەوەدا : ئیماندار و بێ ئیمان رێز لە شیخ مەحموودی مەلیکی بگرێت و لە بێشکەی قۆناغی نوێی ژیانیدا، کە سلێمانیی ناسیۆنالیزمی کوردە، بچێتە پێشوازیی سمکۆی شکاک .

تەنانەت لە دەرەوەی ئەوەش، حەمەدی مەولوودی، کە هەرچی شێخ و مێخ و پیاوی ئاینی ئیسلام هەبوون، لە هەزار و چوارسەد ساڵدا بە قوربانی پێکێک عارەقی خۆی دەکات، وەکو پیاوانی ئاینی ئەوپەڕی رێزی لە خزمەت پێشەوا قازی محەمەددا هەیە، چونکە دەڵێت قازی محەمەد " دەیهەویست کوردستان ئازاد ببێت"، ئا لەبەر ئەوە .

نەتەوایەتیی کورد " حەقیقەتێکی ماددییە "، کە یەک تاقە رێگەی لە پێشە : بەرەو وەرگرتنی

پـاسپۆرتەکەی بـڕوات، پـاسپۆرتەکەی چیه ؟ تا فـەرهەنگی دنیا بە ئـەم شێوەیەی ئێستا بێت و " دەوڵـەت " هەبن، ئەویش ئاڵاکەی لەسەر ئەو خانووەی نیویۆرک، لە پاڵ ئاڵای دەوڵەتەکانی دی بشەکێتەوە، ئەوەیە پاسپۆرتەکەی .

نـاسیۆنالیزمی فـارس و تـورک و هێشتا بەشێک لە عـارەبیش کە ئـەندامانی " کـۆمەڵێ نەتەوە یـەککگرتووەکان"ـن ( پـاسپۆرتی وجوودیان لەسەر هـەسـارەی زەوی هەیە)، " بە موتـڵـەقـی" نایانەوێت کورد ئەو پاسپۆرتەی بەڵگەی وجوودی لەسەر زەوی وەربگرێت : ئەو وجـوودە لە هەر کوێیەک بێت و، ئاردۆگان تەنانەت بۆ زێدە روونکردنەوە گوتی " ئەگەر لەسەر مانگیش بێت" بە ئەوان قەبووڵ ناکرێت ....

**بەڵام!** و ... دیسان " بـــەڵام"ێکی زۆر گەورە :

حـەقیقەتی مێژووی کۆمەڵگەکانی مرۆڤی دەهەزار ساڵی رابـردووی سەر زەوی پێماندەڵێت : شتێک کە حەقیقەتی ژیانی ماددیی مرۆڤ بێت، دەکرێت وەکو گڕەبەردی گـڕکانەکان گـەورە-تـرین چیایانی دنیـا شـەق بکات و نـەشتەرگەرییەکی وەهای جـوغرافیا بکات کە فڕی بەسـەر پێشترەوە نـەهێڵێـت . ئاردۆگان و ماردۆگان و فـارسـی " وحدت ایـران زمیـن " و ئـەو قسـە قـۆڕانە، خودای چـارەنووسسازی مـرۆڤایەتی لەســەر زەوی نین . زۆرانی پێـش ئـەوان، زۆر بەتواناتر و زاناتر، وەها بێهوودە خۆیان بێ عەقڵ کرد و گۆڕبەگۆڕ بوون .

نـاسیۆنالیزمی تورک، بەهۆی زێـدە کاڵوکرچی و دواکـەتوویيەوە، کە ئاتاتورکێکی زۆر ببڕ و کارا و لە هەمانکاتدا سەرسەری و نـەخوێندەوار بناغەیحوکمی داڕشت، نیزیکەی سەد ساڵی بەلاش و حەلاش لە ژیانی خۆی بەوە کوشت کە : زمانیکوردی وجوودی نیە و کوردیش هەر تورکن . هەر ئێستا ئەو ناسیۆنالیزمە زێدە دواکەوتوو و بێ عەقڵە بە ملیاران دۆلار بـازرگانی لەگەڵ شوێنێکدا دەکات کە ناوی بە رەسمی هەرێمی کوردستانە و بارهەڵگرەکانی ئـەو تورکە لەسەر سنووری لە پێش ئاڵای کوردستان دەوەستن و دەبێت سەنەد و پاسپۆرتی خۆیان پیشانی کۆنترۆڵی کـورد بدەن . ئەو بارهەڵگرە حەقیقەتێک دەژیت : ئەوە کوردستانە و ئەوە ئـاڵایەتی و کۆنترۆڵی هەیە و دەبێت پـاسپۆرتی پیشانبدات، سـەربازی نـەتـەوەی کـوردستان بـارەکەی کۆنترۆڵ بکات و گومرکی لێ بستێنێت : ئەو واقیعە حەقیقەتی ژیانە، نەک فڕوفیشاڵ .

# ٣

حـەقيقەتی بـوونی کـورديش، وەکو حـەقيقەتی بـوونی هەر نـەتـەوەيەک، بە قـۆناغی جياوازی پـەرەسەندندا تێپەڕيوە . هـەر مرۆڤايەتی وەها بووە، تـەنانەت زانست گەيشتنی مـرۆڤ بە ئـەم شکڵـەی ئێستای لە گەشـتێکی پتر لە مليۆن سـاڵی مـرۆڤەوە دەبينێت . کـۆمەڵگەکانی مرۆڤ بە قۆناغی جياوازدا رۆيشتوون .

کـورد، دوای قـۆناغی ئـەمارەت و تـەريقەت، خـۆی بە عـەشيرەتانێکی بێ سـەر( بێ مير، بێ دەسەڵاتی سياسيی شێخیتەريقەت) و شارستانێکی بێ شارستانييەت( بێ سەنعەت و سەرمايە-دار و خوێندگە و زانکۆ و کارخانەجات و پرۆليتاری سەنعەتی و ... ئيدی) ديتەوە . ريسەکەی نـەريتی ژيـانی وەها لێ هـەڵوەشابوو، کە دەبـوو سەر لەنـوێ تێهەڵچێتـەوە و لەو شـوێنەی کە پچڕابوو گرێیبـداتەوە و درێـژە بە تـەواوکردنی پـرۆسەی پێگەيشتنی خـۆی بدات . بـۆ ئـەوە، هـەناسەدانێک پێويست بوو : با هـەمووومان بـرا بين، پێکەوە بە بـرايەتی بـژين . دوای ئەوە بە قۆناغی شۆڕشگێريیمارکسيزمدا تێپەڕی : نەتەوەی سەردەست و ژێردەست نـەبێت، با وێکڕا کۆمەڵگەی سۆسياليستيی نـەچەوسانەوە دامەزرێنين . ئەوە هـەناسەدانێک بوو، تا ئەوەندەی کە بۆیدەرکەوت"ئەوانی تر" لە قۆناغێکیناسيۆناليزمدا دەژين کە هيچ رێگەيەکیتر بۆ مانـەوەی کورديش لەو بەينەدا نامێنێتەوە جگە لە ناسيۆناليزمی خۆی . دکتۆرێکیمارکسيستی مامۆسـتای زانکۆی دەوڵەتێکیکۆمونيستی بەنموونە، قاسملو، لێرەدا بوو بە رابەری شۆڕشێکی نەتەوايە-تيی کـورد . زۆر مارکسيستی تـريـش، ئەوەی بوو بە پارتـی، بە کاژيک، بە فلان و بە فيسار . بـۆچی ؟ چونکە نـاسيۆناليزمی کـورد حەقيقەتێکی ماددييە، کاتێک هەر دروشمێك و رێبازێک سەر لە بـەردی ئەو حـەقيقەتە دەدات، دەشـکێت . حـەقيقەتـە ماددييەکـە دەمێنێتەوە . کـورد لـە قۆناغێکدا ناوی ئەمارەتە، ئەوجا تەريقەتە، ئەوجا عەشيرەتە، ئەوجا برايەتييە، ئەوجا پـرۆليتا-رياية، بەڵام هەر کوردە و هەمووی هەر بۆ مانەوەی کوردبوونەکەیخۆيەتی، تا ئەوجا بە دوا هـەنـگاوەکانی دەکـات کە بـەرەو راگـەياندنی وجـوودی خـۆيـەتی لەسـەر زەوی، بە گـوێـرەی فەرهەنگی ئەم قۆناغەی ژيانی نەتەوەکان لەسەر زەوی، کە دەوڵەتی نەتەوايەتيی خۆيەتی .

ئـەوە حەتمەن قسەیەکی سـەیروسـەمەرەیە، بـەڵام ئیتر بە شـێوەیەک لە شـێوەکان سـەد لە سەد ڕاستە : کاتێک کەسێک دەیەوێت زمانیئیسپانی بخوێنێت و، پێیدەڵێن : ئەمەتا زمانیئیسپانی، فـەرموو بیخوێنە . بـەڵام کە سـەیری زمانی ئیسـپانیا دەکات، دەبینێت کە دەسـتووری دەوڵـەتی ئیسپانیا پێنج زمانی ڕەسمی بۆ دەوڵەتەکەی هەیە . سـەیری نـاوەکانیان دەکات، دەبینێت زمانی ئیسـپانیی تێدا نیە! ... ئـەدی من چ دەخـوێنم ؟ وەڵام : تـۆ بە گـوێرەی ماددەی ٣ی دەسـتووری ئیسپانیا، زمانی کاستییانۆ( کاستیلیانی)دەخوێنێت! کە یەکێکە لەو پێنج زمانە( وێڕای کاتالانی و باسکی و گالێنثی و ئارانی یا ئۆکثیتانی) . ئەوجا بۆچی ناڵێن زمانی کاستییانۆ ؟

چونکە ئەوە زمانی ڕەسمیی هـەموو هاووڵاتێکی هـەڵگری هەویەتی ئەو دەوڵەتەیە، ئێمە بەوە دەڵێین ئیسـپانی . ئـەدی ئەگەر دەوڵەتی ئیسپانیا نەبێت ؟ تەبیعی شتێک بە ناوی زمانی ئیسپانی وجوودی نابێت، کاستییانۆ و ئەو چوار زمانەی دی دەبن!

هیندستان ( بە ڕەسمی : بهارات) چ زمانی هەیە ؟

ئێستا من - بە خـەیاڵی خۆم- زمانی هینـدی دەخوێنم . هەر وەک کاتێک ئـەڵمانی دەخـوێنم وای دادەنێـم کە زمانـی ئـەڵمانیا دەخـوێنم، بە هـەمان شـێوە لێرەشـدا وای دادەنێـم زمانـی هیندسـتان دەخـوێنم، بـەڵام وایە ؟ خۆ من زۆر وا دەبێت بۆ مانای وشـەیەک دەگەڕێـم کە لە نووسـینێکی هیندیـدا هـەیـە، دەبینم قـامووس دەڵێت : ئـەوە هیندی نیە! چۆن هیندی نیە ؟ مـن زۆر وشـەی فارسی و عارەبی دەنـاسـمەوە : زەروور(ضرور)، شـادی ( زەماند)، بالکل ( بەتەواوی)، ڕاه ( ڕێگا) و زۆر- زۆر، بـەڵام ئەم وشەیە هیچ لەوە ناکات عارەبی یا فارسی بێت . ڕاستە، ئەوە " گوجاراتی"یە! ئەوەی تر " پونجابی"یە، ئەوەی تر نازانم چییە . مەگەربهارات بەگـوێرەی دەستووری وڵات چەند زمانی هەیە ؟ ٢٢ زمان :

بـەنگالی، مێتهیلی، نیپالی، سـانسکریت، تامیلی، ئوردو، ئاسامی، دۆگری، کانادا، گـوجاراتی، بـۆدۆ، مانیپوری(مێیتی)، ئۆریایی، ماراتی، سانتالی، تێلوگو، پـونجابی، سینـدهی، مالایالامی، کۆنکانی، کەشمیری، هیندی!

لە چـەند هـەزار زمان و شـێوازی هیندستانـدا، ئەو ٢٢ زمانە بە ڕەسمی زمانی وڵاتـەکەن، لە

هـەر مـەلبەندەدا ـ لە پـاڵ " هینـدی"یە رەسـمییەکە لە ٢١ مـەڵبەندەکەی تـریشـدا بـەکاردێـت . راستە زمانی هینـدی وەکو ئیسـپانییەکە خـورافاتی وەهمیی دەوڵـەت نیە، ئـەگەر دەوڵـەتەکەش نـەمێنێت، ئـەو هەر دەمێنێت، بـەڵام لە کوێدا دەمێنێت ؟ تەنیا لە مەڵبەندی دێلهی ( بە رەسمی : دیللی) و دەوروبەریدا دەمێنێتەوە و، لە دوای نەمانی دەوڵەت و نەمانی سـەپاندنی ئەو زمانە لە خوێندن و ئیدارەدا، لە ئەو هیندستانە پان و بەرینەدا- جگە لە دێلهی و دەوروبەری ـ نامێنێت . کەواتە : من زمانی " دەوڵـەتی هیندسـتان " دەخوێنم، نـەک زمانی هیندستانییەکان، چونکە خۆ دێلهی هـەموو هیندسـتان نیە . کە کەسێک لە دنیـادا بڵێت من دەمـەوێت هینـدی فێر ببم، کـەس پرسیاری لێ ناکات : تۆ دەتەوێت چ زمانێک لەو ٢٢ زمانەی دەوڵەتی هیندستان فێر ببیت، نا، بۆچی ؟ چونکە هەر زمانی دەوڵەت مافی ئەو ناوەی هەیە .

## -١٠٩- له یەک دەوڵەتی نەتەوەیەکدا پتر لە ساڵنامەیەکیش کێشە نیە!

ئـەمڕۆ ٢١ی ئـاب/ئووتی ٢٠٢٢ی زاینی، بە سـاڵنامەی هیندسـتان : ٢٩ی شـراڤن ( چـوارەم مانگی هەتاویی دەوڵەت، بەڵام پێنجەم مانگی مانگیی ئاینی) ی ٢٠٧٩ .
لە سەردەمانێکی کـۆندا، گەورە (ماها) پادشا (راجا )ی هیندییەکان، کە هـاتووەتە سەر تەخت، گوتوویە ئیتر یـەکەم ساڵی سـاڵنامە لە ئێستاوە دەست پێدەکات . ساڵنامەی پادشایەک لەوانە، کە نـاوی ماهاراجا " ڤیکرامادیتیا " بـووە، سـاڵی ٥٧ی پێشزاین دەستی پێکردووە و، ئێسـتا ئیتـر ئەوە بووە بە یەکێک لە دوو گرنگترین ساڵنامەی هیندستان و دەوروبەری . هـەروەک دەڵێین : سـاڵنامەی کۆچی یا زاینی، بەوە دەڵێین ڤیکرامی ( بە ناوی ئەو پـادشایە)، یا وەک هیندییـەکان دەڵێن : بە " ڤیکرام سامڤات " ( سەردەم/ساڵان/ ساڵنامەی ڤیکرام) .




ماهاراجا ڤیکرامایتیا

لە گـەڕان بەدووی زانیاریـدا لەبارەی هیندستـان، پـەیتا- پـەیتا بەسەر شـتی وەهـادا دەکەوم کە دیسان بڵێم : دەکرێت فەرهەنگی هەرنەتەوەیەک تاقانەیەکی بێ وێنە بێت، بەڵام لەچوارچێوەی " دەوڵەت"دا . بەنموونە : یەک زمانی رەسمی، یان دوو( لە بەلجیکا)، یان پێنج (لە ئیسپانیا)،

یان وا له هیندستان ٢٢ زمان، بەڵام هەمووی له چوارچێوەی هەستی ئینتیما بۆ یەک دەوڵەتی نەتەوایەتیدا و هەڵبژاردنی یەک زمان لەوانە بۆ دەوڵەت . یەک دەوڵەتی یەک نەتەوە بۆ پاراستنی زۆر فەرهەنگی جیاواز تێدا ( نەک تواندنەوەیان له یەک بۆتەدا) . جیاوازیی فەرهەنگی مەڵبەندەکان و، هێشتنەوەی ئەو جیاوازییانە هیچ کێشەیەک نیە بۆ نەتەوەیەک . بگره ئەگەر هەستی ئینتیما بۆ یەک دەوڵەتی خۆ، دەوڵەتی هەمووان، کۆی بکاتەوە، دەبێتە دەوڵەمەندیی ئەو نەتەوەیە .

من دەمویست له ساڵنامەی هیندییەکان ئاگادار بم، دەبینم ئەوەش - وەک نیزیکەی هەر شتێکی تری هیندستان- یەک شێوە نیە. ئەویش بە گوێرەی مەڵبەند کەوتووە . ئەوجا بۆ روونکردنەوەی هەر جیاوازییەکیش تاقەتێکی ئێجگار زۆری خوێندن بۆ تێگەیشتنی ئەو هەمووە خودایانەی مێژووی خەیاڵی ئەو نەتەوەیە پێویستە . شتێک کە له ساڵنامەکانیاندا وەکو یەکە، هەمان ئەوەیە کە ئیسرائیلییەکانیش وەریانگرتووە : تەقویم " مانگی"یە، بەڵام بۆ نەهێشتنی جیاوازیی ئەوە لەگەڵ " هەتاوی"دا، هەر بە چەند ساڵێک جارێک، بە ساڵێکی١٣مانگی، جیاوازییەکە پڕ دەکەنەوە .

عیبرانییەکان، پێش چوونە بابل، مانگەکانیان هەر بە یەکەم و دووەم و...ئەوەندەیەم ناو بردووە و ناوی تریان بۆ مانگەکان نەبوون . له " بابل" ناوە ئاکادییەکانی مانگەکانی" بابل"یان وەرگرتوون، یەکەم مانگ بووە بە " تشری"(واتە : دەستپێکردن، سەرەتا).

ئەوجا ئەوەی ئیسرائیلییەکان تێدا وەکو هیندییەکان دەکەن : له هەر ١٩ ساڵ، ١٢ساڵی٢٩-٣٠ رۆژ( وەکو ئەوەی عارەب) و، حەوت ساڵی ١٣ مانگی، کە تێدا مانگی " ئەدار"( عارەب کردوویانە بە " آذار"، شەشەم مانگی ساڵنامەی بابلی و ئیسرائیلی)، دەبێتە " معووبێرێت " (واتە : زگپڕ، دووگیان، هیندییەکان بەوەی خۆیان دەڵێن :" ئادهاک*= زێدە، پتر) و، دووپات دەکرێتەوە، ئەوجا دوای دووەم ئەدارەکە " نیسان" دێت، کە هەر بە مانگی حەوتەم دادەنرێت : حەوتەم بە گوێرەی ساڵنامە، هەرچەندە له تەوراتدا نازناوی" یەکەم"ی مانگەکانی هەیە .

چ مانگێک لای هیندییەکان دەکرێتە " ئادهاک"، وەکو " ئەدار"ی ئیسرائیلییەکان هەمیشە یەک نیە، ئەویش دەگۆڕێت . سەری ساڵیش لای هەموو هیندستانییان یەک نیە، وا دیارە زۆر

له هیندوو و سیخـەکانیش مانگی " بێیساکی*" به یـەکـەم مانگی سـاڵ دادەنێن ( لە١٣ یا ١٤ی ئاپریل- ئایار)، له کاتێکدا که له ساڵنامەی رەسمیی دەوڵەتدا، له هیندستان و بەنگال و شوێنانی دیش مانگی " چێیتر*"(مارت- ئاپریل) به یەکەم دادەنرێت .

---

* سەرەتا ناوی مانگەکانم به سانسکریتیش نووسیبوون بەڵام چونکه ئەو پیته سانسکریتانه پێشتر کێشەیان بۆ چاپ نابووەوە، یان دەرنەچووبوون یان جارێکیان تەنانەت چاپی هەموو کتێبەکەیان شێواندبوو، ئیدی ناچار لێرە و له هەموو کتێبەکەم سڕینەوە .

## چەند شتی کە لە هیندی زۆر سەرنجیان راکێشاوم

یـەک - هیندی لە نـووسینیدا نەزمی پیتی دەنگداری سانسکریتی پێشێلکردووە . وشە دەبێت یا - وەکو فەرەنسی و ئینگلیسی و فارسی - پێشەکی بیزانیت تاکو راستـی بخوێنیتەوە، یان دەبێت شێوەی خوێندنەوەی لە قاموس فێر ببیت ئەینا تۆ - بەنموونە- قەت نازانیت ئەوە هەر " ن"یە یا " نا "یە، ئەوە" ک "یە یا " کا "یە . بەوە دەگەمە ئەو نەتیجەیە کە - لەوەندە نووسینانەی من پێدەزانم- نـووسینی عارەبی " بە سـەر و ژێـر"ەوە بە باشترین داهێنانی نووسین لە مێژووی نووسینەکانی تا ئێستادا ببینم .

ـــ لە خـوێندنەوەی زمانی سانسکریتدا ئـەوەش بڵێم : بەوجۆرەی کە ئێمە ئێستا وەها بە نـەزمی دەخـوێنین، من ئاگام لە کارەکانی " پانینی"ی پێش زاین نیە، بـەڵام ئـەو لاتین و یونانییەی مـن ئێستا دەیخـوێنمەوە، بە گوێرەی قسەی " ئیـرازموس"ێکی هۆڵەندییە، کە بۆ هـاسـانکـردنەوە گوتوویە با وەها بخـوێندرێتەوە، یا لە ئیتـالیا وەکو ئیتـالییەکەی ئەمڕۆی دەخوێننەوە، ئـەینا کێ دەڵێت ئەوانە پێش دووهەزار ساڵ چۆن خوێندراونەتەوە ؟ کەس نازانێت .

دوو- زۆ وشـە بە پتـر لە شێوەیەک دەنـووسرێن، من کە هـەر لە سەرەتای خـوێندنی هیندیـدام، پەیتا- پەیتا تووشی وشەیەک دەبم کە کتێبی دەرسەکە دەڵێت : بە ئەم شێوەیەیتریش دەنووسر- ێت! یا خۆی بە شێوەیەکی دەنووسێت و کاتێک سەیری قاموس دەکەم دەبینم بە شێوەیەکی تر نووسراوە . کەواتە، نووسرانی وشەیەک بە دوو شێوە هیچ کێشەیەک نیە .

سێ – ئەوەی لە ئینگلیسیدا دەیبینین کە زۆرتر وشەی بە ئەسڵ لاتین یا فەرەنسیی لقی لاتین بۆ نـووسین و قسەی قەڵەمی و شتی رەسـمی بەکار دێت و، وشـەی تـری جـەرمەنی ( سـاکسۆن، ڤیکینگ ...) بۆ قسەکردن، کە دەکـرێت لیستی دوورودرێژیان ریز بکەین، لە هیندیشدا وشەی بە ئەسڵ سانسکریت زۆرتر بۆ زمانی رەسمی بەکاردێن و وشەی لە ئەسڵی فارسی(کە زۆرتر عارەبین) بۆ قسەکردن بەکاردێن، بـەڵام واشدەبێت لە قسەکردندا هـەرتک وەکو یـەک بەکار- دێن، کەواتە : سـتاندار بە هیچ جـۆرێک مانـای ئەوە نیە تـاقە یـەک وشـە بۆ هـەر شتە هەبێت،

نەخێر، با چەند وشە هەبن و هەموویان ستاندارن : هیندی دەکرێت بڵێت : شوکریا ( واتە : سوپاس)، بەڵام دەشکرێت هەمانکەس جارێکی تر بۆ هەمان شت بڵێت : دهەنیەڤاد ( کە لە سانسکریتە)؛ دەکرێت زۆر بە رەسمی بڵێت : ئەدەب عەرز! ( سڵاو)، دەشکرێت هەر بڵێت ناماستێ ( لە سانسکریت) . کەواتە هەبوونی زۆر شێوازی کوردی لەو رووەوە نیعمەتێکە، ستاندار مانای هەڵبژاردنی یەکێک و لەدەستدانی ئەوەکە یا ئەوەکانی تر نیە . با هەموویان هەبن .

چوار- حەتمەن وا باشە ئێمە زۆرترین وشەی سامانی زمانی کوردی بۆ خۆمان بەکاربهێنین، بەڵام- دیسان و دیسان- شتێک لە دنیادا بە ناوی زمانی" پەتی" بە هیچ جۆرێک وجوودی نیە، من تەنیا لە یەک لاپەڕەو نیوی دەرسێکی هیندیدا ئەم وشانە دەبینم :
سفید(سپی)، سەبزی، هەرگیز، هەردەم، دل(دڵ، سانسکریتیشی هەیە : هردێ)، دیوانە(شێت)، خوشبوو، دەفتەر (بیرۆ، مەکتەب)، شانوار( بە شان و شکۆ)، تەندروست، کوفتە ( کفتە)، کورتە (کراسێکی بێ یەخە)، پەنیر، میدان، زندە، زندەگی، ئەگەر، مەگەر، زەروور، لێکن، تەرەف، تەکلیف، تەشریف، قانون، ئینسانییەت، شەهید، تەرەف(طرف)، ساهی (صحیح)، غلط، صاف، ئینساف، کمزور( بێهێز)، رەحم، رەغم، زیادە، ئەسڵ، خەت( نامە)، فرسەت، خود، بخار( تا، گەرمبوونی لەش)، مەتلەب، خیال .

ناسینی وشەش، وەکو ناسینیخەڵک، دەکرێت بەهۆی شتیجیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز بێت . ئێتیمۆلۆجی، کە پـەروەندە بۆ ژیننامەی وشـە دەکاتەوە، وەک بڵێیت کاری لێکۆڵینەوەی پـۆلیس دەکات : دەی لەکـویێ لەدایکـبوویت ؟ دەزانیت چـۆن بوو وایان نـاو نـایت ؟ چـۆن گـەورە-بـوویت ؟ کەسوکار و خزمەکانت کێن ؟ لەکوێـوە هاتوون و پـەڕیونەتە کوێ ؟ سـەر و شکڵی خـۆیان چـەندە گـۆڕیوە ؟ چـۆن بیانناسینەوە و بـزانین ئـەوانە قەوم و قیلەی یـەکترن و، تۆ لەو بەینەدا چیت ؟... ریزێک لە پرسیارانی یەک لە یەک زەحمەتتر و سەیرتر بکرێن و بە دەگمە-نـیش وا بێت بە دڵنیایی و راسـتگۆیانە وەڵامەکان وەدەست بێـن، چونـکە مـەیدانی کارەکە لـە قوتبی باکوورەوە تا قوتبی باشوورە . وا دەبێت لە دێیەکی ئەمریکا ناوێکی عارەبییان بۆ وێنجە هەیە و، بطاطا و طماطا!ی ئەمریکا لەسەر سفرەی شێخیعارەبی بیابان دەبینین . خۆش ئەوە-یە نـاسینەوەی ئەوانەی پەڕیونەتە غـەریبایەتی لەوانەی کە هاوسێ ماونەتەوە زۆر هاسانتـرە . ئەو هەمووە وشەیەی لە دنیای کـورد و فـارس و هینـدی و ئیدیکەوە چـوونەتە نێو عـارەبی و، ئـەو هـەمووە عارەبییەی چوونەتە نێو فارسی و فارسیش بـردوونییەتە هیندستان؛ ئەو هەمووە وشـانەی کە وا بـووە بـە ئـەسڵ هی یـەکێک لەوانە بـووە و پـەڕیوەتە ناو زمانێکی دی و ئـەو زمانەی دی دیسان رۆڵـەکەی خۆی بە ناوێکی تـرەوە وەرگرتووەتەوە و نـەیزانیوە کە ئـەوە بە ئەسڵ هی خۆی بووە! تێکەڵوپێکەڵییەکە ئەوسەری دیار نیە .

" نـاشـتا " بە هیندی بە خـواردنی بـەیانییان دەڵێن، لە فـارسییان وەرگـرتـووە، فـارسی لە کێی وەرگرتووە ؟ لە سـانسکریت! . عارەب " تعریفە "ی لە " تـاریف"ی ئـەورووپایی وەرگرتووە، ئەورووپایی لەکێی وەرگرتووە ؟ لە ناوی" أبو زرعة طریف بن مالک الأمازیغي"! دە فەرموو دەی !

**" غناء"یعارەبی و" گانا "ی هیندی و" گۆرانی"ی کوردی**

ئێستا کە دەبینم " گانا " بە هیندی و ئـوردو بە " گـۆرانی" و گـۆرانیگوتن دەڵێن، بەخـۆم نیە بیرم بۆ ئەوە دەچێت کە " غناء"ی عارەبی لەوەوە هاتبێت .

که سەیری سەرچاوەیەکیئێتیمۆلۆجی دەکەم، دەبینم دەڵێت: ئەو وشەیە لە سانسکریتە و ئەویش ریشـەی پرۆتۆ هیندۆ- ئـەوروپایی هـەیـە : گێهـ ! . لە هیندیدا دوا پیتی " ن "ی سـەرچـاوەی کـرداری کوردی و ئـەڵمانی و هـۆڵەندی : کردن، رۆیشتن، بردن ... ئیدی، دەبێت بە " نـا " : کەواتە " گانا "کە هـەر وەک " گهن"ـە و من پێم هیچ سـەیر نـابێت "غناء" لەوەبێت . ئـەگـەر وا بێت، دەبێت کەی کەوتبێتە زمانی عارەبییەوە ؟

## " پێرێ "ی کوردی و" پەهێر"ی هیندی

ئێستا ئێمە ئیتـر شـەو و رۆژێـک بە ٢٤ سـەعـات دابـەشدەکەین و سـەعاتێک بە ٦٠ دەقیقە و دەقیقەش بە ٦٠ سـانیە . هیندیـیەکان لە دێـر زەمـانـەوە، شـەو و رۆژێکـیان بە شێوەی خـۆیان دابـەشکردووە، تا ئێستا ئـەوانیش ئیتر نـاچـار کـەوتـوونەتە سەر سـەعات و دەقیقە و سـانیەی خەڵکی دی .

هیندی، دەبێت لە سێهـەزار ساڵ یا پترەوە( لە "ریگـڤێدا"وە) بیریان بە دابـەشکـردنی کاتی شەو و رۆژەوە خەریک بووبێت . رۆژێکیان بە ٣٠ " موهورتا "(ی یەکسان) دابەشکردووە، کەواتە یەک موهورتا = ٤٨ دەقیقەی ئێستای ئێمە . هەر موهورتایەش بە ٣٠ " کالا "، کەواتە یەک کالا = ٩٦ سانیەی ئێستای ئێمە . ئـەوجا : شەو و رۆژێک بە ٨ " پەهێر paher" بەش-کراوە، کەواتە یەک پەهێر=٣ سەعات . بە هیندی بە نیوەڕۆ دەڵێن : دۆپەهێر، واتە"دوو( دوو جار) سێ سەعات، بە پاشنیوەڕۆش هەر وا دەڵێن( وێدەچێت دوایی وای لێهاتبێت، ئەسڵەکە




نووسراوە : شوبهـ دۆپەهێر! = نیوەڕۆ/ پاشنیوەڕۆ باش

هـەر بۆ نیوەڕۆ بووبێت) . کەواتە رۆژ لە سـەعات شـەشـی بـەیانییەوە دەستیپێکردووە و بە دوو جار سێ سەعات گەیشتووەتە نیوەڕۆ .

دەکرێت " پێریێ"ی کوردی و" پەهێر"ی هیندی خزم بن ؟ " پار"ی " پارشێو" یش ؟

**رات و تار**

ئەمڕۆ یەکەم دێڕ شیعری هیندیم لە دەرسدا خوێند :

یێ راتین، یێ مۆسم، یێ هانسێ، یێ هاسنا، یێ هاسانا

موجهێ بهول جانا، ئینهێ نا بهولاناهۆ

ye raaten, ye mausam, ye hansee, ye hasana,
mujhe bhool jaana, inhe na bhoolanaho

بە ئوردو دەنووسرێت : یہ راتیں، یہ موسم، یہ ہنسی، یہ ہنسی،

مجھے بھول جاؤ، انہیں مت بھولو

واتە : ئەم شەوانە، ئەم هەوایە، ئەم پێکەنینە، ئەم وەپێکەنینخستنە

تۆ دەتوانیت من لە بیر خۆت ببەیتەوە، بەڵام ناتوانیت لە بیر ئەوانەی ببەیتەوە

" رات raat" بە هیندی واتە : شـەو . من حەزم دەکرد سوێند بخۆم کە " تـار"ی تـاریکە و رووی وەرگێڕاوە، وەک " لاما "ی کە بووە بە " مەلا "! بەڵام ئیتر هیچ بەڵگەیەکم نیە . سـەیر ئەوەیە " تـاریک، تـاریکی" وەکو کوردی لە " ئوردو"شدا هەیە، کەچی لە هیندییەکەدا جگە لە " ئاندیرا " وشەیەکم بەو مانایە نـەدیتەوە ( ئەوە کاری بە ناوی : " ئیندیرا "( جوانی) نەداوە) . لە سـانسکریتدا، هـەرتـک : " ئـاندێرا" و " تاماهـ " هەن، کە رەنگە " تاماهـ "ـەکە خزمی تار و تاریکەکەی ئێمە بێت .

کاتێ ویستم تـەواوی شـیعرەکە و ناوی شـاعیرەکەی لە ئینتەرنێتدا ببینمەوە، بەسەر یەک دنیا گـۆرانیی فیلمی هیندیدا کەوتم کە ئـەو دێـڕەیان تێدا زۆر جیـاوازە و، " نـادی کا کینارا " = کەناری رووبار" و، " دۆ دلۆن " = دوو دڵ"یشیان تێدایە .

## دیڤالی، جێژنی ڕووناکی

٢٤ی ئۆکتۆبری٢٠٢٢، یەکەم ڕۆژی" جێژنی ڕووناکی"ی ساڵانەی هیندووی هیندستان و دەرەوەی هیندستانە : نیپال(سەرووی٩٠% هیندوو)، ترینیداد( ١٨% هیندوو)، فیجی ( ٢٨% هیندوو) ... لە سورینام ( کۆنە موستەعمەرەیەکی هۆڵەندا کە بە ریفراندۆم سەربەخۆ بووە) هیندووەکان ڕەنگە ٢٣%ی میللەتەکە بن، ئەم جێژنە تێدا پشووی جێژنێکی نەتەواتییە .

جێژنی " دیڤالی " پێنج ڕۆژە . هەرچەندە بە هیندی زۆرتر هەر پێیدەڵێن" دیڤالی Divali "، بەڵام بە ئوردو و لە ئەوروپا و ئەمریکا بە دیوالی Diwali باسدەکرێت . لە سینگاپوور (٩% هیندوو) پێیدەڵێن تیهار .

دیڤالی، کورتکراوەی" دیپاڤالی"ی سانسکریتە، کە لە " ڤێدا"دا هەیە، واتە : " ریزە دیپاک ". دیپاک ( یا : دیا )، ئەو شەم و شەمدانە گڵێنەیەیە کە لە هیندستان لە جیاتی فتیلەی لای ئێمە بەکاردێت . گڵێنەیەک، لۆکەی تێدا نقومی جۆرێک پیوی زەرد ( پێیدەڵێن " گهی") کراوە . لە " دیڤالی"دا، شەمی زۆر هەڵدەکرێت و، لە ماڵ و لە دەرەوەشدا دنیا دەکرێت بە چراخان و، شیرینییەکی زۆری تێدا دەخورێت. وا دەبێت هیندی دیپاکەکەیان دەخەنە ڕووباری"گەنگە"وە . ئیمانداران هەر پێنج ڕۆژەکە خۆیان لە خواردنی گۆشت و هێلکە و ئەو شتانە دەپارێزن، هەر هێندێک خۆراکی نەباتی دەخۆن .



دیپاک

ئـەفسانە دەڵێت " کایکێیی" شـاژن، ژنـی" داشاراتها " شـای " ئایۆدهیا "، زڕدایکـی" راما "، رامای لە ئایۆدهیا دەرکرد، گوتی دەبێت چاردە ساڵ دوور بێت(بچێتە ناشیک)،تاکو کوڕەکەی خـۆی" بهاراتا "( نـاوی هیندسـتان) تـەختی پـادشایی بە میـرات بگـرێت ( بە گـوێرەی داب و نەریت، دووریی چاردە ساڵ لە وڵات مافی بوونی بە پادشا لێ دەستاند) .

راما و براکەی ( لاکشما) و " سیتا " خانمی ژنی راما رۆیشتن و، لە جەنگەڵێک گیرسانەوە .

بهاراتا لەو کاتـەدا لە ماڵ نـەبـوو، کاتـێک هـاتـەوە و دیتی چی رووی‌داوە، تـووڕە بـوو و، بـە دووی رامادا چوو کە بێتەوە، بەڵام راما نەهاتەوە . بهاراتا، بە کردار بوو بە پادشای ئایۆدهیا، بەڵام پادشاییەکەی هەر بە نوێنەریی راما دەکرد و، رامای بە پادشا دادەنا .

ئەوجا لە جەنگەڵ،" شوورپاناکها "ی خوشکی" راڤانا "شای بەدکاری چەند سەری " لانکا "، رامای دیـت و عاشقـی بـوو و ویسـتی بیهێنێت، راما نـەیکرد و گـوتی مێـرد بـە بـراکەم بکـە، ئەویش نەیویست و گەیشتە شەڕ، کە لووت و گوێی خانمی‌عاشقی تێدا بڕدرا . شوورپاناکها بۆ تـۆڵە پەنای بردە بەر راڤانای برای . راڤانا لە رێگەی جادووگەرانەوە سیتای رفاند و، شەڕو- شۆڕێکی زۆر بەدوودا هـات . لەدواییدا راما بە هـاوکاریی لەشـکرێکی مـەیمـوونان بە سـەر راڤانادا سەرکەوت، راڤانای بەدکاری کوشت و سیتای ژنی هێنایەوە .

لەو کاتەدا چـاردەساڵەکەش بەسـەرچوو و، گەڕانەوە ئایۆدهیا . میللەت ئـەوەندە بە گەڕانەوەی قارەمانەکەی شاد بوو، کە ئێستا ئیتر بە رەسمی و بە کردار بوو بە پادشا، هەموویان"دیپاڤالی" (ریزە دیپاک)یان هەڵکردن و کردیان بە چراخان .

ــ لە " رامـایـانـام "، کە دەدرێتـە پـاڵ " ڤالمیکی Vaalmiki"، کـەسێکی هیندسـتانی وەک " هـۆمیروس"ی یـونانییەکان؛ کە لەگەڵ " مـاهـابهاراتـا "ی " ڤیـاسـا " بە دوو گـەورەتـریـن حەماسە/ مەلحەمەی هیندو دادەنرێن .

لێرەدا بـەرگی/ فـەسڵی شـەشـەمی چیرۆکەکە وا بە شـادی کۆتایی دێت، بەڵام بەرگی/ فەسڵی حەوتەمیشی هەیە، کە ڤالمیکی خۆی خستووەتە چیرۆکەکەوە، کە چۆن کێشە دەکەوێتە نێوان راما و سیتا، سیتا دوور دەخرێتەوە، دوو کوڕی دووانەی دەبـن( لاڤا و کوش) . ڤالمیکی دوو

كـوڕەكە گـەورە و پـەروەردە دەكـات و" رامـايـانـام "يان پێ لەبـەر دەكات، تا دەچنـەوە ماڵی بـاوكيان . دايـك بە دوعـای خـۆی دە زەوی ڕۆدەچێت و رامـا و بـراكانی دەچنـە ڕووبـاری " سارايو"ی دەوری ئايۆدهياوە و لەوێوە بۆ بەهەشت . كوڕەكانيان دەبن بە پادشا .



## هۆلی، جێژنی ڕەنگەکان

لە سەرەتای بەهاردا هیندییەکان جێژنی" هۆلی"یان بە رەنگەکان هەیە . بەو رەنگانەی کە بە شێوەی تۆز لە گوڵ و گژ و گیای دروستدەکەن دەڵێن" گولال "،گل + آل (ئاڵ) - لە فارسی، بە هیندی بە گوڵ دەڵێن" فوول" و دەینووسن" پهوول"(لە سانسکریت، کە پیتی" ف"ی نیە) و بە سوور دەڵێن" لال ". بە گوڵاڵە دەڵێن " گولاب"( ناوی میوەیەکیشە)، گل+آب - لە فارسی . خەڵکی گەورە تێدا گولال بە یەکتردا دەکەن و زۆرتر منداڵان گولال دەکەنە ئاوەوە و بە تفەنگێکی ئاوی یا سرنجێکی گەورە کە پێیدەڵێن" پیچکاری" بە یەکتریدا دەکەن، یەکتر " رەنگ بێرەنگا = رەنگاوڕەنگ" دەکەن .

ئەو جێژنە لە ئاینی هیندوودا دیارە زۆر گرنگە، دەڵێن لە " کریشنا "(گەورە خودا)وە دەستی پێکردووە : کریشنا بە دایکی گوتووە کە بۆچی پێستی" رادها"ی ژنم ئەوەندە جوانە و پێستی من وا نیە، ئیدی دایکی ئەو" گولال"ـەی بۆ دروستکردووە تا خۆی پێ جوان بکات .

ئەوە شوێنێکی زۆری لە ژیانی هیندووەکاندا پەیدا کردووە، بەنموونە وا دەبێت ژنێک مێردی دەمرێت، گولال دەهێنێت و لە پەنا تەرمی مێردەکەی دادەنێت، مێردەکەی پێ رەنگ دەکات و داوا لە خەڵکەکەی دەوروبەری دەکات ئەوانیش وەکو ئەو بکەن و مێردەکەی رەنگ بکەن .

ئەو" گولال"ـە کەسابەتێکی باشی بۆ کەسانێکی هیندستان تێدا بووە، تا چینییەکان لەم ساڵانەی دواییدا (بەتایبەتی لە ۲۰۱۲ وە) زۆر دەستیان بە سەر بازاڕی " گولال"دا گرتووە و، لە هەر شتێکی کە هەر خۆیان دەزانن چی! دروستی دەکەن و بە هیندستان و - بەوە کە جێژنەکە ئەمڕۆژانە بە ناوی جیاواز بە دنیادا بڵاو دەبێتەوە - بە زۆر وڵاتی تریشی دەفرۆشن .



هۆلی، جێژنی رەنگەکان – هەولێر، ٥ی ٤ی ٢٠١٩

# Kurdbûn

u

Çend basêkî dî

Nûsînî : Şêrko Hejar

2023

